# دۆزینەوەی شەهوەت

PDF4Kurd

فەزیلە ئەلفارووق

# دۆزینەوەی شەهوەت

وەرگێڕانی
ئاری بابان

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٣

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

● **دۆزینەوەی شەهوەت**

● نووسینی: فەزیلە ئەلفارووق

● وەرگێڕانی: ئاری بابان

● نەخشەسازیی ناوەوە: **ڕێدار جەعفەر**

● بەرگ: تابلۆی وەرگێڕ + ڕێمان

● نرخ: (٣٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠١٣

● تیراژ: ٧٥٠ دانە

● چاپ: چاپخانەی موکریان (هەولێر)

● **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥٢٧) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٧٧٧)**

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

دیدارەکان و بڕیارێکی خێزانی بەسەرچوو کۆی کردبووینەوە، هیچ شتێکی دیکە کۆمانی نەکردەوە. لەنێوان من و ئەودا زەمەنێکی کەڵەکە بوو هەیە و چەند نەوەیەکیش کە خەریك بوون لەناو دەچوون.

ئەو پیاوە نەبوو کە من دەمویست... بێگومان منیش ئەو ژنە نەبووم کە ئەو دەیویست، بەڵام شووم پێی کرد.

شووم پێی کرد و سەفەرمان کرد، لەو رۆژەوە ژیانم سەربەرەو خوار گۆڕا. کە گەیشتینە پاریس، هیچ کەسێك چاوەڕێمان نەبوو، شارەکە پێکی لەدایکبوونی مەسیحی دەنۆشی. کۆڵانەکان مەست بوون و رووناکیی گڵۆپەکانیشی سەرمەستی خۆشی بوون، بەڵام ژووری نووستنەکەی کە دەبوو ژووری بووك و زاوا بێت، وەها نەبوو.

رەنگەکانی دڵتەنگ و تاریك بوون و وێنەی ژنە کۆنەکەی بە تەنیشت سیسەمەکەوە، بە دووچاوە شینەکەی و زەردەخەنە سارد و سڕەکەیەوە دانرابوو. بیری چووبوو پێش ئەوەی بێمە ژوورەوە بیشارێتەوە، زۆر دژوار بوو هەست بە ئاسوودەیی بکەم، دوای ئەوەی هەستم کرد ژنێکی دیکە هاوبەشی ژوورەکەمە و هەموو ژوورەکەی داگیرکردووە.

هەندێك جلوبەرگی ژێرەوە و پێڵاوێکی پاژنە باریك لە کانتۆڕەکەدا بوون و شووشەیەك بۆنی ژنانەش لەسەر کۆمەدیەکە بوو. لە حەمامەکەش دوو فڵچەی دان شۆرین هەبوو، زانیم یەکیان هی ئەوە.

حەمامێکی بە پەلەم کرد، کە دەرچووم وێنەکە نەمابوو، هەروەها ژێر کەراسەکە و پێڵاوەکانیش، بەڵام بۆنەکە هەر لەسەر جێگای خۆی بوو.

پێویستیمان بە زیاتر لە یەك کاتژمێر بوو، تاوەکو چەند وشەیەك بدرکێنین. پاشان کە بینیمی باوێشك دەدەم پێشنیازی کرد بخەوین.

ئەو شەوە هەولّم دا بووکێکی گوێڕایەڵ بم، بەڵام شتێك لە ناخما نێرینییەکەی ئەوی ڕەت دەکردەوە. خۆم کرد بە حەمامەکەدا و دەرگاکەم داخست. وایدەزانی من سۆزانییەکم و لەبەردەم یەکەمین کڕیاردا خۆم رووت دەکەمەوە.

دوو کەسی نامۆی وەکوو ئێمە چۆن دەتوانن پێکەوە بخەون؟

ئەو ڕۆژانەمان سەرانسەر تووڕەیی و ناخۆشی بوون چەندین جار ئەم پرسیارەم لە خۆم کردووە. لە ڕۆژی حەوتەمدا تەواو شێت بوو، لە چێشتخانەکەدا ڕێی پێگرتم و جلوبەرگەکانی دڕاندم و لەسەر ئەرزەکە پاڵی خستم و ناو لەشمی بڕی.

نەیدەویست رووبەڕووم بێتەوە. نەیدەویست شتێك لە زمانی جەستەم تێبگات. لە چەند چرکەیەکدا تەواوی کرد و خوێنی پاکیزەیی لەگەڵ چەند کاغەزێکی کلینێکسدا فڕێ دایە تەنەکەی خۆڵەکەوە.

دوای ئەو هێرشەی، لە پەل و پۆ کەوتم. ئەوەی ناو لەشمی بڕی تیرۆرکردنی کەسێتیم و کوشتنی سەربەرزیم بوو. ئەوکاتەی جگەرەی سەرکەوتنی دادەگیرساند، تاوەکوو خۆشیەکەی تەواو بکات، من بە تێکشکاوی بەرەو حەمامەکە دەڕۆیشتم.

برینەکەم شۆری و گریام.

ئەو شەوە خەونم نەبینی. شەمەندەفەری خەونەکان لە وێستگەیەکی چۆڵ و هۆڵدا، کە قەڵەڕەشی نائومێدی بەسەریدا دەیقیڕاند، بەجێی هێشتم.

ئەو شەوە، لاوە ئەسمەرەکەی هەموو شەو خەونم پێوە دەبینی، نەهات بۆ لام و دارستانە بچکۆڵەکەی نەخشاند لە لەشم و وەکوو شەوێکی رۆمانسی پڕ لە جوانی بە تاریکییە ئەسمەرییەکەی داینەپۆشیم.

ئەو شەوە یەکەمین شەو بوو کە بەبێ پیاو بیبەمە سەر، ئەو شەوەی نێوان ڕانەکانم خوێنی لێ دەتکا، هەستم بە سووکایەتییەکی گەورە کرد و شەوێك بوو هیچ مانایەکی نەبوو، هەر ئەو شەوە بووم بە بوونەوەرێك هیچ مانایەکی نەبێت.

سووکایەتیم لێرەوە دەستی پێکرد، لەم شەوەی کە هیچ مانایەکی نییە. لەم سەر چلییەی لە ژیانمدا بێجگە لە سەرشۆڕی و خۆدۆڕاندن، هیچی دیکەی لێ نەکەوتەوە.

هەندێك شت رووی دەدا تێیاننەدەگەیشتم، ئەوانە وایانلێدەکردم هەست بە فەنابوونی خۆم بکەم و کۆتایی شتەکان بێت و لەو ساتانەدا بوەستم کە بڕیاری شووکردنم داوە.

سی و پێنج سالّ، چاوەڕوانی پیاوێك بووم، کە شایەنی ئەم هەموو چاوەڕوانیەم بێت و شایەنی بەهرە و هەست و سۆزم بێت، بەلاّم چی، هەروەکوو پەندەکە دەلّێت: ((بە رۆژوو بووم، بە رۆژوو بووم، بە پیازێك رۆژووەکەم شکاند)).

ئایا زۆر جار ژیان تاڕادەی گریان، گالّتەجاری نییە؟

ئایا ئەوەی بە ئەقلّ پلانی بۆ دادەڕێژین، جۆرێك نییە لە شێتی؟

زۆر بە کورتی ((مود.....)) بۆ من نەبوو.

ئەو پیاوێك بوو ولاّمی پرسیارەکانی نەدایەوە و زۆر جاریش ولاّمی پرسیارەکانمی بە بێدەنگی دەهێشتەوە و خۆی بەکارێکەوە خەریك دەکرد کە لەناکاو بە مێشکیدا دەهات. بەدرێژایی رۆژگار بۆم دەرکەوت کە پیاوێکە و زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو کاتەی نەیدەزانی ولاّمی پرسیارەکانم بداتەوە، خۆی بە نانخواردنەوە خەریك دەکرد، یان دەچووە حەمامەوە، یان دەخەوت. زۆر گران بوو لێی تێبگەم، چونکە زمانی گفتوگۆ لەلای ئەو چەندین جۆری ئالّۆزی هەبوو.

کە مانگێکم لەگەلّی بردە سەر، هەستم کرد یەك سەدەیە لەگەلّی دەژیم. ئەو رۆژگارانەی لەگەلّ ئەودا بەسەرم دەبرد، زۆر ناخۆش و گران بوون و بە تەواوی بەتالّ بوون.

تەنیا لە دەوروبەری مندا زەمەن دەڕۆیشت و گەورە دەبوو، منیش تا دەهات بچووك و بچووکتر دەبوومەوە، تاوەکوو گەیشتمە خالّی سفر.

تەنیا دوای یەك مانگ، بووم بە خالّێکی بیّ مانای هیچ، لە شەقامێکی پاریسی ون بووی ئەم گەردوونە، هیچی لیّ تێناگەم.

کوانیّ مالون؟

کوانیّ دەنگی فرۆشیارە هەژارەکان، ئەوانەی هەموو شتێك بە ((پێنج هەزار)) دەفرۆشن، کاتژمێر، سوتانی ژنان، خاولی و هەموو ئەوانەی لای ئەوان یەك نرخیان هەبوو!

کوا قوسەنتینە!

ئەی دەنگی مزگەوتەکان؟ ئەی بۆنی پاقلاوە و زولابیە و بۆرەك؟ پێم سەیرە لە پاریسدا بۆن نییە و لەو گەڕەکەی نیشتەجێم هیچ دەنگێکیش نابیسترێت. تاوەکوو شەقامەکەش بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هاتووچۆکەرانی پیا ڕەت نابێت. جار جار تارمایییەکی پیاوێك دەبینیت و لە چاو ون دەبێت.

((قوسەنتینە)) ئەوکاتانە قەرەباڵغتر بوو کە خۆمم تیای زیندەبەچاڵ کردبوو. ((مود.....)) هیچ بایەخێکی بە هونەر و شتی وا نادا، بۆیە لەو جۆرە ژیانە بەتاڵەی لە هەموو جۆرەکانی رۆشنبیری، بەندی کردبووم. لەگەڵ ئەوەدا، ژیان زۆر ئاڵۆزە و نازانم چۆن دەست پێدەکات و چۆن تێدەپەڕێت و چۆن کۆتایی دێت، بەڵکوو کۆمەڵێك ئاژاوەیە و رووناکی  ژیانی خۆمم پێی لێڵ و تاریك کردووە. تەنیا یەکجار لەگەڵم هات بۆ سینەما بۆ بینینی فیلمی ((نەخۆشە ئینگلیزەکە))، بەڵام لە گریانەکەم بێزار بوو.

لە راستیدا شکستی شووکردن لێرەوە دەست پێدەکات، ئەوکاتەی شتەکان بە دوو دیدگای نەك جیاواز، بەڵکوو لە دوو دیدگای دژ بەیەك و ناکۆك ببینین.

تاوەکوو ئەو کاتانەی مومارەسی جنسی لەگەڵدا دەکردم، بە پێچەوانەی ئارەزووەکانی منەوە ئەنجامی دەدا. هەموو شەوێك درەنگ دەگەڕایەوە و بۆ پێویستی تایبەتی خۆی خەبەری دەکردمەوە و هەروەکوو هەموو جارێك بە پەلە و بەبێ ئەوەی هیچ بوارێ بەمن بدات لە بوونی خۆم دەربڕم، کاری خۆی دەکرد و لە پاشان منی بە شەونخونی دەسپارد و ئەویش هەروەکوو ئەوەی کارێکی سەربازی بەپەلە ئەنجام بدات، کارەکەی خۆی تەواو دەکرد.

ئەوەی بەسەر جەستەمدا دەهات هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی لە سروشتدا ڕوو دەدەن، بۆیە جەستەم پێویستی بە تیمێکی فریاگوزاری دەکرد بۆ پێچانەوە و سارێژکردنی پاشماوەی رووداوەکە.

ڕەگی شەونخونی لەلای من دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی دیکە، بەڵام لە ماڵە پاریسییەکەمدا پەرەی سەند و لق و پۆی لێکەوتەوە و وای لێکردم فێری هەموو جۆرە حەبێکی خەو و ئارامبەخش ببم.

کێشەم لەگەڵ خەودا هەڵسوکەوتێکی نوێی لەلا دروست کردم. ڕاڕا و دوودڵ و بە تەواوەتی جیاواز لە سروشتی خۆم. هێواش هێواش گۆڕام بۆ ئافرەتێکی تووڕە و بێ هەست و بێزار لە مێینەی زەوتکراوم. بێزار لە دیمەنی خۆم لە ئاوێنەدا، لە هەنگوستیلە و بازنەکان و گوارە و سووراو و سووتیانەکەم. بێزار لە مەمکەکانم و لەو درزەی لەنێوان ڕانم دایە.

ئەمە وایکرد بەیانیان زۆر بەگران لەناو جێگاکەم هەستم و بەرەو تەنیایی هەڵبێم و زیاترم دەخوارد و زیاتریش دەمردم. بەڵکوو زۆربەی کاتەکان هەستم بە مردن دەکرد.

کەلێنێکی گەورە لە نێوانماندا دروست بوو، ئەو کەلێنە بوو بە چاڵێکی گەورەی قووڵ. بە بارستایی شەو قووڵ. بێگومان ((مود....)) گوێی بەو کەلێنەی نێوانمان نەدا، زۆرجار بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە و پەڵەی سووراو بە کراسەکەیەوەبوو، تۆماویش دەرپێکەی تەڕکردبوو.

زۆرجار بەلایەوە گرنگ نەبووە کە من ئارەزووەکانی تێرناکەم. زۆر بەئاسانی بەرانبەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ڕووت دادەنیشت و دەستپەڕی خۆی دەکرد، بەبێ ئەوەی گوێ بەمن بدات.

ئەی قەحپەی بێئابڕو، پێویستم بە تۆ نییە. ئەمەی ئاڕاستە دەکردم و بەرەو ژووری دانیشتنەکە دەڕۆیشت. لەوێ دەخەوت و هەر لەوێ دەستپەڕی دەکرد و هەرلەوێش بوو بەو پیاوەی قینم لێیەتی.

کەواتە بۆچی شووم پێی کرد.

ئەم پرسیارەم لەخۆم دەکرد، بەڵام هیچ وڵامێکی باشم دەست نەکەوت پێی ڕازی بم، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە سی و پێنجساڵیدا و لە کۆمەڵگایەکی داخراودا وەهمی زۆر سەیر دەربارەی تەمەنی شووکردن دروست دەکەین.

سەرەڕای ئەو بیروبۆچوونانەی براوم پێیان هەبوو سەبارەت بە تەمەنی شووکردن، بەڵام لە بیست و هەشت ساڵیدا بووم بە کاڵایەکی کۆن و شەپۆڵی مۆدەی نوێ بەجێی هێشتم و لەسەر رەفە لەبیرکراوەکاندا دانرام.

بەداخەوە من سەر بە کۆمەڵگایەك بووم تەمەنی ئافرەتی لە سی ساڵیدا تەواو دەکرد.

هەموومان لە قەفەسێکدا دەژیاین، لە دەرەوەی جەستەمان و بە تەواوەتی لە دەرەوەی ئارەزووەکانمان بووین. لە بۆشایی کۆمەڵێك یاسای ئاڵۆز و داب و نەریتێکی کە هیچ مانایەکی نەبوو دەفڕین و وامان دەزانی ئازادین.

لەلایەکەوە لە باوکم دەترسام و لەلایەکی دیکەوە لە ((ئەلیاسی))ی برام، بۆیە زیاتر لە چەند پەیوەندییەکم پچڕاند و نەمهێشت پەرە بستێنێت، پێش ئەوەی یەکێکیان ئاگادار ببنەوە.

رەنگە یەکێکم خۆشویستبێت، لەوانەشە نا! رەنگە ئەوەی هەستم پێدەکرد بەرانبەر ئەو پیاوانەی ناسیومن خۆشەویستی بووبێت، بەردەوام حەزم دەکرد ئەو پیاوانە بخەمە داوی خۆمەوە و ئەو یارییەش بە قسەکردن دەست پێدەکرد و بەراکردن کۆتاییم پێی دەهێنا.

رەنگە حەزم لێیان بووبێت و لەکاتی دەستپەڕدا وێنەکانیانم لە خەیاڵی خۆمدا دروست کردبێت. رەنگە ئەمەم بۆ تۆڵەسەندنەوە لە باوکم و ((ئەلیاسی))ی برام کردبێت. ئەو دوانەی تاوەکوو ئێستا کە لە ناخمدا دایانکوتاوە و هەرگیز دوور نەکەوتوونەتەوە لەو ترسەی لەناو دڵمدا دروستیان کردووە. تاوەکوو ئەو کاتانەی وێڵی شەقامەکانی پاریس بووم هەستێکی سەیر دایدەگرتم و وامدەزانی یەکێکیان دوام کەوتووە و چاودێریم دەکات. هەندێکجار ئاوڕم دەدایەوە و لە نێوان دەموچاوەکاندا بە دوایاندا دەگەڕام و هەستم دەکرد من مشکێکم و لەناو قەفەسدا رادەکەم. بەهۆی ترسەوە هەموو جێگاکانم بەجێ دەهێشت و لە شوێنێك گیر نەدەبووم. بیرەوەرییەکانم لە هەموو ئەو پیاوانەی ناسیومن دادەماڵی و هەرشتێکیش بە نێرینە پۆلین بکرێن لە مێشکی خۆمدا نەمدەهێشت.

بەلای منەوە ((ئەلیسا)) ئەژدیهایەکی دەسەرەی ئەفسانەییە و ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ناو سکی دایکیشم هەر دەستی پێم دەگات.

لە تەمەنی چواردە ساڵان بووم، ئەوکاتەی جارێك بینیمی لەگەڵ دەستە کوڕەکاندا... وەکو گایەکی شێت گەڕایەوە بۆماڵەوە و ئاگری لە جێگای خەوەکەم بەردا و خەریك بوو هەموو ماڵەکە بەهۆی کردەوەکەیەوە بسووتێت، ئەگەر دراوسێکان نەبوونایە و ئاگرەکەیان نەکوژاندایەتەوە. باوکم بەرامبەر کردەوەکەی بە شانازییەوە وەستا و بە بەرچاوی هەموومانەوە پێی گوت:

- بۆ جارێکیتر دەمەوێت ئەوکاتە پێخەفەکەی بسووتێنیت کە خۆی لە سەری خەوتووە.

تۆ بڵێی شەونخونیم لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردبێت! بە تەواوەتی نازانم.

بەڵام چاکم لەیادە، ئەوکاتانەی خەو دایدەگرتم نەمدەوێرا ڕاستەوخۆ بچمە ناو جێگاکەوە، بەڵکوو لەسەر هەر تەختێك بوایە پاڵ دەکەوتم و دەخەوتم، جارێکیان لە چێشتخانەکە و لەسەر ئەو پێستەی پشیلەکەی لەسەر دەخەوێت، خەوتم.

لە ڕاستیدا کچێکی دەستەمۆ نەبووم یەکەمین ئارەزووم ئەوە بووە ببم بە کوڕ. شکستخواردنم لە ڕازیکردنی خودا بۆ هێنانەدی ئەم ئارەزووەم زۆر ئازاری دام. بۆیە بووم بە بوونەوەرێك نە مێینە و نە نێرینە بێت و هیچ شوناسێکم نەبوو بێجگە لە تووڕەبوونێکی لێوالێو لە هەموو جیهان، کە گەیشتمە تەمەنی باڵغبوون تووشی شکستییەکی ڕاستی بووم...

بەدرێژی بیگێڕمەوە؟

خوێنێکی سووری تۆخ بوو، برینەکەش لەو جێگایە بوو کە شەرمم لێی دەکرد. هەرچەندە خوێنەکەم دەشۆرد و پاك پاك دەمسڕییەوە، سەرلەنوێ دەهاتە خوارەوە. ئازارێکیشی لە خوار سکمەوە ئەوەندە کوشندە بوو تاوەکو ئەوکاتانەی تووشی سکچوون دەبووم لەو جۆرەم تووش نەبووە. لە چواردە ساڵیدا دڵنیا بووم کە ئەوەی تووشی کچان دەبێت لەو تەمەنەدا، تووشی من نابێت. لەسەر ئەو وەهمە ژیانم بەردەوام بوو. من ئەو کوڕە قژ درێژە پێ و پل پیسە بووم کە بەردەوام پێشەوەی کراسەکەم دڕابوو.

کوڕێکی شێواو بووم و جیهانی تایبەتی خۆمم لە کۆڵانە کۆنەکانی ((قوسەنتینە)) دروست کردبوو، ئەو کۆڵانە بەردینە تەنگەبەرانەی بۆنی داودەرمانی عەتارەکانی لێوە دەهات. ئەو کۆڵانانە کۆڵانی من بوون، کە بەشێك لە گۆشەگیری و ڕەتکردنەوەی لەلام دروست کردبوو.

تاریکی و سێبەر و هاواری فرۆشیاران و جووڵە لەسەرخۆکەی پیر و پەککەوتەکان و کۆڵانە داخراوەکان، تۆزێك دڵنەوایی پێدەبخشیم. ئەو بەشەی لە شارەکەدا کۆن و پیر بووە، ئەوەی بە ڕەسەنایەتی خۆی بەرەنگاری مردن دەبێتەوە، ئەو بەشە خۆشەویسترینیان بووە لە دڵمدا... دیوارە خەمگینەکانی ڕەنگەکانیان بە ڕەنگی گریان دەچوون، ئەوانە دیواری من بوون و بە زەردەخەنەی گۆرانی و مقامەکانی ((مالوف)) سیحری خۆی پێدەبەخشی و بەشێك بوو لەو کۆڵانە تەنگەبەرانە.

ئەو هەموو گەڕەکانەی باوەشیان بە یەکتردا کردووە و لە ((قوسەنتینەی)) نوێ تەواو دەبن، لەوێوە بینا و باڵەخانە فەڕەنساییە کەشخەکان و شەقامە قەڵەبالغەکان و ئەو خەمەی شایەنی ئەو جێگایە نییە، دەست پێدەکات.

سەرەتا لە شەقامی فەڕەنساوە خۆشییەکەم تەواو دەبوو، یان دەگۆڕام بۆ خوێندکارێکی زیرەکی بەدهەڵسوکەوتی خەراپ.

ئا لێرەدا لە شەقامەکە دەپەڕیمەوە و لە ڕەنگی گونجاوی هاتوچۆکەران دەمڕوانی، تا دەگەیشتمە قوتابخانەکەم.

ئا لێرەدا تاڵی و ناخۆشی شەوق و حەنینم سڕی دەکردم و هەستم بە خۆشی بەنجکردنی جەستەم دەکرد.

ئا لێرەدا سەرکێشی سیانزەساڵی تەمەنم بینی و زانیم ئەو تەمەنە چی دەگەێنێت، لەوکاتەی لە خەونێکی خۆش ڕاتچەڵەکێنن و خۆت ببینی کوڕێکی قژ درێژی.

لە سیانزە ساڵیدا بۆم دەرکەوت کە خەونەکانم لەگەڵ دەرکەوتنی دوو مەمکی بچکۆڵەدا بەریەك دەکەوتن و پوچەڵ دەبوونەوە... ئەو جووتە مەمکە لەگەڵ ئازارێك خڕ دەبوون و گەورە دەبوون و زۆر بە کارامەیی شەرمەزارییان دروست دەکرد.

له دوای ئەوە نەمدەتوانی لەگەڵ دایکمدا بچم بۆ حەمامی ((دەڤوح)) و نەمدەتوانی لەبەردەم کەس خۆم رووت بکەمەوە... دوای ئەوە بوومە کەسێکی شەرانگێز بەرامبەر بە هەموو کەسێك و پێش هەمووشیان بەرامبەر بەخۆم.

- بانی کوا لە کوێی... بانی...

دەنگی نەنکە پەککەوتەکەم لە ژووره بچووکەکەیەوە بەرگوێم دەکەوت و ئەویش بە دەنگێکی کز و ماندوو بانگی دەکرد و منیش وڵامم نەدایەوە و لەبەردەم پەنجەرەکەی دەیڕوانییە شەقامی ((شوفالییە))، وەستابووم و سەیری ئەو پێچی کۆڵانەم دەکرد کە بۆ گاڵتەجاڕی قەدەر دەیەها گەنجی بێکار پشتیان بە دیوارەکانەوە داوە و چاوەڕوانی تێپەڕبوونی تەمەن دەکەن.

سەرلەنوێ لە ناخی یادەوەرییەکانەوە دەنگی نەنکم بەرز دەبۆوە:

- بانی، تۆزێك ئاوم بۆ بێنە.

دەنگەکە کپ دەبوو، لەبەر ئەوەی بەردەوام گوێم پێی نەدەدا دایکم تووڕە دەبوو، لە ژووری گەنجینەکەوە کە خەریکی دروستکردنی ((ئەتریدە)) بوو بۆ فرۆشتن، دەهات و بە بسکەکانم بەرە و چێشتخانەکە رایدەکێشام و پەرداخە پلاستیکییەکەی نەنکمی پێ پڕ دەکردم لە ئاو و بەرەو ژوورەکەی پاڵی دەنام.

وەکو پشیلەیەکی تووڕە بە تەنیشت نەنکمەوە دادەنیشتم و بە پەلە ئاوم دەرخوارد دەدا و هەر جارەی شتێکم دەگوت، بۆ ئەوەی تووڕەی بکەم:

((بۆچی وا زۆر ئاو دەخۆیتەوە))

بەزۆری فرتێنە دەیگرت و پاشان بەجێم دەهێشت کۆکەکەی تەواو بکات و دەگەڕامەوە لای پەنجەرەکەم و لە شەقامەکە دەمڕوانی و ئەو ئاوەی لە پەرداخەکەی نەنکم مابۆوە دەمڕژاندە سەر یەکێك لە کوڕەکانی ((زەنقە)) کە بە مانای ئەو کۆمەڵە ماڵ و دووکان و شەقامە تەنگەبەرانە دێت لە دەوروپشتی ماڵەکەمانەوەیە و پێکهاتووە لە تۆپەڵێك خەم و نەهامەتی، کە ناوچەوانمانی گرتۆتەوە و ئەو خۆشییەی جاروبار بە دەمامك کراوی و بە شاراوەیی دەیبینین و ئەو هەژارییەی هەموومانی وەك

یەك گرتۆتەوە و ئەو نەبوونی و کەم دەرامەتی و نەخۆشییانە کە هەرچۆنێك بێت بە ئاوی نەعنا چارەسەری دەکەین.

((زەنقە)) واتە گەڕەك! جیهانی ڕەهای پیاوان و درزی ئافرەتانە و گریانی کۆرپە و منداڵەکانە و هاوار و قیژەی یاریکەران و خۆشکەیفانە و خەم و خەفەتی کەڵەکەبووی ناو خۆمانە.

گەڕەك: ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و مانگ لە دوای مانگ و ساڵ لە دوای ساڵ و سەدە لە دوای سەدە هەروەکوو خۆیەتی....

((بانی.... بانی....))

دەنگی نەنکم بە ئازارەوە بەرز دەبۆوە و بانگی دەکردم، تاوەکوو بیبەم بۆ حەمامەکە. دایکم دەهات و خۆی و ((شاهی)) خوشکم بەیەکەوە هەڵیان دەگرت بۆ حەمامەکە.

داواکارییەکانی نەنکم لەم ئاستەدا تەواو نەدەبوو، دوای کەمێکی دیکە داوای خواردنی دەکرد، تاوەکوو تاڵیەکەی ناودەمی نەهێڵێت و هەردەم هەر بانگی منی دەکرد...

((بانی... بانی وەرە...))

تاوەکو ئەو کاتانەی لە قوتابخانە بووم، هەروەکوو دایکم دیگوت، هەر بانگی دەکردم و ئەمەش دایکمی تووڕە دەکرد و بەسەریا دەیقیژاند:

((بانی لە قوتابخانەیە، چیت دەوێت؟))

وڵامی نەدایەوە.

وابزانم نەنکم خۆشی دەویستم، چونکە ئەو کاتانەی مەزاجم باش و خۆش بووە باسی هەواڵەکانی گەڕەکم بۆی دەکرد و ئەو قسە و باسانەم بۆی ڕێك دەخست کە حەزی پێی هەبوو.

دەیپرسی: ((ئەی ژنی قەسابەکە؟))

وڵامم دەدایەوە:

((مێردەکەی تەڵاقی دا و بە بەرچاوی خەڵکەوە خۆی و منداڵەکانی دەرکرد، ئێستا وا خۆی ئامادە دەکات ژنێکی تازەی بیست ساڵە بێنێت)).

لە سیانزە ساڵیدا دەمزانی چۆن هەواڵی ژنهێنان و تەڵاقدان ڕێك بخەم و باس و خواسی ئەو ژنانەی بۆ بکەم کە خەریکی جادووکردنن لە مێردەکانیان و چیرۆکی خۆشەویستی وا ڕێك بخەم کە چۆن لە سەرەتاوە دەست پێدەکات و دوایی بە کارەسات تەواو دەبێت و باسی پۆلیس و بازرگانەکان و ورتە ورتی ژنان لە نێوان خۆیاندا و... زۆر لەمانەم دەزانی و زۆربەشیانم ڕێك دەخست و ئەویش گوێی دەگرت و هەر کە بێدەنگ دەبووم دەیپرسی:

- ئەی ژنە حەمامچییەکە؟

وڵامم دەدایەوە: ((مرد، نە نە مرد!))

لە ترسی مردن رادەچەڵەکی.

((بانی چۆن مرد!))

وڵام دەدایەوە و مردنێکم ڕێك دەخست کە شایەنی ئەو بێت:

- ((لە حەمامەکەدا سەری گێژ بوو. بردیان بۆ خەستەخانە، بەڵام هەڵنەسایەوە، مرد، نەنە گیان، مرد)).

- ((کەی ئەمە رووی دا؟ بۆچی دایکت باسی نەکردووە؟))

- نەیدەزانی.

- ئەی تۆ چۆنت زانی؟

- من لای حەمامەکە بووم کە هەڵیان گرت.

دوای ئەوە بەزەییم پێیدا دەهاتەوە کە دەمبینی ترسێك لە سیمای نیشتووە، بەڵام خۆشیەك دایدەگرتم و حەزم دەکرد بەردەوام بیترسێنم:

- ((مامە حاجیشم مرد)).

- ((مامە حاجیت کێیە؟))

لە گەڕەکدا هەموو پیاوەکان مامن و هەموو ژنەکانیش پوورن و هەموومان کۆمەڵێك خزم بووین کە هیچ خزمایەتیەك لە نێوانماندا نەبوو.

- ((مامە حاجی نەنە، باپیرەی وەهیبەی هاوڕێم.))

هەناسەی لەخۆی دەبڕی و دەیگوت: ((ئەویش مرد... بەخوا دنیایەکی سەیرە...)).

چاوەکانی پڕ لە فرمێسك دەبوون و هەستم بە تاوان دەکرد و هەواڵێکی دیکەم ڕێك دەخست کە تۆزێك دڵە لاوازەکەی خۆش بکات و دەگوت:

- کوڕەکەی مامە تەیب ژنی هێنا؟.

وەکو منداڵ ئارام دەبۆوە و دەیپرسی:

- کامیان؟

- موسا نەنە، ئەو خێلەکە.

- خێلەکە؟ ئەو کلۆڵە کێیە شووی پێکردووە!.

- ((بەیانی بۆت دەپرسم)).

بازێکم دەدا و بەرەو دەرەوە دەڕۆیشتم، تاوەکوو سەرلەنوێ لای پەنجەرەکەوە بوەستم.

دوای چەند ساتێك پرخەی خەوی بەرزدەبۆوە و هەستم دەکرد کە بەو باس و هەواڵە هەڵبەستراوانە بەنجم کردووە و ئەوەی زیاتر دڵی خۆش کردبووم، ئەوەبوو کە بەیانی هەموو ئەوانەی پێم گووتووە لە بیری دەچێتەوە و سەرلەنوێ و بە هەمان پەرۆشییەوە درۆکانمی وەردەگرتەوە.

دوای تەمەنی پانزە ساڵی، تام و چێژی شەقامی ((شوڤالییە)) وەکوو خۆی نەما و گۆڕا. بووم بە یەکێك لە ژنەکانی درز، سەرم لێ شێوابوو لەو دووفاقییەی باوکم و ئەلیاسی برام لە مامەڵەکردنیان. ئەوان لە دوای دەوامی ئامادەیی نەیاندەهێشت لە ماڵەوە دەربچم. منیش لەبەر ئەوەی زیرەك و سەرکەوتوو بووم، ماڵەکەم لێ ببوو بە دۆزەخ. ئالێرەدا بە خەونەکانمەوە تێگلام و بوو بە گەورەترین کێشەم.

لەکاتی خوێندن و سەعی کردندا خەونم دەبینی.

لەکاتی نانخواردندا خەونم دەبینی.

بە ڕۆیشتنەوە خەونم دەبینی و داڵغە دەیبیردمەوە. ڕۆژانە لە دەیەها رووداو رزگار دەبووم.

بەردەوام خەونم دەبینی.

بە خەونەکانم پەنجەرە داخراوەکانم دەبڕی... پاسەوانی ((ئەلیاس))م دەبەزاند و هەموو ئەو چاوانەشی لە شەقامەکاندا دوام دەکەوتن، بە خەونەکانم دەمبەزاندن.

وەکوو نەنکم، بڕوام بە درۆکانی خۆم دەکرد لەو شارەی ئەندێشەم هەڵیبژاردووە و هیچ بوونێکی نییە، بە سەربەستی و ئازادی دەژیام.

❋ ❋ ❋

لەگەڵ ئەو شەقامەی خۆشم دەویست ڕۆژگارەکانی نەنکم ڕۆیشت، لەگەڵ ئەو شارەی زۆر خۆشم دەویست، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ریتمەکاندا، کە خۆشم دەویست، لەگەڵ ئەو ژیانەی بە بەراوردکردنی لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆمدا، زۆرخۆش بووە. ئەمانە هەمووی لەگەڵ ڕۆیشتنی نەنکمدا ڕۆشتن. ((مود...)) وەکوو هەموو جارێك لە مەیخانەکەی تەنیشتمانەوە بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە و لەسەر لاتەختێك پاڵ دەکەوت و دەخەوت.

بۆنی ویسکی کە لە هەناسەیەوە دەهات ژوورەکەی پڕ کردبوو. ئەو بۆنە وەختبوو بمخنکێنێت، پەنام بۆ ژوورەکەی خۆم دەبرد و هەوڵم دەدا لە بیری بکەم.

چیرۆك لە دوای چیرۆك.

درۆ لە دوای درۆ.

ڕۆژ بە ڕۆژ باڵەخانەکە بڵند دەبوو، وەکو قەڵایەکی بەرز چوار دەورمی دا. وەکوو قەڵایەکی پۆڵایین، قەڵایەك لە مەرەکەب و کاغەز.

چیرۆکەکە لە سەرەتاوە... کچە پاڵەوانەکە پێویست بە پیاوێکی بەهێز بوو.

کاغەز درۆ دەکات.

ژیان درۆ دەکات.

❋ ❋ ❋

پەرۆشی بینینی ((شاهی)) خوشکمم. ئەمڕۆ لە دڵی خۆمدا دڵنیا بووم کە ئەو لەمن بەهێزترە، چونکە لەگەڵ مێینەیی خۆیدا زۆر گونجاوە. لەبەر ئەوەی شووی کردووە و دوو کوڕ و کچێکی هەیە و خێزانێکی هێمنی پێکەوە ناوە، لەبەر ئەوەی نارەحەت نییە لەو بارەی تیایدا دەژێت و هەموو گرفت و کێشەکان لە بەرامبەر ئەقڵ و زیرەکیی خۆیدا چارەسەریان زۆر ئاسانە، بۆیە پەرۆشی بینینی و گوێگرتنی قسەکانیم، چونکە ژیان لەلای ئەو دەبێتە هاوکێشەیەکی زۆر سانا و ساکار.

پەرۆشی بینینیم، بەڵام زیاتر پێویستیم پێیەتی، پێویستیم بە دانیشتنە لەگەڵ هەموو ژنانی جیهاندا، بۆ ئەوەی تێبگەم بۆچی وا بە ساکاری دەڕواننە ژیان و چۆن دەژین بەبێ ئەوەی گوێ بەو شتانە بدەن کە من گوێی دەدەمێ.

((مود....)) باوکم، ئەلیاسی برام و ئەو چنگە ئاسنینەی لە سیستەمی باوکسالاریدا دەستی لە بینا قاقامان گیرکردووە و لە ژێر رەحمەتیدا دەژین، بێگومان من شێتم.

شێتم، چونکە بە شووکردنێکی وا رازی بووم. شێتم، چونکە سەرەڕای شکستهێنانی روون و ئاشکرای ئەزموونەکەم تا کۆتایی، هێشتا دامێنی ((مود....))م گرتووە بەو هیوایەی لە پاریس وا شتێك دابین بکەم لە رۆتین و بێزاریی ژیان لە قوسەنتینە و لە ماڵەکەمان لە شەقامی ((شوفالییە)) دەربازم بکات. رەنگ بوو توانام نەمایەت و کۆڵم بدایە و بەرەو جەزائیر بگەڕامایەتەوە، ئەگەر ئەو رووداوە نەبوایە کە ژیانمی گۆڕی. ئەو کاتەی ئاگر لە فڕنی دراوسێ لوبنانییەکەم ((ماری)) بەربوو، گوێم لە دەنگی هاواری بوو، بە پەلە رۆیشتم بزانم چی بووە. بە هاوارەوە لە شوقەکەی دەرپەڕی و بە ترسەوە دەم و چاوی گرتبوو. وای هەست دەکرد ئاگرەکە دەم و چاوی شێواندووە، بەڵام لە راستیدا ئاگرەکە تەنیا تۆزێك برژانگەکانی و قژی هەڵکرزاندبوو، هەروەها تۆزێك پەنجەکانی سووتابوون.

تەنیا ئەو رۆژە ((ماری))م ناسی.

((ماری))یش بە ((ئەیس...))ی ناساندم.

((ئەیس...))یش فێری کردم کە دونیا زۆر گەورە و فراوانە و پێویستە ئێمەش فێڵی لێ بکەین تاوەکو بتوانین بژین. رەنگە لەمە زیاتری فێرکردبێتم کە رەمزەکان لە راستیدا لە دروستکردنی ئەندێشە و وەهمەکانی ئەو هیچیتر نین.

پاش ئەوەی ((ماری))م دڵنیا کردەوە:

- سوپاس بۆ ئاگرەکە، چونکە تۆی پێناساندم.

پێکەوە کوپێك چای و ئاوی لیمۆمان خواردەوە و گەڕایەوە بۆ شوقەکەی خۆی.

((ماری)) ((ئەیس...))ی پێناساندم، بەبێ ئەوەی بزانێت بەرەو دۆزەخ پاڵی ناوم.

لە یەکەم بەیەکگەیشتنماندا هەستم کرد پیاوێکە لە هەموو پیاوەکانی دیکە جیاوازترە. لەنێوان خۆمدا زۆر لە دەستلێدانەکەی ترسام. لە سەیرکردنی چاوەکانی بەو جۆرە گوێنەدانەی و لەو جەستە سەرنجڕاکێشەی ترسام.

((ماری)) پێشکەشی کردم و گوتی:

- ئاگات لێی بێت، ئەمە مێبازێکی زۆر گەورەیە، پێکەنی... چاوەکانی لەگەڵدا پێکەنین. ریشە رێکوپێك کێشراوەکەی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش دیاربوو. لەناکاو دەنگێك لە ناخییەوە هاتە دەرەوە و دەروونمی هەژاند و گوتی:

- رۆژێك هەر بۆمن دەبیت.

لە پیاوەتییە سەرنجڕاکێشەکەیم دەڕوانی و هێشتا لەژێر کاریگەریی ئەو هەڵسوکەوتە سەیرەیدا بووم، بۆیە هیچم نەگوت و تەنیا زەردەخەنەیەکم کرد و تێبینییەکەی ماریم وەکوو گاڵتەیەکی سەرپێی وەرگرت و ئەویش دەستی کرد بە ئامۆژگاریم:

- لانەدەیت بەلای رۆشنبیرێکی لوبنانیدا تەنیا لەبەر ئەوەی رۆشنبیرێکی لوبنانییە، چونکە ئەمە درۆیەکی عەرەبیی گەورەیە، بەبێ ئەوەی هەست بکات بەرەو دادەکەی پاڵی دەنام، بەردەوام لە قسەکانی:

- لە ئێستاوە ئاگادارت دەکەمەوە، ژنی هەیە و هەموو رۆژێکیش خیانەت لە ژنەکەی دەکات. بە دڵی پاکی کچەکانی ((قوسەنتینە))وە پێکەنیم و گوتم:

- وەك بڵێیت لە سەرەتاوە وا چاوەڕوانیت حەزی لیێ بکەم؟

سەرم سووڕما لەو دڵنیاییەی کە گوتی:

- هەموو ئەو ژنانەی ناسیویانە حەزیان لێکردووە. ئەو پارچە کێکەم نەخوارد کە لە بەردەمم دابنابوو، تەنیا قومێك چایم خواردەوە، چونکە قسە و باسەکانی ئەو پیاوەی بە شێوەزاری لوبنانی لەسەرخۆ گفتوگۆی دەکرد، زۆر سەرنجی راکێشام. ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشابووم ئەو شێوە تایبەتییەی بوو لە قسەکردندا کە هەموو شتێکی لە دەوروبەری خۆی بە ناخۆشی و کارەسات دەبینی.

- ئەمە یەکەمین تەڵەیە کە بەسەر ژناندا تێدەپەڕێت!

(ماری ئەمەی گوت، وەك ئەوەی رووی دەمی لەمن بکات)

- ببوورە؟ (لێم پرسی)

- هێشتا تێنەگەیشتوویتە؟

- ناوەڵڵا...

- ئێمەی ئافرەتانی عەرەب، هەردەم حەزمان لەو کەسانەیە کە لە خۆشەویستیدا تووشی شکست بوونە. زیاتر ئەو پیاوانەمان خۆش دەوێت کە لە ناخەوە تێکشکاون و رووخاون و بەدەست چەندین ئەزموونی شکستخواردووەوە دەناڵێنن.

((ئەیس...)) هەستا و رووخسەتی دەرروونی خواست.

تاوەکو درەنگانێك لەگەڵ ((ماری)) مامەوە و گفتوگۆمان دەکرد، پێش ئەوەی بەجێی بێڵم گوتی:

- خۆشت دەوێت، من دڵنیام لەوە، بەڵام ئاگات لەخۆت بێت، چونکە ئەو پیاوێکە ژن بەلایەوە تەنیا رابواردنی ناو جێگایە و هیچیتر.

لەلای دەرچووم و نیمچە گێژ بووم. چۆن بە پیاوێکم دەناسێنێت کە سەروانی کردووە و من بە رێکەوت لەوێ بوومە و بەم شێوەیە دەمخاتە هەڵوێستێکی نالەباری واوە. وەك ئەوەی من ژنێك بم و پێشوەخت بەدوای پیاودا بگەڕێم هەموو قسەکانیم بەلاوە دوور بوو لە ئەقڵ. بۆیە خۆم وا هەڵخەڵەتاند کە رەنگە پێش ئەوەی من بێم،

پێکێکی خواردبێتەوە و بێگومان ئێستا وڕێنە دەکات. لە دوای ئەو رۆژە ((ئەیس...))م لەلای ماری نەبینی، بەڵکوو لە دانیشتنێکدا بینیم کە برادەرێکی زۆر و گوێنەدان و بێبایەخییەکی زۆری تیابوو. وا هەستم دەکرد نامبینێت، چوارەمین بیرەی خواردەوە بەبێ ئەوەی لە قسە و گاڵتەجارییەکانی خۆی بکەوێت لە هەموو جیهان. وەك بڵێت خۆی تاکە بوونەوەرە لە راستی و دروستی تێگەیشتووە و لەسەری دەڕوات. پێش ئەوەی ئێمە دەرچین ئەو دەرچووە دەرەوە و رۆیشت.

لە یادم نایەت ئەو رۆژە هۆگری بوو‌بێتم، چونکە ئێوارەیەکی پڕ لە ناخۆشی بوو. لەوکاتەی لە پشتی پەنجەرەکەوە سەیری ئەو خەڵکەم دەکرد و دەگۆڕان بۆ تارمایی، کە لە تارماییەکانی ئێوارانی قوسەنتینەی دەکرد، تەواو خۆمم لەیاد کرد.

لە راستیدا لەنێوان ((قوسەنتینە)) و ((پاریس))دا جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە، بەڵام باران لێکچوونێکی لەنێوان شەقامەکانیاندا دروست کردبوو. بەتایبەتی ئەو شەقامەی کە هەر پارچەیەك بوو لە شەقامی ((سان جان)).

((ئەیس...)) دەم و چاوێکی ئاشنای هەبوو، وەك ئەوەی هەزاران ساڵە دەیناسم. کە رۆیشت هەستم بە دڵخۆشی کرد، چونکە هێشتا نەکەوتوومەتە داوی خۆشەویستییەوە، بەڵام بەیانی رۆژی داهاتوو، رووداوێکی شاراوەی بۆ ئامادە کردبووم، کە بە پێچەوانەی هەموو پێوەرە ئامادەکراوەکان و بۆچوونەکانم بوو، سەبارەت بە خۆشەویستی. لە میزاجی خەراپی بەیانیانی و هات و هاواری ((مود...)) هەڵهاتم، کە ئەو رۆژەمی تاریك دەکرد. لە بۆنی بۆگەنی قسەکانی هەڵهاتم. هەڵهاتنەکەم تەنیا لە پێناو هەڵهاتن بوو، هیچی دیکە، نەمدەزانی دوای ئەوە بۆ کوێ بڕۆم. کاتێکم زانی بە چەند هەنگاوێکەوە لێ دوورە، بە باڵا بەرزەکە و سەرە رووتاوە سەرنجڕاکێشەکەی و رەنگە ئەسمەرەکەی، کە هەزار لێدوان هەڵدەگرن و ریشە سەیرە سەرنجڕاکێشەکەی، کە بەڕاستی نەمدەزانی ئەو هەموو سەرنجڕاکێشانەی لە کوێوە هێناوە.

بارانەکە بەشێوەیەکی زۆر رۆمانسی هەم ئاهەنگ بوو لەگەڵیدا و ئەوەندە لەسەرخۆ دەباری، دەتگوت سەماکەرێکی باڵییە و لەسەر نووکی پەنجەکانی سەما دەکات و بە سۆزەوە لە تەرزەکە دەدات و بانگم دەکات بۆ فڕین.

رامگرت و پێشنیازم کرد چەترەکەم بەش بکەین و پرسیم:

- بۆ کوێ دەڕۆیت؟

بە گوێنەدانەوە وەڵامی دامەوە:

- نازانم، تاوەکوو لەگەڵ ژنەکەم شەڕ نەکەم دەرچووم.

پێکەنیم و گوتم:

- وادیارە هەردووکمان لەبەر هەمان هۆ دەرچووین.

بە گاڵتەوە گوتی:

- تۆش ژنت هەیە!

پێکەنیم و توانجم لە فشەکەی نەدا و بەردەوام بوو:

- بەپێی زانیاری من هەموو پیاوەکان قوربانی دەستی ژنەکانیانن.

بارانەکە شتێکی درکاند و تێی نەگەیشتم. وەستام و لە ((ئەیس...))م روانی و پرسیم:

- زمانی باران تێدەگەیت!

- هەموو زمانەکان تێدەگەم، تەنیا زمانی ژنەکەم نەبێت.

- تۆ زۆر بێزاریت.

- باران بەختەوەرم دەکات، بەلامەوە خۆشترین سروودە.

- باران سروودی منیشە.

رەنگە ئەو بەیانییە تێگەیشتبێتم مانای راکردن لە مێرد و رۆیشتن لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا چییە، مانای وایە بە دڵێکی یاخییەوە و بە نهێنی لە دەرگای خیانەت نزیك دەبینەوە و بە دزییەوە لەو دەرگایە دەدەین. مانای ئەوەم زانی کە دونیای پیاوێك بێت و بچێتە دونیای پیاوێکی دیکەوە.

پیاو وەکوو هەسارەی گەردوون وایە، هەر هەسارەیەك کەش و هەواو سیستەم و نهێنی و هەوەس و ئارەزووی خۆی هەیە.

لە قاوەخانەی ((دوماغۆ)) لە ((بولفارسان جیرمان)) دانیشتین و پێکەوە کوپێك کابوچینۆمان خواردەوە، خۆشترین کوپی کاپۆجینۆ بووە لە ژیانمدا خواردبێتمەوە. کاتژمێرێك تێپەڕی...

بوو بە دوو کاتژمێر...

دەستی بەسەر لێوەکانمدا هێنا... پاشان خۆی نزیك کردەوە و ماچی کردم، لەبەر چاوی خەڵکی ماچی کردم، لەبەر چاوی شاگردەکەی لەبەر دەممان وەستابوو، فاتوورەی حیسابەکەی بەدەستەوە بوو، ماچی کردم، لێوی خستە سەر لێوم.. پاشان تۆزێك رووی دوور خستەوە بۆ ئەوەی بە وردی سەیرم بکات... وەك ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی کردارەکەی بێت، بەڵام من سەرسام بووبووم و جوڵەم لە خۆم بڕیبوو. جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان توندتر لێوەکانی بە لێومەوە نووساند.

شاگردەکە بە زەردەخەنەوە فاتوورەکەی لەسەر مێزەکە دانا و ڕۆیشت.

لێوەکانی زۆر تەڕبوون. مووی ریش و سمێڵی هەموو هەستەکانمی بزواند. نەمزانی بۆچی وا لەگەڵی گونجام و بۆچی منیش ماچیم کرد. وەك ئەوەی لە ماچکردنا زۆر شارەزابم. نازانم بۆچی لێوەکانم بەو شێوەیە گەمەیان لەگەڵ لێوەکانی دەکرد، ئەی بۆچی وا تام و چێژی گەرمی زمانیم کرد. چەندە حەزم لە بۆنی تووتنەکەی کرد کە لەگەڵ بۆنی پیاوەتییە دیار و ئاشکراکەیدا تێکەڵ بووبوون. بە چپە پێم گوت:

- ئەیس...)) ئەی شێت، من ژنێکم مێردم هەیە. بە پەنجەکانی دەمی داخستم و ئاماژەی کرد کە بێدەنگ بم. لە دەرەوە بارانەکە قسە و باسێکی دیکەی هەبوو، بۆیە پێش ئەوەی جیا ببینەوە جارێکی دیکە ماچم کرد. بە بۆن و هەناسە و چێژ و شەهوەتی ئەوەوە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. زۆر گران بوو جارێکی تر بتوانم بە هەمان بەزمی پێشوو بژیم. چونکە هەستم کرد لەگەڵ ئەو ماچەدا شتێکم بردۆتەوە یان دۆڕاندوومە. شتێك هەست دەکەم خۆمم لەپێش شووکردن، شتێك دەڵێی گەڕانەوەی

تەمەنە بەرەو دواوە، یان لە دایك بوونێکی نوێ بوو. شتێك زۆر گران بوو، راڤەی بکەم، بەڵام هەموو ناخمی گرتەوە و لە هەموو خانەکانی جەستەمدا هێلانەی دروست کرد و هەڵسوکەوتی رۆژانەمی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە.

ماچەکەی ((ئەیس......))

ئەو ماچە ترسناکترین پێچ و قەناکانی ژیانم بوو، بەڵکو گەورەترین ترسناکی بووە لە پێش ئەوەی بگۆڕێم بۆ ژنێکی دیکە و وەکو رێژنەی بارانی هاوین ببارێم و جیاوازی نەکەم لەنێوان بەردو بوونەوەرەکانی دیکەدا.

ماچەکەی ((ئەیس....))

ماچی بەیانییەکی باراناوی و سەرمایەکی سەرکێش لە پێناوی مشتێك گەرمیدا و ئەو دڵۆپە شەونمانە بوون، ئاوی ئالۆش و شهوەتی دەدا و هەموو شەیتانەکانی دونیای بەخەبەر دەکردەوە تاوەکوو ئاهەنگێکی دەمامککراوی شێتانە لە دەشتاییە چۆڵ و هۆڵەکاندا بگێڕن.

ماچەکەی ((ئەیس....)) نەفرەتێکە و داباریبە سەر شووکردنەکەم و هەرچی کۆت و بەندی شەهوەت هەیە فڕێی دایە بەر مردووەکان و بۆ هەتاهەتایی فڕێی دامە ناو ئاگرەوە.

هێشتا سەرەتای بەیانی بوو، بیرم لە هەموو ئەو رووداوانە دەکردەوە کە لە ساتی دەرگالێدانەکەی ((ماری))یەوە روویان داوە... ئەوکاتە لە دەرگای دڵمی دا و رووەو شوێنە قەدەغەکراوەکان رۆیشت و هەموو ژوورە نهێنییەکانی دڵێکی پڕ لە قەدەغەکراوی پشکنی. دوای ئەوەش بە روووومدا هاواری کرد:

- لە یادت نەچێت من ئاگادارم کردیتەوە. بە نیمچە بێئاگاییەك لەم گەردوونە پێمگوت:

- بۆچی وەکوو هاوڕێ مامەڵەت لەگەڵدا دەکات و وەکوو لەشفرۆشێك مامەڵە لەگەڵ مندا دەکات؟

بەپێکەونینەوە گوتی:

- له فەرهەنگی ئەودا ژنی لەشفرۆش نییە، ژن هەیە بۆ رابواردن و سێکس و ئەوانی دیکەش بۆ پەراوێزی ژیان. ئەم دابەشکردنەش دابەشکردنێکی رەوایە بەلای ئەوەوە.

له ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا بووم بە ئاشقێکی نەفرەت لێکراو، کە چاوەڕوانی دەرکەوتنی پیاوێك دەکات لە فەرهەنگیدا لەشفرۆش نییە.

لەو ماوە کورتەدا بووم بە ژنێکی پڕ لە حەز و ئارەزووی لێو و ریشی پیاوێك... ئەو لێوە شەیتانیانە... لێوەکانی ((ئەیس....)) ئەو لێوانەی بەرەو جیهانێك هەڵیگرتم، هیچم لێی نەدەزانی تەنیا لە خەیاڵ و ئەندێشەدا نەبێت... ئەو لێوانە گۆڕیمی بۆ پشکۆیەك بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵکردنی هەوایەك بکەم بگەشێمەوە.

((ئەیس....)) ئەو ئاسمانە تووڕە و مۆنە بوو کە پڕ لە هەورە و ئەو بارانە ئاڵۆش و پڕ شەهوەتەیە کە بە جوانی گەردووندا هەڵدەدات. ئەو تەنیا پیاوێك بوو، زیاتر نا، بەڵام لە هەمان کاتدا لە پیاوێك زیاتر بوو، ئالەمەش تێنەگەیشتم.

* * *

لە بەیانییەکی تاریك و رووندا، زیادەڕۆییم کرد لە میکیاجکردن و خۆڕازاندنەوە و بۆن لە خۆدان و بەرەو لای رۆیشتم و لە خۆشیاندا خەریك بوو دەفڕیم. لەنێوان دەستەکانیدا بووم بە هەورێکی فڕیو. ئەمە لە نووسینگەکەی رووی دا، هەموو ئەمانە لە نووسینگەکەی روویان دا.

پاڵتۆکەم داکەند و لێوەکانم تەسلیمی کرد، لە پاشان دەستەکانیم گرت و لەژێر بلوزەکەوە بە لەشما هێنام، تاوەکوو بە تەواوەتی لەسەر مەمکم جێگیر بوون. بە باشی تام و چێژی دەستەکانیم لە یادە، تام و چێژی پەنجە زبرەکانی، تام و چێژی مووی ریشی، لە یادمە چۆن جەستەم پەرۆشی بوو. بۆنیم لە یادە، هەموو ئەو وردەکاریانەم لە یادە، کە هۆش و ئەقڵی بردم و وای لێکردم داوای زیاتر بکەم. حەزم دەکرد پاڵ بکەوم و پارچە پارچە جەستەمی تەسلیم بکەم. چونکە توانای خۆڕاگرتنم نەمابوو. لە ئامێزم گرت، دەستەکانم بە دەوری جەستەمدا سەمایان دەکرد. سووتیانەکەی

سینگمیان ترازاند و مەمکەکانم ئازادبوون و منیش دەمتوانی بەدوای سینگە رووتەکەیدا بگەڕێم. سینگمان لەیەکتر بخشێنین. بگۆڕێم بۆ مێیینەیەك پڕ لە هەوەس و شەهوەت و لەژێر قورسایی جەستەیدا بتوێمەوە و ببین بە یەك جەستە. لەوکاتەدا هاوار بکەم و هەناسەبڕکێی لەزەت و هەوەس دامبگرێت و لە ساتی وەرگرتنی خۆشی و رەحەتبووندا دەنگمان یەکتر بڕ بێن. کە تەواو بووین بەسەریەکدا بکەوین. ئاواتەخوازبووم وابێ...

کە دەستەکانی بەرەو شوێنە گەرم و لینجەکەم دەبرد. حەزم دەکرد تەنیا بۆ ئەو ببم، زیاتر و توندتر مەمکەکانم بگوشێت. تۆزێك ئازار بە نێوان رانەکانم بگەیێنێت، بەڵام شتەکان بەم جۆرە ئامادە نەکرابوون تا ئەمانە روو بدەن.

تەنیا بەشە ترسناکەکە رووی دا.

تووشی داوی بووم و ئەویش هەستا وڵامی تەلەفۆنەکە بداتەوە، لەناکاو هەڵسوکەوتی گۆڕا و زریانێکی ناکاو لە چاوەکانییەوە هەڵیکرد. کاتێکم زانی بە پەلە پاڵتۆکەی لەبەر کرد و جانتاکەی کردە شانی، بەبێ ئەوەی داوای لێبووردن بکات، ژوورەکەی بەجێ هێشت. هەندێك پیاو سادییەتێکی لەم جۆرەیان لەخۆ حەشار داوە.

((ئەیس...)) لەو جۆرە بوو. پیاوێکی بێهاوتا ئازار بەخش بوو، لە ناخیشدا گاڵتەجاڕێکی بێهاوتا بوو، بەرامبەر بە خەڵکانی دیکە. ئەو رۆژە کە دەرچوو، منی لە نووسینگەکەی بەجێ هێشت، بینیم لە دەروازەی نووسینگەکەی نووسیبووی ((هیوادارین میوانە بەڕێزەکان ئیزعاجمان نەکەن)) کەوا لە مێوانەکان دەکات هەست بکەن پێش وەخت کەسانێکی مەقبوڵ نین. لەژێر شووشەی نووسینگەکەیدا دەستەواژەیەك نووسرابوو، ئەمەی زیاتر دووپات دەکردەوە، دەیوت: ((هەندێك کەس پەسەند نییە لێرە دابنیشن)).

زۆر بیرم لەو نووسینانە نەکردەوە، یەکەمیانم دڕاند و زۆر بە گران دووەمیانم بۆ دەرهات و لوولم کرد و فڕێم دایە سەر مێزەکەی و دەرچووم.

ئەو رۆژە زوو نەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، هەموو خانەکانی جەستەم لە خۆشی و لەزەتدا سەمایان دەکرد، بەڕاستی نەمدەزانی ئەو پیاوە دوای چەند رۆژێکی کەم وەکوو خۆی تووشی خەمۆکیم دەکات و هەروەکوو خۆی تووشی سادییەت و گوێنەدانم دەکات و بەو کارەسات و رووداوانەی گەردوون.

دوای چەند رۆژێك....

دوای ئەو هەموو وەهمانەی ناخمی گرتەوە و ئالاکانی لەسەر بەرزاییەکانی دڵم داکوتا.. وامدەزانی پیاوی تەمەنم دۆزیوەتەوە، لە کاتێکدا بێ هیوایی و شکستییەکی دیکە-زیاتر- چاوەڕوانم بوو. هەردەم لەلای ماری بەیەك دەگەیشتین. هەر لەوێ ((شەرەف))م ناسی و ئێستا ئامادە نیم باسی بکەم.

ئەو بەیانییە زۆر بە گران و ناخۆشی تێپەڕی، وەکوو هەموو بەیانییە چەپەڵەکانی ((مود....)) بە بۆڵەبۆڵ هەستا و نەفرەتی لەو رۆژە کرد کە منی تیا ناسی. داوای لێکردم نیسکافەی بۆ ئامادە بکەم... ئامادەم کرد... بەڵام نەمزانی بۆ توورە بوو، کوپەکەی کێشا بە دیوارەکەدا.. خۆم خزاندە ژوورەکەی خۆمەوە و دەرنەچووم، تاوەکوو هاتە ژوورەوە و خۆی گۆڕی و دەرچووە دەرەوە. بە پەلە رۆیشتم بۆ لای ماری، کە زۆری دەربارەم دەزانی و ئاگاداری پەیوەندی من و ((مود....)) و پەیوەندی من و ((ئەیس....)) بوو... ئاگاداری رابردووی شێواز و ناڕێکیی من و وردەکاریی گرێ کوێرەی دروستکراوی کۆمەڵگەی جەزائیری بوو.

کە قاوەکەی ئامادە کرد و پێی گوتم:

- بۆچی بەدوای کارێکدا ناگەڕێیت لە شێتیی مێردەکەت دوورت بخاتەوە.

وڵامم دایەوە:

- بیرم لێی نەکردۆتەوە.

- وادیارە تۆ هەرگیز بیر ناکەیتەوە.

ئەمەی گوت و دوو کەوچك قاوەی تێکرد و بەردەوام بووەوە:

- یان بگەڕێرەوە بۆ جەزائیر و تەڵاق وەرگرە، سەرسام بووم:

- له جەزائیر تەڵاق دراو لەژێر پێڵاودا دەژیت.

ماوەیەك تێپەڕی و هەردووكمان بێدەنگ بووین. له ئامادەكردنی قاوەكە بووەوە و كوپەكانی لەسەر مێزەكە دانا و جگەرەیەكی داگیرساند و هەناسەیەكی قووڵی هەڵمژی و دووكەڵەكەی بەرەو سەرەوە هەڵدا و گوتی:

- پێویستە ئافرەت فێر بێت چۆن كۆمەڵ لەژێر پێیدا دەنێت، ئەگەر وانەكات ((حاڵ وا ناڕوات)).

- تۆ خەون دەبینی!

- بەسە ((بانی)) تۆ لە پاریس، لە زەمەنی عەولەمە و شارستانیدا دەژێت.

باسی ((مود...)) و ((ئەیس...)) و هەموو پیاوانی جیهانمان كرد.

ماری كچێكی جوان و بەتوانا و كامڵ و پێگەیشتوو بوو. له هەموو كۆت و بەندێك خۆی دەرباز كردبوو. كە دەرۆیشت وات دەزانی بەڕاستی كۆمەڵی لەژێر پێی خۆیدا فلیقاندۆتەوە. بە تەواوەتی ئەو نموونەیە بوو كە خەونم پێوە دەبینی منیش وابم... بەڵام...

لە ناكاو پێی گوتم:

- پێویستە دەرچم.

هەستام منیش بڕۆم، بەردەوام بووەوە:

- ئەم شەو لێرە ئاهەنگ دەگێڕین... جەژنی لەدایكبوونی ((ئەیس...))ە.

پرسیم:

- واتێبگەم منیش بانگهێشت كراوم؟

وڵامی دایەوە:

- بێگومان، هەرچی شێتەكانی جیهانی عەرەبی هەیە پێتی دەناسێنم.

- لە ((ئەیس...)) شێتتر.

پێكەنی و وڵامی نەدایەوە.

* * *

شەقامی ((مۆنبارناس)) لە شەشی ئێوارەدا، لەژێر گومەزێك هەوری رەشدا، وەکوو پیاوێکی گومانلێکراو دیارە. شنەبایەك وەك مۆسیقا و پرشەی ئاو لە شەقامەکەدا وەکوو گۆرانییەکی نارێك و پەرش و بلاو بەرگوێ دەکەوت.

لەنێوان خەلکەکەدا بە ئاسانی دەم و چاوی ئەوانەی لە رۆژهەلاتەوە هاتبوون جیا دەکرانەوە. عەرەبەکان حەزیان بەم شەقامە دەکرد.

بەلام من بۆ گەران بەدوای ئەودا دەهاتم بۆ ئێرە. بەرەو قاوەخانەی ((لاکوبول)) رۆیشتم، بەو هیوایەی خەریکی قاوەخواردنەوەی ئێوارەی بێت، یان لە پێکێکی نزیك وەختدا خەمی خۆی برەوێنێتەوە.

لە سووچی لای تارمەکەدا دانیشتبوو. کە ناونیشانێکی گەورەی خۆشەویستی بوو. منیش ونبووی نێوان رستەکان و بێدەنگی بووم.

تارادەیەکی بێ سنوور هەستم بە خۆشەویستی دەکرد.

- بۆچی تەنیای؟

- تۆ بۆچی لێرەیت؟

راهاتبوو ژنان دوای بکەون، بۆیە پرسیارەکەی لەنێوان لێوەکانییەوە وەکوو پێشکەشکردنی شانۆییەکی دووبارەی گالتەجاری بەدەر کەوت.

ولامم نەدایەوە. پرسیارەکانمان یەکتر بربوون و لەیەك بێدەنگیدا خامۆش بوون.

من ژنێکم قسە نازانم.

کورسییەکم راکێشا و بە تەنیشتییەوە دانیشتم. لە دەوروبەری شەشدا وەستا، ئێوارە وەستا.

لە شەشی شوبات/فبرایەردا پێویست بوو زەمەن تۆزێك ئاور لە رابردوو بداتەوە.

- لەم رۆژەدا و لە سالی ١٩٢٨، ئالێرەوە، لەم تارمەیەدا ((ئیلزا ترویلی)) و ((لویس ئەراگۆن)) بەیەك گەیشتن.

بەبێ ئەوەی هیچ بلێت، زەردەخەنەیەك گرتی.

من گوتم:

- که بەیەکگەیشتن شەشی ئێوارە بوو.

سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و قەڵەمەکەی دانا.

من بەردەوام بووم:

- لە شەشی شوبات/فبرایەردا شاعیرێکی عەرەبی لە بەیروت لەدایك بوو، ناوی ((ئەیس...))ە.

دەستی بە پێکەنین کرد و ئاوڕێکی بەلای تارمەکەدا دایەوە:

- هەردەم دەگەڕێیتەوە بۆ سەرەتا.

- جوانترین شت لە خۆشەویستیدا سەرەتایە، هەموو ساڵێك لە خۆشی دابیت.

گوتی:

- سوپاس.

جگەرەکی داگیرساند:

- پێویستە بڕوا بکەیت من ئەو کەسە نیم چاوەڕوانی دەکەیت... رۆژگار و مێژوو بەلای منەوە بەتاڵن لە مانا و لە... خۆشەویستی.

قسەکەیم بڕی و گوتم:

- بۆچی بڕوا ناکەیت شوێن دەسەڵاتی خۆی هەیە. ((بیکاسۆ)) و ((مایکۆفسکی)) و ((سارتەر)) و ((بوفوار)) و ((میلەر))، هەموو ئەمانە لێرە بوون. لێرە ئێوارە ساردەکانیان بە شیعر دادەپۆشی، ئەو شیعرەی تۆی هێناوە بۆ ئێرە و ئەو خۆشەویستییەی منی پەلکێش کردووە بۆ ئێرە.

چەژنی لەدایکبوونی چل ساڵەی بوو، ئەو تەمەنەی ژنان لەژێر پێیدا دەژاکان.

منیش دەژاکام.

هەورەکان سەرسام بوون و تارمەکەش ئاهەنگی یادی ((تەلزا)) و ((ئەراگۆنی))ی دەگێڕا، بەڵام ((ئەیس...)) بە زەردەخەنە و گاڵتەجاڕییەوە جگەرەی دەکێشا.

قەڵەمەکەی لە تەنیشتەوە...

شیعر لەلاپەڕەی یەکەمە...

پرسیم:
- چیت نووسی!
وڵامی دامەوە:
- هیچ شتێکی گرنگ نا.
بەرەو هێمنییەکی زیاتر ئێوارە درێژەی کێشا. بارانەکە هۆنراوەی ((مونبارناس))ی وەك تریشقە هەورێك، بڵاوکردەوە و وەکوو سەماکەرێکی شێت سەمای دەکرد. من و ئەو لە بۆشاییەکدا بووین وەهم و رۆحەکان داگیریان کردبوو، لێی نزیك بوومەوە و ویستم ماچی بکەم.
رووی دوورخستەوە و چاوەکانی بە پەرۆشییەکەم پێدەکەنین.
بە نیسبەت منەوە کات درەنگ بوو، پێویست بوو بڕۆم پێش ئەوەی بێدەنگی قووتم بدات.
دەستم خستە ناو دەستی و رۆیشتم.
ماچەکە بە هەڵواسراوی مایەوە و لە شیعرەکەی پەڕەی یەکەمی دەڕوانی. لە حەوتی ئێوارەدا ((مونبارناس)) هەموو تواناکانی زمان دەبەزێنێت. شۆستەکان دەبریسکێتەوە، باران ئاڵۆش و پڕ هەوەسە، حیکایەتەکان دەست لە زۆر بلێیی خۆیان هەڵناگرن.
((ئیلزا)) و ((ئەراگۆن)) لێرە بوون. هەموو شتەکان داو لە فەلەکی خۆشەویستی بە نهێنی دەخولێنەوە.
بە وردی شەقامەکەم نەناسی، بەڵام باش دەمزانی کە ((ئیلزا)) بە دوانزە ساڵ پێشتر ((ئەراگۆن))ێ بەجێ هێشتت. زۆر گران بوو بەبێ ئەو بتوانێت بژێ. بۆیە لە حەوشەی ئاشە کۆنەکە تەرمەکەی ناشت و کردی بە ماڵ و حاڵی خۆیان و پێشکەش بەوی کرد، لە نزیك دڵییەوە ناشتی.

به تەنیشت گۆڕەکەیەوە ((تەسجیلێك))ی دانا و شەو و ڕۆژ مۆسیقای ((باخ))ی لێدەدا و تاوەکوو ئێستاکەش بەردەوامە، بەڵام ئێستاکە بۆ هەردووکیان مۆسیقاکە بەردەوامە لە ژەنین، پاش ئەوەی خۆشەویستی و گۆڕێکی هاوبەش کۆیانی کردەوە.

چل ساڵ بەشی ئەوەی نەکرد هەموو وردەکارییەکانی خۆشەویستی شارەزابن و تیایدا بژین... چل ساڵ!!

کۆشکێك لە خۆشەویستی... قەڵایەکی دیوار بڵند لە پەرۆش و تاسە... شارێکی تەواو لەسەر بنەمای خۆشەویستی و شیعر بونیات نرابوو. حەوشەی ئاشێکی کۆن شایەت حاڵی ئەوەیە کە ئەشێت خۆشەویستی بەردەوام بکرێت.

((مۆنبارناس)) بەدەنگی مۆسیقای ((ئەلڕای)) ناڵەی دێت. بەردەوام باران دەبارێت و منیش لەکاتی دەرچوونمدا بیرم چوو چەترەکەم هەڵگرم و ماچەکەم لێ بەجێما و هەر لەوێ بە هەڵواسراوی مایەوە.

خۆشەویستی

شیعر

((لاکوپول))م بەدەیەها هەنگاو بەجێ هێشتووە. ئەو تەڕییەی لە جەستەمدا هەیە، گۆڕیمی بۆ ئافرەتێکی ئالۆش و پڕ لە هەوەس و ئارەزووی لە ئامێزگرتنی لەلام دروست کرد.

((ئەیس...)) لەسەر کاغەزەکەی دەکوژایەوە و منیش ((ئاە)) دەچۆڕایە ناخمەوە.

دەستەواژەیەکی کۆنی مالیك حەداد، لە هەموو لایەکەوە باوەشم پیا دەکات:

((گەمژەیەییە دوور لە گۆڕەکەی خۆمانەوە بمرین)).

لەو کاتەی ((پاریس)) جوان و گەشاوەیە، ((قوسەنتینە)) لە باوەشی پیاوێ‌ی دڕەندە و بێ دڵ و بێ دەماغ و بێ دەنگ خەوتووە و شیعرێك دەڵێت کە دەمان گریەنێت، نەك وەکوو پاریس، کە ئەو شیعرە دەڵێت لە هۆڵەکاندا بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لێدەکەن، لەو ساتەدا تەنیا پێویستیم بە پیاوێك بوو باوەشم پیا بکات و لە ئامێزم بگرێت و لە بۆنیدا نوقم ببم و چاوەکانم بکەمەوە ببینم ئەو کەسە ((ئەیس...))ە.

لە شەشی شوبات/ فبرایردا ((چایکۆفسکی)) کۆچی دوایی کرد و هەموو دونیا بێدەنگ بوو. ((چرکەیەك بێدەنگی هەیە لەو مێژووە وەلانراوە)).
((ئەیس...)) تۆ لەو رۆژەدا لەدایك بوویتە.

* * *

کە بەیانی زوو لەخەو هەستام، تایەکی گەرم ماندووی کردبووم. ژوورەکەم بۆنی جل و بەرگە تەڕەکەمی لێدەهات کە لای جێگای خەوتنەکەمەوە فڕێم دابوو. ((موو...)) وەکو هەموو جارێکی نەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە.
جەستەم گڕی تێبەر بووبوو... پێخەفەکەم گەرم بوو... چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك... لە ئاوێنەکەدا دیمەنم زۆر ترسناك بوو.
دوو حەبی ((پەنادۆڵ))م خوارد و لە جێگاکەی خۆم پاڵ کەوتمەوە... دوای یەك کاتژمێر خەوم لێکەوتەوە. لە دەنگی پێی ((موو...)) جارێکی دیکە بەخەبەر هاتمەوە. بە زەوق و خۆشییەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و بە زمانێکی قورس گۆرانییەکی کچە گۆرانیبێژ ((فەزیلەی جەزائیری)) دەوتەوە. دیاربوو ئەو شەوەی بەبێ ((گۆشتی سپی)) نەبووە، هەروەکوو خۆی دەڵێت.
گوێم نەدا...
سەرم لەژێر سەرینەکەدا شاردەوە و جارێکی دیکە خەو بردمیەوە.
جەستەم پەرش و بڵاو بوو. خەونم بەدەستێکی ساردەوە بینی کە بەسەر هەندێك شوێنی لەشما دەهات.
جارێکی دیکە لە دەنگی ((موو...)) بەخەبەر هاتم، لەگەڵ کچێك بە تەلەفۆن قسەی دەکرد، لە حەمامەکەوە گوێم لە دەنگی بوو، دەیگوت ((بەچکە پشیلەکەم ئێستا بخەوە، بەیانی رۆژێکی دوور و درێژ چاوەڕوانمانە)). دوای ئەوە هات و وەکوو تۆپەڵێك لە پیسایی بە تەنیشتمەوە پاڵ کەوت، تاڕادەی رشانەوە بۆنی جنس و هەوەسبازیی لێدەهات.

لە جێگاکەم هەستام و ژوورەکەم بەجێ هێشت. ماوەیەکی زۆر لەبەردەم پەنجەرەی چێشتخانەکەوە وەستام، تێبینیم کرد کە بە سەیارەکەی نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە. وادیارە ((بەچکە پشیلەکەی)) گەیاندوویەتی بۆ ماڵەوە، ئەویش ماڵەکەی لەم نزیکانە نییە، رەنگە بەهۆی ئەمەوە بووبێت نەخەوت، تاوەکوو بە تەلەفۆن دڵنیابێت بە سەلامەتی گەیشتۆتەوە. لە پەنجەرەکەمەوە روانیم سەرەتای رۆژهەڵهاتن لە پاریسدا رەنگی خۆڵەمێشییە و وەکوو کلۆ بەفر، کز و مات، بە دەرکەوتنی باڵەخانە بێدەنگەکان دەست پێدەکات.

چەند جیاوازی هەیە لە نێوان بەرگی سەرسووڕهێنەری شەوانی پاریس و بەرگی رۆژانەی کە هیچ رەنگێکی نییە.

خەمم بۆ رۆژی قوسەنتنەیە کە مزگەوتەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. خەمم بۆ بۆنی ئەو نانە تازانەیە کە ئاماژەیە بۆ سەرەتای بەیانی.

لەپڕ زەمەن وەکوو ئەوێی لێهات. شەقامی ((شوڤالییە)) رووبەڕوومی داگیر کرد، دەم و چاوەکان، کرژ و مۆن و ماندوو، ماندوو، لاواز... ((قوسەنتینە)) بەیانیان زەردەخەنە نازانێت، کە رووبەڕووت دەبێتەوە دەڵێیت سزای کاتەکانی خەوەکانت دەدات و پاشماوەی خەونەکانیشت دەکرۆژێ تاوەکوو رۆژێکی ناخۆشت پێ ببەخشێت.

* * *

بێ لە مێینەیی خۆم، لەو شەقامانەی بێزار نەبوون لە ئەشکەنجەدانم، هیچی دیکەم شك نەبرد. لە قاوەخانەکەی ((بسفۆر))ەوە تاوەکوو ((ئوتێلی زەیت)) ماوەیەکی دوور نەبوو، بەڵام ئازار هەر جارەی شێوەیەك وەردەگرێت.

کە سەردانی ((مامە محیەدین))م دەکرد، بەرامبەر بە قاوەخانەکە و لەسەر شۆستەکە دەوەستام. چاوەڕوان بووم ئاوڕ بداتەوە. هەر کە ئاوڕی دەدایەوە و دەیبینیم هەرچی بەدەستەوە بوایە بەجێی دەهێشت. بەیەکەوە دەچووین بۆ ((ئوتێل زەیت)) کە ژوورە هەژارەکەی لە نهۆمی یەکەم بوو. لەوێدا کەمانچەکەی و چیرۆکی شەوانی

رابواردنی و تلیاك و چیرۆکەکانی هەزار شەوە و ئەو خۆشەویستییەی هۆش و تەقڵی نەهێشتبوو، عەزاب و ناخۆشی قێزەونی لەگەڵ ((حبوبە)) و... کۆمەڵێك شتی دیکەش کە لە دواییدا باسیان لێوە دەکەم، ئەمانە هەموو چوار دیواری ئەو ژوورە کۆی کردبوونەوە.

پەیوەندیم لەگەڵ ((مامە محیەدین)) لە زۆر زووەوە دەستی پێکردبوو، ئەوکاتەی منداڵ بووم، ئامێرە مۆسیقییەکانی و ژیانە سەیر و سەمەرەکەی کە لە نێوان گەڕەکی ((خەندەق)) و ئاهەنگی ژنهێنان و مەیخانەکان بەسەری دەبرد، نازانم بۆچی وا سەرنجی راکێشام.

رەنگە ناوبانگی خەراپ بووبێت و وەکوو باوکە پۆلیسەکەم خۆڕاگر و رێکوپێك نەبووبێت، بەڵام یەك پارچە بوو لە هەست و سۆز. رەنگە هەر بەهۆی ئەو هەست ناسکییەی بووبێت کە دەیزانی من مەیلم بەلای مۆسیقادا هەیە و هۆگری کەمانچەم. بۆیە بڕیاری دا فێری کەمانچەژەنینم بکات. پاشان فێری بیست و شەش ((نەوبات))ەکەی مالوفی کردم ((کە بەشێکە لە مۆسیقای میللی جەزائیری)).

مامم زۆر سەرسام بوو کە بینی زۆر بە کارامەیی فێر دەبم.

رەنگە باوکم زۆر لەوە ترسابێت کە جیهانی هونەری گومانلێکراو رامبکێشێت و بەرەو هونەر بڕۆم. چونکە درەنگ زانی کە لەژێر دەستی مامما فێری کەمانچەژەنین دەبم. زۆرجار ((ئەلیاس))ی برام هەوڵی داوە سەردانی مامم نەکەم، بەڵام دوایی ئەوەی دەستی بە یاری بۆکسێنی کرد، وازی لە من هێنا، نازانم بۆچی ئەمانە هەمووی دێتەوە یادم؟

بۆچی ((قوسەنتینە)) بە شەپۆلێك خەمی تاریك دادەگرێت؟

بۆچی لەناو پەرستگاکەی ماری، دیمەنی مردووەکان دێنەوە یادم؟

هەندێکجار نەنکم لە یادە و هەندێك جاری دیکە مامە ((محیەدین))م، کە لە زستانی ساڵی ١٩٩٥ لە ژوورەکەی خۆی لە ((ئوتێل زەیت)) تیرۆر کرا. بە باشی رووداوەکەم لە یادە، لەبەر ئەوەی باسی نامەیەکی بۆ کردم کە لە کەسێکی نادیارەوە بەدەستی گەیشتووە و داوای لێدەکات ((جزیە)) بدات بە ((ئەمیری موسڵمانەکان)) لە بەرامبەر ئەوەی ژیانی بپارێزن.

- ئەمە چییە، گاڵتەمان پێدەکەن؟
ئەمەی گوت و پارچە کاغەزەکەی لە سوچێکی ژوورەکەی خۆیدا فڕێ دا.
دوای ئەوە بە دوو ڕۆژ گەنجێکی ریشن، شەو لە دەرگاکەی دا و داوای ((جزیە))کەی کرد.
بە گاڵتەجاڕییەکەوە پێی گوت:
- بۆ وادەزانی هونەر نان بۆ من پەیدا دەکات تاوەکوو ((جزیە)) بۆ تۆ پەیدا بکات؟
گەنجە ریشنەکە وەڵامی دایەوە:
- باوەڕ ناکەم.
- کەواتە لاچۆ لەبەر چاوم.
بەڵام گەنجەکە نەڕۆیشت و زۆر بە ساردی پێی گوت:
- کەواتە لەسەر ئەم ئەساسە تۆ کافریت و پێویستە بمریت.
لەژێر کراسەکەیەوە دەمانچەکەی دەرهێنا و سێ فیشەکی بەسەر سینگییەوە نا و ڕای کرد، مامم یەکسەر نەمرد. ماوەی حەوت کاتژمێر بەرگریی لە مردن کرد و بۆ بەیانی زوو کۆچی دوایی کرد.
((مەحبوبە)) بێوەژن کەوت، منیش هەتیوو کەوتم، بەڵام یاخی بوونەکەی بۆ من بەجێ ماوە. ((مەحبوبە))ی لە مەیخانەکان دەرهێنابوو، پاشان خواستی. بەمەیی و تلیاك و ئاوازەکانییەوە ژیانی دەبردە سەر و ئەمانەش لە خوێنمدا وەك یاخیبوون جێگیر بوون.
((محیەدینی بوستانچی))... ئەم بەیانیەت پێشکەشە.

* * *

قینم لە پاریسە... قینم لەو شارانەیە کەوا لە کەسێك دەکەن خەمبار بێت یان بەختەوەر، لەبەر هۆیەکی زۆر روون و ئاشکرا. قینم لەو بوونەوەرە شووشەییانەیە کە تیایدا نیشتەجێن.
قینم لە ((مود...))ە.

له ((قوسەنتینە)) شەقامەکان خۆیان هۆی خەمبارین. زمان لەسەر شۆستەکان راخراوە. گوڵ، داری سیواك، کلی چاو، قووتووی یاسەمین، زێڕی ساختە، ئەو کەلوپەلانەی لەودیو دەریاکانەوە دێن، هەموو شتێك بۆ فرۆشتن دانراوە... تاوەکو چاوی هەژارەکان و پێستە ئەسمەرەکەیان کە هەزارەها مانای هەیە، شانۆگەرییەکی گەرمی بەردەوام بوو... هەموو رۆژێك بە بەلاش و بەبێ بەرامبەر پێشکەش دەکرا.

باڵەخانەکان خەمیان لێ دەتەکێ و رووەکان، دەم و چاوەکان، لێوەکان، بەلەکۆنەکان، پەنجەرەکان، هەموو شتەکانی دەوور بەریان خەمبار و ئاڵۆزن.

هەموو شتەکان ئاڵۆزن و زەردەخەنە دایگرتوون.

کە لە هەموو شتەکان دەڕوانیت، سەرسام دەبێت و نازانیت بەختەوەریت یان خەمباریت؟!.

تەنیا لە ((قوسەنتینە)) بە هەمان هۆکار تۆ خەمباریت یان بەختەوەر. تاوەکو زمان... تاوەکو مالوف... تا مردنیش، ئەمانە هەمووی یەك ریتمیان هەیە و هەمان هۆی هاوبەشیان هەیە.

* * *

پێش مردنەکەی بەیەك رۆژ، سەردانی کردین و پەسەندترین کەمانچەی خۆی بەدەستەوە بوو، یەکە یەکە ناوچەوانی کچەکانی ماچ کرد.

هەروەکوو هەموو جارێك بە دایکمی گوت:

- هێشتا بەدەست ئەو پۆلیسەوە ئازار دەچێژیت؟

باران دەباری و شەقامی ((شوفالییە)) ئارامی و بێدەنگیی دوای نیوەڕۆ دایگرتبوو. هات بۆ لام کەمانچەکەی پێبەخشیم و بە گاڵتەوە گوتی:

- پێویستە لە شوێنێکی باش بیشاریتەوە نەوەکوو ئەو پۆلیسە بیدۆزێتەوە و لەسەرتا بیشکێنێت؟

سەرسام بووم...

ئەوکاتەی بەدەستمەوە گرتم، ترس و خۆشییەك لەیەك کاتدا دایگرتم:

- چۆن دەستبەرداری دەبێت؟

بە زەردەخەنەوە وڵامی دامەوە:

- دەستبەرداری نابم، بەڵکوو بە ئەمانەت لای تۆ دایدەنێم.

پرسیم:

- سەفەر دەکەیت؟

جارێکی دیکە بە گاڵتەوە وڵامی دامەوە:

- نا ناڕۆم ((تا لێرەدا دەمرم)).

دایکم پێکەنی و قاوەکەی پێشکەش کرد و گوتی:

- کەواتە دەمریت؟

ئەوکاتەی بیری لە وڵامدانەوە دەکرد، من کەمانچەکەم هەڵگرت و دەستمکرد بە ژەنینی ئاوازی نۆبەی زێدان، کە یەکێکە لە نۆبەکانی مالوف. پاشان لە جانتاکەی دامنایەوە و وەکوو خۆی شاردمەوە و هەڵمگرت.

تەنیا ئەو ڕۆژە زانیم کە ((مامە محیەدین))م چەنێ پیر و لاواز بووە... پیرێکی پەنجا ساڵی بوو.

* * *

ئاواتەخوازبووم مۆسیقا بژەنم...

بەڵام پاریس بەرامبەر ئارەزووەکانت بە میلی سەعات دەوەستێتەوە. مۆسیقا ژەنین لە بەیانییەکی وا زوودا هەرگیز ناشێت.

ئەمەیە جیاوازی...

((قوسەنتینە)) هەموو کاتێك خەمەکانت لە باوەش دەگرێت و لەگەڵ دەرکەوتنی شەفەقیشدا دەتوانیت مۆسیقا بژەنیت.

بەیانییەکی وەکوو ئێستا بوو، بۆ مامە ((محیەدین))م دەگریان، کە بەهۆی برینەکانییەوە لە خەستەخانەی زانکۆی ((قوسەنتینە)) گیانی لە دەستدا. بنەماڵەی ((بوستانچ)) بە دەوڵەمەند و هەژاریانەوە هەموو کۆبوونەوە بۆ بەرێکردنی. رۆژی جەنازەکەی هەموو کەسایەتییە گرنگەکانی ((قوسەنتینە)) ئامادەبوون و پێش ئەوەی بە خاکی بسپێرن خەڵاتی رێزلێنانیان پێی بەخشی.

ئەو رۆژە باوکم و دەوڵەمەندەکانی بنەماڵەی ((بوستانچی)) بۆیان دەرکەوت کە ئەو کەسە تەریك و دوورخراوەی لە ((ئوتێل زەیت))دا ژیانی بەسەر دەبرد، لە هەموویان بایەخی زیاتر بوو.

بواری بەرگریکردنم نەما لە ژەنینی مۆسیقا... ((کەمانچە)) نایابەکەی مامە ((محیەدین))م دەرهێنا و دەستم کرد بە ژەنینی ئاوازێکی میللی جەزائیری.

لەوکاتەی کەمانچەم دەژەنی و دەگریام زۆرم پێناخۆش بوو لە دەرگاکە درا. هەستام و بیرم لە داوای لێبوردنی دەکردەوە بۆ ئەم دراوسێیەی بەو بەیانی زووە مۆسیقا ژەنینەکەم بێزاری کردووە.

دەرگاکەم کردەوە، دوو چاوی ئاشنا بە زەردەخەنەوە تەماشای دەکردم. بەبێ دەنگی مایەوە، وەك بڵێیت قسەی بیرچۆتەوە. من پێشکەوتم و دەستم بە قسەکردن کرد.

- داوای لێبوردن دەکەم... ئەوا لە مۆسیقاژەنینی وەستام.

باڵایەکی مام ناوەندی و قژێکی رەشی تا سەرشان درێژ و پێستێکی سپی، کە زۆر پێی ئاشنا بووم. سیمایەکی هەبوو راستەوخۆ لە دڵدا جێگیر دەبوو بە شێوەزاری ((قوسەنتینە)) گوتی:

- تۆ جەزائیریت و خەڵکی ((قوسەنتینە))یت؟

پێویست بوو زەردەخەنەیەکی بۆ بکەم ((قوسەنتینە))، لە چاوەکانیدا رەنگی دەدایەوە، دەستی هێنا و منیش دەستم درێژکرد و تەوقەیەکمان کرد.

هێشتا بەردەوام دەستم لەناو دەستیدا بوو گوتی:

- تۆ تات لێیە؟

وڵامم دایەوە:

- تۆزێك.
یەك هەنگاو بەرەو دواوە گەڕایەوە موفاجەئەیەکی دیکەی پێشکەش کردم.
- ((تۆفیق بوستانچی))، من دراوسێی نهۆمی سەرەوەم.
پێویست بوو ئەم جارەش زەردەخەنە دامگرێت و لەبەر خۆمەوە وشەی ((بوستانچی))م دووبارە کردەوە.
- ڕێکەوتێکی سەیرە، منیش ((بانی بوستانچی))م.
سەرسامییەکەی لەمن زیاتر بوو:
- کەواتە ئێمە لە یەك خێزانین.
ئەمە دیاری مامم بووە لەو بەیانییە چاوەڕوان نەکراوەدا. ئەمەش ڕێڕەوێکی دیکەی ژیانم بوو، کە لە دونیا ئالۆز و جەنجاڵییەکەی ((مود...)) و ((ئەیس...)) و ((شەرف)) و خیانەتە بچووکە بێماناکان جیادەبۆوە و ڕێچکەیەکی دیکەی ژیانم ئاڕاستە دەکرد.

* * *

یەك ساڵی نیشتەجێبوون لە پاریس یەك ساڵی ژیان بەسەربردن لەسەر کەشتییەکی ون بوو.
- پێشتر هەر لێرە دادەنیشتیت؟
- نا، بەهۆی کارەکەمەوە وەك مامۆستا لە ((کونسرخاتوار)) لە ((مارسیلیا)) بووم.
- ئەی لە کەیەوە لە پاریسی؟
- نزیکەی شەش مانگە.
- من هەرگیز حەزم لە پاریس نەبووە.
- ئێمە حەزمان بەو شوێنانە نییە کە برادەر و هاوڕێمانی لێ نییە.
- زۆربەی جار من بە تەنیایی پشوو دەدەم.
- زۆربەی جار بە وەهمی تەنیاییەك پشوو دەدەین کە بە کەسانێکی ئاشنا دەووری دراوە.

* * *

هەندێکجار کە ڕۆژگارەکانم بەتاڵە، پەنا بۆ خەو دەبەم. هەندێك جاریش لەگەڵ ((مود...)) هەڵدەستم هەوڵ دەدەم دەمەتەقێی لەگەڵدا بکەم، تاوەکوو دیواری بێدەنگیی نێوانمان بشکێنم و شتێکی هاوبەش دروست بکەم، بەڵام هەردەم شکستم دەهێنا، چونکە ئەوەی لە نێوان من و ئەودا بوو، تەنیا جیاوازیی تەمەن نەبوو. کە بەیانیان نیسکافەکەی دەخواردەوە دەمپرسی:

- بیری ((قوسەنتینە)) ناکەیت؟

بەشێوەیەك وڵامی دەدایەوە، پرسیارەکەی بۆ خۆم دەگەڕاندەوە:

- ئەگەر بیری خێزانەکەت دەکەیت، دەتوانیت سەفەر بکەیت.

بێدەنگ دەبم. ئارەزووی بینینی خێزانەکەم وەك گۆمێکی لیخن وایە. بەڵێ، من ئارەزووی بینینی شارەکە و دیمەنەکانی و جموجۆڵی و هەناسەی و ڕۆحی دەکەم. ڕەنگە زۆر پەرۆشی بینینی ((شاهی)) خوشکم بم. پێویستم بەوە هەیە لەبەردەمیدا خۆم رووت بکەمەوە و هەموو شتەکان دامالّم، ((مود...))ی موهاجیر رووت بکەمەوە، ئەو پیاوەی شووم پێی کردووە.

بێگومان پێی دەڵێم چۆن بەزۆر لە پشتەوە لەگەڵیم رایبواردووە و چۆن بەهۆی ئەوەوە تووشی شکستی بووم و گەورەترین ئەشکەنجەم ئەوە بووە چۆن بچمە حەمام و دەست بە ئاو بگەیەنم... هەموو جارێ دواوەم تووشی خوێن بەربوون و برینداری دەبوو.

خۆشەویستی تەنیا لە جێگای خۆیەوە دەکرێت باسی ئەوەش بۆ ((شاهی)) دەکەم کە چۆن بەدیار فلیمی رووتەوە دەستپەڕی دەکرد...

بێگومان باسی ئەوەی بۆ دەکەم کە چەند قێزم لێی دەبێتەوە، هەرچەندە بە رووتی بیبینم و چۆن ئەوکاتانە مرۆڤێکی سارد و سڕ لە ناخمدا دروست دەبێت. دەبێت باسی هەستکردن بە رشانەوە و هێڵنجەکانمی بۆ بکەم لەو کاتانەی ناو گەلێم دەبینی.. ئەوەشی پێدەڵێم، چۆن ویستی بۆی بمژم و چۆن هەناوم هاتە دەرەوە هەر کە تامی ترشی و بۆنی میزەکەیم کرد.

قسه دەکەم و بێدەنگ نابم. ئەم زەمەنە زەمەنی بێدەنگی نییە، باسی ((ئەیس...))ی بۆ دەکەم... باسی تام و چێژی ماچەکەی... ئارەزووی مژینی و توانەوە لە بۆنەکەیدا.. باسی ئەمانەی هەموو بۆ دەکەم.

ئۆۆ... ئەوپەڕی پێم دەڵێت بویتەتە قەحپە. یان دەڵێت لەشت پێس بووە.

نا... ناتوانم پێی بڵێم قینم لە ((مود...))ە و حەزم لە ((ئەیس...))ە و شەوێك لە ماڵەکەی ((ماری)) دەگەڕاینەوە ((شەرف))م لەناو ئەساسێرەکە ماچ کرد و ماچەکەشی هیچ کاریگەری بەسەرمەوە نەبوو. ماچم کرد و هەر لە هەمان سات و وەختدا لە یادم کرد و کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هیچ یادگارییەکی ئەو ماچەم لەلا نەمابوو.

بێگومان جورئەتی ئەوەم نییە کە پێی بڵێم ماچی بەپەلە وەکوو قووتدانی حەبی نەخۆشی وایە.

ئەو کەسەی دەیەوێت ئافرەتێك ماچ بکات و هەموو ژیانی بگۆڕێت، پێویستە لێوەکانی لە لێوی بخشێنێت و زۆر ئارام و لەسەرخۆ بێت و لەنێوان هەر بەریەککەوتنێکی لێوەکانیاندا شتێك بدرکێنێت... هەروەکوو ((ئەیس...)) کردی لەگەڵ مندا.

پێویستە زمانی رابێنێت ئەو سەمایە دووبارە بکاتەوە، سەمایەك وەکو یۆگا تێڕامان و چڕکردنەوە لەخۆ بگرێت.

ماچ وەکوو نوێژکردن وایە، سوجدە و پاڕانەوە و خۆبەدەستەوەدان و نزا و دوعای تیایە. نەك ماچەکەی ((شەرەف)) کە بۆنی تووتن و قاوەی لێدەهات و زمانی رەق و وشك وەك سەربازێکی ناشارەزا بەرامبەر گەورەکەی وەستابوو. نەك ماچەکەی ((مود...))، ماچی لێوی داخراو کە وەك تابوتێك وایە جەنازەیەکی تیابێت. رەنگە درۆ بکەم و حیکایەتێك رێك بخەم شایەنی ماچەکەی ((ئەیس...)) بێت، بۆ ئەوەی بۆ ((شاهی)) بگێڕمەوە. ئای کە حەز دەکەم بزانم چۆن لەگەڵ مێردەکەیدا دەژێت و چۆن بەردەوامیی داوە بە ژیانی جنسیی خۆی، هەرچەندە سێ منداڵیان هەیە.

حەزدەکەم بزانم دایکم چۆنە ئەم هەموو کچەی بووە و چۆن توانیویەتی لەژێر ئەو ژیانە پۆلیسەدا، بەو تووند و تیژییەیەوە بەردەوام بێت.

حەزدەکەم بزانم بە شەو چۆن وایدەکرد و بە ڕۆژیش دەگۆڕا بۆ پیاوێکی دڵڕەق و بێسۆز و حەنان و بێ شەهوەت و هەوەس و بێ غەریزە. ئەی چۆن ئەو دیوارە نەبینراوە لە نێوان خۆی و دایکمدا دروست بکات و دایکم بە ((ژنەکە)) بانگ بکات. نازانم چۆن دەیتوانی لەگەڵ ئەو دووفاقییەی خۆیدا بژێت. ئەی چۆن دەیویست وامان لێبکات کە بڕوا بکەیت جنس عەیبە و ئەوانەی لە جنسەوە نزیکن عەیبە و وشەی خۆشەویستی کە ((عەبدولحەلیم)) لە گۆرانییەکانیدا دووبارەی دەکاتەوە هەر زۆر عەیبە.

چۆن... چۆن... چۆن

لە دووفاقی و دووڕوویی ژنان و پیاوانی گەڕەك تێنەگەیشتم.

تێناگەم چۆن بە ڕۆژ ((ژنەکە)) و ((پیاوەکە))ن و بە شەویش ئارەزووی یەکتر دەکەن؟

ڕەنگە هەندێك وڵام لەلای ((شاهی)) هەبێت. چونکە ئەو لەلای ژنەکان دادەنیشت و لەگەڵیاندا باسی شتە قەدەغەکراوەکانیشی دەکرد، تاوەکوو پێش شووکردنەکەشی هەر وابوو.

ڕەنگە.....

من دەمزانی سکس لەلای ((مۆرفیا)) یان ((برۆست)) یان ((فلوبێر)) چییە و چی دەگەیێنێت، بەڵام ئەوان نهێنییەکانی گەڕەك و نهێنییەکانی ژنە موحەجەبەکان و حەیا و شەرمیان نازانێ، ئەوان شارەزای نهێنی ئەو قامچیانە نەبوون کە هەرچەند ئارەزووی جووڵانەوەی هەبوایە بە شوێنی هەستیاری هەوەس و شەهوەتیان دەکێشا.

ڕەنگە ((مود...)) هەستی بەوە کردبێت کە لە ناکاو خەیاڵم دەڕوات و داڵغەیەکی قووڵ دەمباتەوە، بۆیە بە ئۆف هەڵکێشانەوە هەڵدەستا و دەرۆیشت.

بەڵام من چاوەکانم دادەخست و خۆم دەدا بە دەستی بێدەنگییەوە، تاوەکوو بەسەر باڵەکانییەوە هەڵمبگرێت بۆ شەقامی ((شوفالییە))... لە ناکاو بۆنی نۆك ئەو ناوەی پڕ دەکرد. کاتی کازیوە بوو، دونیا هێشتا تۆزێك تاریکی تیا مابوو. منیش لە سووچەکاندا بەدوای ((عەقیق))ی پشیلەکەمدا دەگەڕام. لەناکاو گوێم لە هەناسە بڕکێی و تاە تاە بوو کە ئەو ناوەی پڕ کردبوو... هەناسەبڕکێ و بۆنی نۆك و ئاخ و ئۆف و پاڕانەوەیەکی نەرمی مێینە.

- دەیەڵا تێیکە، ئاگری هەناوم بکوژێنەوە.

- پێت زیاتر بکەرەوە.

دەنگی پیاوەکە بەلامەوە ئاشنا بوو.

هەناسەبڕکێکە زیادی دەکرد و گڕی ئارەزوو، بۆنی نۆك... دەنگی دار، نزیك دەبۆوە. چاوم کردەوە، سووچەکە تاریك بوو. پیاوێك بەسەر ژنێکەوە بوو.

- .......؟

هەردوو پێم سڕ بوو.

دارەکە نزیك دەبۆوە. ژنەکە داوای زیاتری دەکرد، جەستەی پیاوەکە بە هەناسەبڕکێوە، دادەبەزی و بەرز دەبۆوە.

دارەکە لە پشتم چەقی.

- ئەی کچی سەگ لێرە چی دەکەیت؟

لە ترسا زەندەقم چوو، هاوارم کرد و ئاوڕم دایەوە، دەم و چاوی شێخ عەبدولباقی بە ریشە سپییەکەیەوە رۆشن و ترسناك بەدەرکەوت، دارێکی کێشا بە پشتمدا و منیش دەرپەڕیم و رام کرد.

بۆ رۆژی دوایی لە گەڕەکدا قسە و باسێکی زۆر دەربارەی عەباسی تەباخ و ژنێکی نەناسراو بڵاو بووەوە، کە چۆن لە سووچێکی شەقامەکەدا و بەیانی زوو سواری بووە.

دانیشتوانی گەڕەك لەگەڵ شێخ عەبدولباقیدا کۆبوونەوە و بڕیاریان دا عەباس لەگەڕەك دەربکەن.

((عەقیق))ی پشیلەکەم لای ئاگردانەکەوە خەوتبوو، هەر ئاگای لە یەکەمین خورپە و کارەساتی من نەبوو، دەربارەی جووتبوونی ژن و پیاو.

*　　　*　　　*

هەر ئەو رۆژە لەگەڵ ((ماری)) دەرچووین و بە ((ئەمەل)) و باپیرە ((مۆریس))ی ناساندم، هەندێك پێویستیمان كڕی و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. لەوێوە تەلەفۆنی بۆ ((ئەیس...)) و ((شەرەف)) و هاوڕێكانی دیكە كرد، تاوەكوو دڵنیابێت لەوەی هەموویان لە دانیشتنە هەفتانەكەماندا ئامادەبن و یاری بە كاغەز دەكەین.

تەنیا تۆزێك خەیار و گێزەر و هەندێك پستەی لوبنانی نەبێت هیچی دیكەی ئامادە نەدەكرد. ویسكی لەسەر ((ئەیس...)) بوو، ئەوانی دیكەش خۆیان چییان پێویست بوایە دەیانهێنا.

((ماری)) هەوڵی دا یاری كاغەز و خواردنەوەی مەیم فێر بكات.

نە ئەمە و نە ئەوەی دیكەم لەلا پەسەند بوو.

تامی مەی لە دەممدا وەكوو تامی ئەندامی نێرینەی ((مود...)) وابوو كاغەز یاریكردنیش ئارەزووی من نەبووە. بەلای ((مود...))ەوە، ((ماری)) تەنیا ئافرەتێكی لەشفرۆش بووە و هیچیتر نا.

بەلای ((تۆفیق))ەوە ((ماری)) دراوسێیەكی رووخۆش و پیانۆژەنێكی ئارام بوو.

بەلای منەوە ((ماری)) وەكوو مامە ((محیەدین))م یاخی و سەركێش بووە و هونەر و ژیانی خۆش ویستووە.

ئەو رۆژە، كە هەموو. ئامادەبوون و ماڵەكەیان پڕكرد لە قاووقیژ و دەنگەدەنگ، چوومە جێشتخانەكەوە شتێك بێنم، لەناكاو ((ئەیس...)) لە پشتەوە باوەشی پێمدا كرد و لە ئامێزی گرتم، لە یادمە لە باوەشیدا خەریك بوو ئاگام لەخۆم و لە گەردوون نەمێنێت. نازانم چۆن لە ناكاو ((مەیسەم)) هاتە ژوورەوە و بەیەكەوە بینیمانی و چۆن بە سەرسامییەوە وەستا و تەماشای دەكردین و پاشان یەك زللەی بە ((ئەیس...))دا كێشا و چووە دەرەوە.

لەو رۆژەوە شتێك لە نێوان من و ((ئەیس...))دا شكستی هێنا و شكا و شتێكیش لە نێوان من و ((مەیسەم))دا گەشەی سەند و لەگەڵ رۆژگاردا بوو بە هاوڕێیەكی بەتین و توندوتۆڵ.

ئەو شەوە ((مود...)) زۆر تووڕە بوو، چونکە من تا کاتژمێر ١٠ی شەو لەلای ((ماری)) دواکەوتم و ئەویش ئەو شەوە زوو گەڕابووەوە، کە ئەمە عادەتی ئەو نەبووە و شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، کە دەرگاکەم کردەوە بە زللەیەك پێشوازی کردم، کێشامی بەسەر ئەرزەکەدا و دەستی بە لێدانم کرد. ئەمە یەکەمین جاری بوو بەو شێوەیە توندوتیژ بێت لەگەڵمدا.

شەوێکی لاڵ بوو... بێدەنگ بوو... بێ هەناسە و رەتکردنەوە و نارەزایی بوو.

* * *

نەمدەتوانی چاوەکانم بکەمەوە و دەست و پێم بجوولێنم، بەکورتی وەکوو مردووم لێهاتبوو.

به دەنگێکی قورس و پچڕ پچڕ بانگی ((شاهی))م کرد، بەڵام دەنگی ((تۆفیق)) تەڕ وەکو بارانی بەهار گەیشتە گوێم:

- ساغ و سەلامەتیت ئامۆزا.

حەزم دەکرد بگریم، چونکە زۆر پێویستم بە ((شاهی)) بوو، ئەو رۆڵی دایکی راستەقینەی لەگەڵ مندا دەبینی، بەڵام فرمێسکەکان خیانەتیان لێکردم، وشەکانیش خیانەتیان لێکردم. شتێکی ئاڵۆزم درکاند و کە هەستم کرد پەنجەکانی ((تۆفیق)) بەر لێوەکانم دەکەوێت، بێدەنگ بووم.

ئەوساتە بیرم لە هیچ نەکردەوە، تەنیا زانیم دەیەوێت بێدەنگ ببم و بخەوم، منیش خەوتم. بۆ رۆژی دواتر چاوەکانم کردەوە، کە بینیم چاوەکانم ئاوساوە و جێگای لێدانەکە شین هەڵگەڕاوە، تووشی شۆك بووم.

بۆ رۆژی دوای ئەوە توانیم بە پێوە بوەستم.

دوای چەند رۆژێکی دیکە لە ماڵەوە خۆم بینیەوە.

* * *

لە ((مەرکەزی پۆلیس))ەکە، ئەفسەرەکە شانی لەقاند بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- ئۆۆە... هەمدیسان ژنە عەرەبەکانە!!

ئەمەی گوت، کە من پێیم ڕاگەیاند واز لە مافی خۆم دێنم. پاشان ئاوڕێکی لە ((تۆفیق)) دایەوە و پرسی:

- تۆ عاشقیت؟

- ((تۆفیق)) وڵامی دایەوە:

- بەداخەوە نا، ئەمە خزممە.

ئەفسەرەکە بە گاڵتەجاڕییەکی توونددەوە گوتی:

- ڕێگام بدە با پێت بڵێم خزمەکەت زۆر گێلە.

((ماری))یش ئەوکاتانەی لەگەڵ ((شەرەف)) و ((مەیسەم)) سەردانیان دەکردم، هەروەهای دەگوت.

لە ماڵەکەی ((مود...))دا وام بۆ دەرکەوت کە هەموو شتێك دەسووتێت و منیش خۆم دەبینییەوە بووکێکم لە پوش و پەڵاش و سووتان منیشی گرتۆتەوە.

نازانم بۆچی داوای جیابوونەوەم نەکرد و نەمزانی بۆچی ((مود...)) خۆی تەڵاقی نەدام. ئەی بۆچی سوورین لەسەر ئەوەی پەیوەندیی نێوانمان مۆمیا بکەین و بیهێڵینەوە، هەرچەندە لە راستیدا خۆی مردووە.

بەلایەکی ناوچەوانمەوە شوێنەواری برینێك دیاربوو، زۆر گران بوو ئەو ڕووداوەم بیربچێتەوە.

* * *

جاروبار لەلای ((ماری)) چاوم بە ((ئەیس...)) دەکەوت، تەنانەت سڵاو لە منیش ناکات، لە هەڵسوکەوتی تێنەگەیشتن، بەڵام زانیم کە پەیوەندییەکی جەستەیی لەگەڵ ((مەیسەم))دا هەیە، دوایی زانیم کە ((مەیسەم)) خۆشی ویستووە و ئەویش هەردەم بە راشکاوانە پێ یراگەیاندووە کە پێویستی بە خۆشەویستی نییە. ئەمەش هەر ئەو فسەیەیە کە جارێکیان لە نووسینگەکەیدا بەمنی راگەیاند.

ئایە تەنیا پێویستی بە ئافرەت هەبووە، بۆ ئەوەی شیعرەکانی بنووسێت؟

تا ئێستاش ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم، لە رێگای ((ماری))ەوە زانیم ژنەکەی بەجێ هێشتووە و لەگەڵ ئافرەتێکی فەڕەنسیدا دەژێت و دوای ماوەیەك گەڕاوەتەوە بۆ لای ژنەکەی خۆی و بەیەکەوە سەفرەیان کردووە بۆ بەیرووت.

دوای ئەوە نەمبینییەوە، چونکە خۆمم لە بینینی دەپاراست. هەروەها خۆمم لە زیارەتەکانی لای ((ماری)) دەپاراست و کەمم کردبۆوە. رەنگە هەوڵم دا لە یادی بکەم بەوەی لەگەڵ ((شەرەف))دا سەرکێشییەکی لەو جۆرە بکەم. بەڵام ((شەرەف)) ئارەزووەکانمی نەجووڵاند.

لە راستیدا خۆشم نەویست و قینیشم لێی نەبوو، رۆژێك بەراشکاوی پێمگوت کە حەزم لە ماچی بە پەلە نییە. بە گاڵتەجاڕییەوە پرسی:

- بەم قسە ترسناکەت واتێبگەم کە پویوەندییەکەمان تەواو بوو.

- گوتم:

- مەرج نییە.

- راوەستە... پێویستە تێبگەم من بە تەواوەتی چیم لەسەرە بیکەم.

- شتێکی وا زۆر نا، حەزم بە هاوڕێیەتیت هەیە، بەڵام حەز بە شێوەی ماچکردنەکانت ناکەم، تەنیا حەز دەکەم بۆ گفتوگۆ یەکتری ببینین.

ئەو رۆژە سادیەتی ((ئەیس...))م وەرگرتبوو، ((شەرەف))م لە قاوەخانەی ((فلور)) لە ((بولفارسان جرمان)) بەسەرسامی بەجێ هێشت و نەیدەزانی گرفتەکە چییە. پێش ئەوە بە چەند رۆژێك بەبێ مەبەست وام تێگەیاندبوو کە خۆشیم دەوێت دوای ئەو رۆژە خەمۆکییەکی زۆر توند دایگرتم هەستێك دایگرتم کە ناتوانم وەسفی بکەم، بەڵام زۆر ئازاری دام. بە درێژایی ئەو ماوەیە بیرم لە ((ئەیس...)) دەکردەوە.

بیر لە پیاوێك بکەینەوە و ئەو گوێمان نەداتێ، بەڕاستی کارەساتە و ئەگەر ژنێکیش بیر لە پیاوێك بکاتەوە و بەلای پیاوەکەوە تەنیا درزی شەهوەت و هەوەسەکانی بێت ئەمە کارەساتێکی زۆر گەورەترە.

((ئەیس...)) لەو جۆرە پیاوانە بوو، لەو جۆرە بوو بێ ئەوەی لە دەرگا بدات دەهاتە ژیانی ئافرەتەوە و بەبێ ئەوەی رووخسەت بخوازێت و داوای لێبووردن بکات بەجێی دەهێشت و دەڕۆیشت. ئافرەت بەلای ئەوەوە دەوارێکی بەرەڵا بوو، هەموو کەسێك بۆی هەیە بەکاری بهێنێت.

((ماری)) دەڵێت زۆربەی رۆشنبیرە عەرەبەکان تەنیا وەکوو درزێکی چێژ و خۆش سەیری ئافرەت دەکەن، بۆیە خەباتیان لە پێناوی سەربەستی سێکسیە زیاتر لەوەی خەبات بێت لە پێناوی ئەوەی ژنان لەو واقیعە تاڵە دەربهێنن. ئەوان پەلەیانە، بۆیە دەبینین کۆمەڵ لە شیوێك دایە و ئەوانیش لە شیوێکی دیکەدا.

ماری دەڵێت کە بە ئاسانی ناکەومە داوی خۆشەویستییەوە، ئەمەش وام لێدەکات زۆر بە توانا و بەهێز بیبینم. ئەو وەکوو من نییە... تەنیا لەبەر ئەوەی پیاوێك لەناکاو و لەبەر چاوی خەڵکی ماچی کردم، کەوتمە داوی خۆشەویستییەوە.

وامدەزانی پیاوێك وا هەڵسوکەوت بکات پیاوێکی ئاشقە و بە کردەوەی وەها ئاشکرا خۆشەویستییەکەی رادەگەیێنێت. وامزانی ئەو نموونە رۆمانسییەیە کە لە سینەمای ئەمەرکیدا دەیبینین. بێگومان زۆر هەڵە بووم... پیاوی عەرەب لە ناخیدا میراتی سەدەیەك لە جاهیلیەتی هەڵگرتووە.

ماری دەڵێت کە ((مولحیدێکی رۆمانسی))یە، منیش ئەم دەستەواژیەم زۆر بە نوێ زانی و لە هیچ ئافرەتێکی دیکەدا بەدیم نەکردبوو.

ئەو ئافرەتێکی زیرەك بوو، دەیزانی پیاو لە پیشەی راودا لە هەموو پیشەیەك کارامەترە.

- ماری، ئەی بۆچی خۆشمان دەوێن؟ بۆچی؟

- ئەمە سوننەتی خوایە بۆ بوونەوەرەکانی.

ماری ئیمانداریشە و زۆرجار لە قسەکانیدا پەنای بۆ سەرچاوە ئایینییەکان دەبرد، بەڵام حەزی لە قومارکردن دەکرد و دایدەنا بە تاکە گوناحی لەم ژیانەدا.

* * *

له مانگی ڕەمەزاندا بەرامبەر بە خوا ئەهرم کرد کە لە پاشماوەی ((ئەیس...)) خۆم پاك بکەمەوە و ڕزگارم بێت.

لە ڕاستیدا ئیمان دەتوانێت بە باشی جێگای خۆشەویستی بگرێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت جێگای شەهوەت و هەوەس بگرێتەوە. منیش کێشەکەم شەهوەت بوو... سەرەڕای خۆشەویستی و سەرەڕای شتێکی دیکەش کە لێی تێناگەم. تاوەکوو ((ماری))یش لێمتێنەگەیشت، بەڵام ((تۆفیق)) لێم تێگەیشت.

بە تەواوەتی نازانم چۆن بەرامبەری هەست و سۆزەکانم ئاشکرا کرد، چۆن توانیم، منێکی ژنی بەشوو، هەموو ئەوانەی لەگەڵ ((ئەیس...))دا ڕوویان دا بۆی بگێڕمەوە و... ئەوەشی پێ بڵێم کە ئێستاش هەر بیری دەکەم، هەرچەندە دڵڕەق و دڕەندەیە.

زۆر بیری ڕیشی و بۆنی ملی و تامی لێوەکانی و جەستە پڕ و بەهێزەکەی دەکەم کە هەستێکی جوانی پێدەبەخشیم دەربارەی پیاوەتی خۆی و مێینەی من.

کە ئەم وردەکاریانەم بۆی دەگێڕایەوە، دەگریام و هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم بەو شێوەیە لێم تێبگات و وەکوو منداڵ لە ئامێزم بگرێت و بە چپەوە پێم بڵێت:

- هەندێك پیاو زۆر خراپن و هەندێك ئافرەتیش هەڵخەڵەتاون، ئەمەش مانای وانییە کۆتایی جیهانە. ئەو ڕۆژە پێشنیازی کرد کە لە قاوەخانەی موهاجیرەکان بەیەکەوە گۆرانی بڵێین. بێگومان مەبەستی ئەوەبوو کە دەرم بێنێت لەو گۆڕەی خۆم تیا زیندە بەچاڵ کردووە، پێم تا چەناگەم لە قوڕ و چڵپاوی کێشەکەدا چەقیبوو، بۆیە بڕیارم نەدا ئەو کارە بکەین. بەتەنیا بۆ پارشێو هەڵدەستام و یادی ئەو کولێرە بەڕۆنەم دەکرد کە دایکم بەیانیان بەتازەیی بۆی ئامادە دەکردین، بۆنی قاوە و شیرینیی ((مەسفوف))[1] کە بە مێووژ ڕازا بۆوە... یادی غەڵبە غەڵب و کۆکەکانی نەنکم و بانگی مزگەوتەکان دەکەم کە پارشێوی ڕادەگەیاند... یادی هەوای شەقامی ((شوفالییە)) دەکەم کە بە بۆن و بەرامێکی تایبەت سینگمانی پڕ دەکرد و بە یەکێك لە نهێنییەکانی ئەو شارە دادەنرا.

به تەنیشت مێزی چێشتخانەکەوە دادەنیشتم و کێکە فەرەنسییەکەم دەخستە ناو کوپە شیرەکەمەوە و دەمخواردەوە، هەروەکوو خواردنی پارچەیەك تەباشیر وابوو.

لێرەدا پارشێو هیچ تام و چێژێکی نییە، چەندینجار هەوڵمداوە کولێرە بەرۆن ئامادە بکەم، بەڵام ئەو بۆنەی لە یادەوەرییەکانمدا هەبووە، ئەو بۆنەی لێوە نەهات و تامیشی جیاواز بوو.

لە پاریسدا هەستکردن بە غەریبی کوشندەیە، ڕەنگە ڕۆژووگرتن ببێتە خۆراکی ڕۆحمان تاوەکوو دڵمان بە خۆڕاگریی بمێنێتەوە و خودی ناخمان لە پەرتەوازەیی بپارێزێت.

پرخە پرخی ((مود...)) ژوورەکەی پڕ کردبوو، بە جۆرێك لە مەکینەی کۆن دەچوو. بۆنی ویسکی شوێنەکەی پڕ کردبوو، دوێنێکە ((مود...)) تا زۆر مەست بوو خواردبییەوە و بێگومان لە خۆشی و چێژی ڕۆژووگرتندا هاوبەشی ناکات و بەیانی نیوەڕۆ هەڵدەستا و جگەرە قێزەونەکەی دەکێشا و بە بەرچاوی منەوە کوپە نیسکافەکەی خۆی دەخواردەوە.

لە ڕەمەزاندا لە رادەبەدەر دڕندە دەبێت. کە هەڵدەستم بۆ نوێژ دوام دەکەوێت و بە دەنگێکی گڕ گوێم پڕ دەکات و بە سەرما دەقیژێنێت:

- تۆ ژنی منی...

بە سەرسامییەوە وڵامی دەدەمەوە:

- بەڵام ڕەمەزانە و منیش بەڕۆژووم.

شانم دەگرێت و هەوڵ دەدات بمدات بە سەر ئەرزەکەدا.

- هەر سوارت دەبم هەی قەحپە... بۆت دەسەلمێنم کە لەم ماڵەدا بێ لەمن خوایەکی دیکە نییە.

بە لەقە لێی دەدام و هەوڵم دەدا لێی دوور بکەومەوە و بە نینۆکەکانم دەموچاوی بریندار بکەم و هاوار و قیژەم بەرزدەبۆوە و بە هاوار پەنام بۆ باوك و دایکم دەبرد:

- ئەی باوکە... ئەی دایکە گیان...

- هەر سوارت دەبم و سواری باوك و دایکیشت دەبم هەی هیچ و پووچ.

هاوار و قیژەم زیاتر دەبوو... لەناکاو لە دەرگاکە دەدرا.
لەسەرم هەڵدەستا و پێش ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە، تفێکی لێدەکەم.
دیسانەوە پۆلیسە.
پۆلیسەکە بە ئەدەبەوە لێی دەپرسی:
- گەورەم دراوسێکانت زۆر بێزارن.
جگەرەیەك دادەگیرسێنێت و وڵامی دەداتەوە:
- داوای لێبووردن دەکەم، جارێکی تر دووبارە نابێتەوە.
- بەڵام پێشتریش بەڵێنت دابوو!
- چیبکەم، ژنەکەمە... ناهێڵێت لەگەڵی جووت بم، لەبەر ئەوەی بەڕۆژووە. توو شەرەفت کام خودا جووتبوونی ژن و مێرد قەدەغە دەکات؟
پۆلیسەکە بە زەردەخەنەیەکی گومڕاوە وڵامی دایەوە:
- خودای ئێمە قەدەغەی ناکات، بەڵام خودای ئێوە نازانم.
((مود...)) دەمی دادەچەقاند و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکرد و وڵامی دەداتەوە:
- گەورەم من زۆر ڕێزی خوداکەتان دەگرم.
ڕەزامەندیی ئەوی دەکڕی.
- ئەم جارەیان چاوی لێدەپۆشم، پێویستە کێشەکانت بە هێمنی لەگەڵ ژنەکەت چارەسەر بکەیت. جارێکی دیکە لێت نابوورم.
پۆلیسەکە دەڕۆیشت و ((مود...)) دەرگاکەی داخست و بە ناپاکییەوە پێی گوتم:
- با ئەمجارەش بۆ تۆ بێت، ئەچم بۆ لای ((لیلی))، کە گەڕامەوە کێشەکەت لەگەڵدا یەك لایی دەکەمەوە.

*     *     *

له ره‌مه‌زاندا رۆژگار زنجیره‌یه‌ك ئازاری به‌رده‌وامه‌. به‌ ته‌نیا پارشیو ده‌كه‌مه‌وه‌ و رۆژوو ده‌شكێنم. زۆربه‌ی كاته‌كان به‌ نوێژ و قورئانخوێندن به‌سه‌ر ده‌به‌م، به‌رامبه‌ر به‌خوا هه‌ست به‌ پیسی خۆم ده‌كه‌م، به‌تایبه‌ت كه‌ ماچه‌كانی به‌ دزییه‌وه‌ له‌ گه‌ڵ ((شه‌ره‌ف)) و ((ئه‌یس...))دا كردوومه‌، ده‌هاته‌وه‌ یادم.

سه‌رم سوورِمابوو، تۆ بڵێیت قه‌حپه‌یه‌كی بچووك بم، یان پرۆژه‌یه‌كم بۆ قه‌حپه‌یی، یان من هه‌روه‌كوو هه‌موو خه‌ڵكیم و ئه‌وه‌ی رووی داوه‌ شتێكی سروشتی و زۆر ئاساییه‌؟ له‌خۆم ده‌پرسی بۆچی په‌یوه‌ندییه‌ شاراوه‌كانم له‌گه‌ڵ پیاواندا نه‌پچڕم و كۆتایی پێنه‌هێنم.

بۆچی ژنێكی بیٚ هه‌وه‌س و شه‌هوه‌ت نه‌بم؟

بۆچی كه‌سێك نه‌بم خۆم بۆ عیباده‌ت ته‌رخان بكه‌م؟

بۆچی په‌ری نه‌بم؟

* * *

رۆژانی چه‌ژن، ناخۆشترین رۆژم بوو له‌ پاریسدا. لێره‌ هه‌موو شته‌كان وه‌كوو خۆیانن، خه‌ڵكی به‌رده‌وام پۆشته‌ و قه‌شه‌نگن، منداڵان به‌خۆشییه‌كی زۆره‌وه‌ چێژ له‌ منداڵێتی خۆیان ده‌بینن. شوێنه‌كان پاك و خاوێنن، لافیته‌كان به‌ زه‌رده‌خه‌نه‌وه‌ پێشوازیت لێده‌كه‌ن. شه‌قامه‌كان به‌رده‌وام له‌ چه‌ژنێكی هه‌میشه‌یی دان تاڕاده‌یه‌ك مرۆڤ بێزار ده‌كه‌ن. له‌ ((قوسه‌نتینه‌))دا، خه‌م به‌و جه‌لوبه‌رگه‌ شڕه‌یه‌وه‌ و به‌و سیما تێكشكاوه‌یه‌وه‌، شه‌رم دایگرتووه‌ و خۆی له‌ سوچێكی سێبه‌ردا حه‌شارداوه‌.

چه‌ژن له‌ ((قوسه‌نتینه‌)) سه‌رسووڕهێنه‌ره‌. له‌نێوان په‌نجه‌كانی منداڵه‌كانه‌وه‌ میزلْدانه‌كان سه‌ما ده‌كه‌م و ده‌شكێنمه‌وه‌، ئه‌وانیش ته‌نیا له‌و رۆژه‌دا خۆیان ده‌گۆڕن و به‌ جوانترین شێوه‌ ده‌رده‌چن و ده‌نگی پاره‌ی ئاسن له‌ گیرفانه‌كانیانه‌وه‌ ده‌زرنگێته‌وه‌.

بێگومان، جه‌ژنه‌ و هه‌موو منداڵێك مافی خۆیه‌تی له‌ جه‌ژندا پاره‌ وه‌ربگرێت و له‌ رۆژانی ئاسایی شیرینی و خۆشی زیاتر به‌ر بكه‌وێت.

بێگومان، جەژنە و مزگەوتەکان مافی خۆیانە بێدەنگی بشکێنن و قسەی زیاتر بکەن بۆ خوا و نوێژی جەژن درێژکردنەوە تاوەکوو هەموومان دەبینە بوونەوەرێکی ئیماندار و لە یەکتری دەبوورین و وردەکینەکانی لە سینەماندا شاردوومانەتەوە لە یاد بکەین و ئاهەنگ بگێڕین.

سینیی شیرینی و بۆنی ژنانە و حیکایەت و پێکەنین و خڕەی بازن و... کۆکەی درۆی پیاوەکان... بێگومان، ئەو شارەی لە ڕۆژانی ئاساییدا بە خەم سزامان دەدات، لە ڕۆژانی جەژندا سیمای دەگۆڕێت و خۆشمەعشەر و بێدەنگ دەبێت. سەیرە... تەنانەت پردەکانیش بێدەنگ دەبن.

لە ڕۆژانی جەژندا کەس خۆی ناکوژێت، لە پاریسدا ژمارەی موسوڵمانەکان زیاد دەکات و خەم و پەژارەشیان زیاتر دەکات. بە خەم و پەژارەوە چاویان بە یەك دەکەوێت و هەر بە خەم و پەژارەوە باوەش بە یەکدا دەکەن. لەوێدا، پیرۆزبایی سەر زارەکی لە یەکتر دەکەن و دڵیان لە شوێنێکی دیکەیە... لە قوڵایی یادەوەرییەکانیانەوە ئاخ هەڵدەکێشێن، ئەو یادەوەرییەیانەی خۆیان لە شوێنە کۆنەکاندا مەڵاس داوە و بە بێدەنگیش دەگریەن.

پەند نو دەڵێت: ئایین بۆ هەموو شوێنەکان نییە! لە پاریسدا رابردوو زاڵە و یادەوەرییەکان ئاهەنگ دەگێڕن، ئەمە یاسای مەنفایە. هەموو شتەکان خۆشیی خۆیان لە دەست دەدەن و نیشتیمانی پێشوو دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت. ڕۆژگار بە پەلە دەڕوات، بەبێ ئەوەی ساتێکمان پێ ببەخشێت تێی بگەین، تەنیایی تاڵ و کوشندەیە.

((تۆفیق)) لە دەرگاکە دەدات.

دەرگاکە دەکەمەوە... جەژن لە چاوەکانی دەبریسکێتەوە. باسکی دەکاتەوە و لە ئامێزم دەگرێت.

- هەموو جەژنێك هەر لە خۆشی دابێت.

شتێك لە دەنگی گۆڕابوو.

ئێمە منداڵی یەك بنەماڵەین، بەڵام هەژاری جیای کردبووینەوە. ئەو کوڕی ((دیمەنە جوانەکە)) بوو، ئەو گەڕەکە پێشکەوتووەی بۆ دەوڵەمەندەکانی قوسەنتینە تەرخانکرابوو. منیش کچی ((شەقامی شوفالییە)) و کچی پۆلیسە هەژارەکە بووم. کچی گەڕەکە میللییەکە و شلەی پەتاتە و لۆبیا و نیسك بووم. ئەو کوڕی خواپێداو و کوڕی سەڵتەنەت بوو.. کە هەموو ڕۆژێکی هەر جەژن بوو، ڕۆژگارەکانی تام و چێژی تابەتیان هەبوو. وابزانم خودا جەژنەکانی لە پێناو هەژارەکاندا داناوە.

((تۆفیق)) بەرامبەرم ڕاوەستاوە و دەڵێی هەزار ساڵە دەیناسم و وەك بڵێیت دوای یەك ساڵ جودایی چاوم پێی دەکەوێتەوە.

ویستم چاوەکانی ماچ بکەم.

دەستم گرت و گوتی:

- دەمەوێت ئەو ((بانی))یە بیت کە پێشتر دەمناسی، کوڕە قژ درێژەکەی هەردەم یاخی بوو، بە کەس دەستەمۆ نەدەکرا.

فەرمووم لێی کرد بێتە ژوورەوە. ڕابردوو لەسەر شانەکانی نیشتبووەوە، قوسەنتینە لە زەردەخەنەیەکەیەوە دیاربوو، شتێك تێی نەگەیشتم، شتێك! نازانم بە چ وشەیەك ڕاڤەی بکەم! شتێك بوو نەبینراو، نەبیستراو، بەڵام لە نێوانمانا پەرەیسەند، شتێك هەردووکمان لەسەری ڕێك کەوتین کە بەردەوام بێت لە نێوانماندا و پەرە بستێنێت و گەورەتر بێت.

- سێ ڕۆژە ((مود...)) نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە.

پرسی:

- ئەمە چ مانایەکی هەیە؟

- بێگومان ((لیلی)) هاوڕێیەتی، وابزانم بەڕاستی بیر لە جیابوونەوە دەکات.

چاوەکانی بریسکانەوە و ئەو بریسکەیەم ئەو ڕەمەزانە لە چاوەکانیدا بینی کە بە یەکەوە بەرامبەر جەماوەری کۆچبەرەکان گۆرانیمان دەگوت.

هەمان بریسکە بوو، هەمان مچووڕکەش بوو کە ئەو ڕۆژە بە لەشمدا هات. ئەو ڕۆژە وامدەزانی کە هەڵهەڵە و ئاواز و ئەو سروودە جەزائیرییە وای لێکردم، بەڵام

ئەوەتانێ هەمان مچوورك لەشم دادەگرێتەوە، لەگۆی مەمکەکانمەوە دەست پێدەکات و لە پەنجەکانمدا تەواو دەبێت.

وڵامی دایەوە:

- ئەمە باشترین چارەسەرە بۆ هەردووکتان.

هیچم نەگوت، سەرم لەقاند پێی بڵێم بەڵێ وایە. پرسیم چی دەخواتەوە، وڵامی نەدامەوە، بەردەوام تێی دەڕوانیم، لە پاشان پرسی:

- تا ئێستاش پەیوەندیت بەو لوبنانییەوە ماوە؟

پرسیارەکەی ترسناك و تەنگەتاوی کردم. پێویستم بە ماوەیەك بوو، تاوەکوو وشەیەکی باش بدۆزمەوە وڵامی بدەمەوە. ویستم چەواشەی بکەم و بە تەواوەتی راستی پێ نەڵێم و بە تەواویش درۆی لەگەڵدا نەکەم.

گوتم:

- نازانم، مەسەلەکە وادەبینم کە تەنیا هەڵخەڵەتانی سۆزەکانم بووبێت. خۆشەویستی راستەقینە لە یەك لاوە نییە. هەندێك سۆز هەیە تەنیا یارییەکی نەستە و هیچی تر نا. ئێمە ئارەزووی خۆشەویستی بەرەو خۆشەویستی دەمانبات، نەك ئارەزوومان هەبێت تێکی بشکێنین، ((ئەیس...)) رۆژ بە رۆژ دەمکاتە زارێکی دۆڕاو، بەڵام میلی تەمەن ئاماژە بە ترسناکی ئەم یارییە دەکات. وابزانم پێویستم بە ماوەیەك هەیە تاوەکوو هەست و سۆزی خۆم رێك بخەمەوە لە پێناوی ئەو کەسەی شایەنیەتی. من بیر لەوە دەکەمەوە کۆتایی بەم شووەم بێنم و بگەڕێمەوە بۆ جەزائیر و سەرلەنوێ دەست پێبکەمەوە.

- زۆر باشە... دەتوانیت لێرە دەست پێبکەیت.

پرسیم بۆچی پەلەی رۆیشتنی. چاوەکانی وڵامیان دامەوە و پەنجەکانی شتێکیان چرپاند بە لێوەکانمدا...

زۆر ناکاو بوو، بەڵام پێمخۆش بوو، جانتاکەم هەڵگرت و لەگەڵی دەرچووم.

*　　　*　　　*

ئەو رۆژە حەزم دەکرد تا کۆتایی دونیا دوای بکەوم. لە سێبەری ئەودا خۆم لە تیشکی گڕی سوتێنەری خۆشییەکانم بپارێزم. رەنگە لە حزوری ئەودا بێت وا کۆت و بەندم شکاندووە و بوارم بە شێتییەکەی خۆم داوە، بە دەنگێکی بەرز پێ بکەنم و لە شەقامەکاندا رابکەم و ئاواتەخواز بم باز بدەم و لە خۆشییاندا بفڕم.

شتێك وای لێکردم لەو حاڵەتەدا بم، نازانم چییە و تێینەگەیشتم. ئەم کێشەیەی من زۆر کۆنە و لە زووەوە لەگەڵم دایە.

ئەوەتانێ دەنگی نەنکم جارێکی دیکە بەرگوێم دەکەوێت.

- ((بانی))... کوا لە کوێی ((بانی)).

وڵامی نادەمەوە. راستەوخۆ بەرەو لای دەڕۆم و بەرامبەری رادەوەستم و چاوەڕوانی داواکارییەکەی دەکەم.

- ((بانی)) بە تەنیشتمەوە دانیشە، بۆچی وا بە تەنیا بەجێم دێڵیت؟

دەپرسم:

- خۆشتر نییە مرۆڤ بە تەنیا بێت؟

بە دەنگێکی پڕ ئازار دەڵێت:

- نا... تەنیایی کوشندەیە، جیاوازی نییە لە نێوان تەنیایی و مردندا.

شانێکی بۆ دەلەقێنم و بەبێ ئەوەی بزانم مەبەستی چییە، دەڵێم:

- من پێش ئێستا نەمردووم، بۆیە نازانم مەبەستت چییە.

دەنگێکی نەرم بە خەبەرم دەکاتەوە:

- سوێند دەخۆم لە ((شەقانی سوفالییە))دا بوویت!

زەردەخەنەکەی بە ئاگام دەهێنێتەوە:

- زۆربەی جار نەنکم بە بیردا دێتەوە و ((مامە محیەدین)) و ((مەحبوبە))ی ژنی و گەڕەکەکەمان و کۆڵانەکانی قوسەنتینە و هەموو شتەکانی ئەوێم بەیادا دێتەوە.

((تۆفیق)) گوتی:

- ژیان لەوێدا رۆحێکی سەیری هەیە.

خەم لە چاوە ڕەنگاوڕەنگەکانیدا وەکوو پەپوولەیەکی شەوانەی سەرسام و تاساو بە ڕووناکی دەردەکەوت. هەرچەندە پاریس پان و بەرینە، بەڵام ئەو ڕۆژە جێگای هەست و نەستەکانمی تیا نەبووەوە. ((تۆفیق)) لەو گەورەتر بوو، لە هەوەس و شەهوەتم بۆ ((ئەیس...)) گەورەتر بوو... لە شەقامەکانی قوسەنتینە جوانتر بوو... جوانتر بوو... لە شەوە جوانەکانی ((پاریس))یش جوانتر بوو.

ڕۆیشتین...

زۆر ڕۆیشتین...

لە ڕاستیدا من بیرم دەکردەوە و دەمزانی لە ناخمدا مێینەیەك هەیە لە ڕەگەزی شەیتانە. مێینەیەك داوام لێدەکات، ڕابوێرم و یاری بکەم و ئەو جێگا نهێنییانە تاقی بکەمەوە کە لە منداڵییەوە لە ناخم حەشارم داوە... جارێکی دیکە خۆم بدۆزمەوە و شتەکان کەشف بکەمەوە.

زۆر ناخۆش و بە ئازارە، کە لە پەراوێزی ژیاندا بژێین و ژیان تێپەڕمان بکات، وەك ئەوەی ژیانمان بەلاوە گرنگ نەبێت.

زرۆ ناخۆش و بە ئازارە کە ئافرەت کانەکانی ناخی خۆی شارەزا نەبێت و هەموو ژیانی لە هەژاری سۆز و عاتیفەدا بەسەر بەرێت... یان ژیان بەلایەوە هیچ مانایەکی نەبێت.

نەنکم، کە سەددەرسەد خوێندەواری نەبوو، کە منیش بە مانای قووڵی ئەم وشەیە ((نەزان)) بووم، ڕۆژێکیان بە پەندێك سەرسامی کردم، کە تاوەکوو ئێستاش وەکوو کتێبێکی پیرۆز لە سینەمدا پاراستوومە:

((لە ناخی ژندا زۆر شوێن هەیە وەکوو جەنگەڵستان و زەوی بە پیت و بەرەکەت وایە، پیاو هیچ شارەزاییەکی لێی نییە، بۆیە لەژیانیدا دووجار ماندوو دەبێت، یەکەمیان چونکە ژن ناناسێت و دووەمیان چونکە هەوڵ نادات بیناسێت)). چۆن نەنکم گەیشتووەتە ئەم حیکمەتە؟. ئەو بەو نەخوێندەواری و ژیانە ناخۆش و ماندووبوونەیەوە... ئەو ژیانەی بە تەواوەتی لێی زەوت کرابوو، ئەم ڕاستییەی

دەزانی... ئەو ژیانەی چەندینجار لێی زەوت کرابوو، جارێکیان بەهۆی جەنگەوە و جارێکی دیکەیان بەهۆی پەرتەوازەیی کوڕ و کچەکانییەوە: مامە محیەدین کە هونەری هەڵبژارد و بووە هۆی مردنی و سەعیدی باوکم کە ژیانی خۆی بۆ پۆلیسی تەرخان کرد و پوورە ((نەوارە))م کە غوربەت بردیەوە و بیست ساڵ زیاترە لەگەڵ مێردەکەیدا سەفەریان کردووە بۆ ((مارسیلیا)) و هەروەکوو نەنکم دەڵێت، وەکوو ئەو قەڵەڕەشەی لێهاتووە کە ویستی لاسایی کەو بکاتەوە، رۆیشتنەکەی خۆشی بیرچووەوە... ئەی پوورە ((زەهوە))م کە لە کاتی جەنگدا بەهۆی تاعوونەوە کۆچی دوایی کرد... ئای کە نەنکم کڵۆڵ و داماوبوو، زۆر بە زوویی مردن خۆشییەکانی لێی زەوت کرد.

لە تەمەنی نەوەت و نۆ ساڵیدا بۆ ((زەهوە)) دەگریا و یادی دەکردەوە:

- خستمانە چاڵێکی سارد و سڕەوە و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

- دوای ئەم هەموو تەمەنە بۆی دەگریت، نەنە؟

بەڵام زۆر بە حیکمەتەوە وەڵامی دەدایەوە:

- ((بانی))... تەمەن لە ئاستی مەینەت و کارەساتە جگەربڕەکاندا دەوەستێت. دوای ((زەهوە)) تەمەن هیچ بایەخێکی نەما.

هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو مردنی ((مامە محیەدین))مان پێی ڕاگەیاند و گوتمان لە ((مارسیلیا)) کارێکی دۆزیوەتەوە و لەلای پوورە ((نەوارە)) نیشتەجێ بووە.

- ئەی بۆچی پێش ڕۆیشتنی خواحافیزی لێ نەکردم؟

بەدرۆ باوەکانم خۆم وەڵامم دەدایەوە:

- چونکە دوای حەفتەیەکی تر دەگەڕێتەوە، پێویستی بە هەندێك نووسراوی رەسمی هەیە.

دەنگی بانگی نیوەڕۆ بەرزدەبۆوە و رزگاری دەکردم لەوەی درۆیەکی دیکە بدۆزمەوە و حیکایەتە لاوازەکانی پێ پینە بکەم. من و شاهی هەڵدەستاین و یارمەتیمان دەدا تاوەکوو بچێت بۆ حەمام و دەستنوێژمان پێی هەڵدەگرت و ئەویش بە دانیشتنەوە نوێژەکەی دەکرد و بەردەوام دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە.

وابزانم دۆعای خێری بۆ هەمووماان دەکرد و بێگومان ((مامە محیەدین)) و پوورە ((زەهوە))شی بیر نەچووەوە. پاشان سەرلەنوێ دەنگی بەرز دەبووەوە:

- ((بانی)) دەمەوێت لەبەر هەتاوەکە دابنیشم.

لە حەوشەکەدا و لەژێر تارمەکە دامان دەنا و هەر بە دانیشتنەوە خەو دەیبردەوە و پێیەکانیشی لەبەر هەتاوەکە درێژ دەکرد. بە دایکمم گوت:

- نەنکم زۆر کلۆڵ و داماوە.

بەڵام دایکم سۆزی بۆ نەنکم نەبوو، چونکە رق و کینەیەکی شاراوە هەبوو لە نێوانیاندا و ئێمە هەستمان پێی دەکرد.

دایکم شانی لەقاند و گاڵتەی بە ئێش و ئازارەکانی نەنکم دەهات:

- خەرەفاوە، ئێوە بەڕاستی بڕوا دەکەن ئێش و ئازاری هەیە!

- ئایە ترس مرۆڤ لە هەستەکانی دادەماڵێت؟

دایکم تووڕە دەبوو، هەموو تووڕەییەکەی بەمن و براکەم دەڕشت و تاوانباری دەکردین کە خۆشمان ناوێت و بەزەییمان پێی نایاتەوە. لە فەرهەنگی تەسکی ئەودا ئەگەر سۆزت لەگەڵ نەنکم بێت، مانای وایە تۆ دژی ئەویت.

رەنگە مێژووی پێکەوە ژیانیان پڕ بووبێت لە شەڕ و ئاژاوە، بەڵام نەنکم گەیشتووەتە تەمەنێك بۆتە بوونەوەرێکی زۆر لاواز و هیچ دەسەڵات و توانایەکی نەماوە. تەنیا هەیکەلی ئێسکەکانی ماوە و بە قودرەتی خوا بەرگری لە مردن دەکات.

- مردن زۆر ترسناکە ((تۆفیق)).

وەك ئەوەی هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئێستادا و رابردوودا نەبێت... بۆ چەند ساتێك لە رابردوودا دەژیام و دەگەڕامەوە بۆ ئێستا و بەو پرسیارە ناکاوەم ((تۆفیق))م رادەچەڵەکاند. ئەویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشاو وڵامی دەدامەوە.

- ئەم خەونانەت تەواو نابێت؟

- چۆن خەونەکانم تەواو دەبن لە کاتێکدا زەخیرەی هەموو ژیانمن.

له باڵەکۆنەکانی ((بورجی ئیڤلۆ))ەوە دیمەنی ((پاریس))م هەرگیز لە یاد ناچێت. رەنگە ئەمە پەیوەندی بە ئەندێشەمەوە هەبێت.

((تۆفیق)) کەسێکی خۆشەویست بوو، ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بەختەوەر بم.

- ((مەحبوبە))ت لە یادە؟

بە زەردەخەنەوە دەیەوێت بیری بکەوێتەوە:

- ئۆو... ((محبوبە))... بێگومان، ژنەکەی مامە ((محیەدین))، ژنێکی زۆر جوان بوو.

- بێگومان زۆر جوان بوو... رەنگی چاوەکانیت لە یادە! ئەی رەنگی روومەتەکانی، ژنێکی دەگمەن بوو لە جوانیا.

- باش لە یادمە، لە جوانییەکەیدا لە ژنەکانی ((رینوار))ی هونەرمەند دەچوو. لەگەڵم دایت بۆ ئەم بۆچوونەم؟

- ئەی ئەو رۆژەت لە یادە کە خۆی کوشت؟

- خۆی کوشت؟ ((بەسەرسوورمانەوە ئەمەی گوت))

- بۆ نەتزانیبوو؟

ئەمە ((تۆفیق بوستانچی)) کوڕی لایەنە خواپێداوەکەی خێزانەکە چۆن چارەنووسی ((مەحبووبە))ی مامم بزانێت؟ چۆن رابردووی تاڵی گەڕەکە هەژارەکان و برسێتی ((مەحبووبە)) بزانێت کە بووە هۆی ئەوەی لە پردی ((سەیدی مسید)) خۆی فڕێ داتە خوارەوە.

- ((قوسەنتینە)) شارێکی سەیرە، بە یەك ئامێر خۆشەویستی و کوشتن ئەنجام دەدات.

- بۆیە شای شارانە.

لێرەدا ناگونجێین و ئەو دەڵێت:

- زۆر گەورەی مەکەرەوە، پاریس شای شارانە.

سەیرێکی چاوەکانی دەکەم و دەزانم کە درۆ دەکات، ((پاریس)) شارێکە گوێت پێنادات، بەڵام ((قوسەنتینە)) شارێکە تیر ئاسا دەتبڕێت.

پێم گوت:

- بڕوات پێناکەم.

- ڕەنگە... خۆت دەزانیت ((قوسەنتینە)) شاژنی دڵە.

- دەزانم ((بە خەمبارییەوە وتم))، بەڵام ئەوەش دەزانم کە شارێکی بێدڵە. ئەو ڕۆژە ئەمەم زانی کە ((مەحبووبە)) خۆی کوشت.

- ئەی من چۆن بە خۆکوشتنەکەیم نەزانیوە؟

- سەیرە، چۆن نەتزانیوە. ((قوسەنتینە)) هەواڵێکی وا ناشارێتەوە؟

بەڕاستی لە یادت نییە؟ دوای یەك ساڵ لە تیرۆرکردنی مامم ئەم کارەساتە رووی دا. هەر ئەو رۆژەی مامم تیرۆر کرا، کۆمەڵەی ((بەهاری قوسەنتینە)) کە لەسەر شانۆی قوسەنتینە یادی کۆچکردنەکەیان دەکردەوە، ئەو رۆژە یەك ساڵێکی تەواوی بە برسێتی بەسەر بردبوو. باوکم قینی لێی بوو لەبەر ئەوەی لە مەیخانەی ((رحبە الجمال)) لەشفرۆش بووە، نەیدەهێشت دایکم هیچی بۆ بنێرێت. بەدزییەوە من نان و خورما و شیرم بۆی دەبرد و هەندێك جاریش پاشماوەی خواردنەکانمان لە شلەی پەتاتە و تۆزێك نۆکم بۆی دەبرد و لەکاتی دەوامی باوکمدا خۆم پێی دەگەیاند و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە و بمبینێت بە پەلە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

دوای سێ هەفتە لە تیرۆرکردنی مامم، والی بانگهێشتی کرد بۆ ئاهەنگێك و بەرامبەر بە کامیراکان خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشی، کە شتێك بوو لە پارچە پارەی کۆن دەچوو، لە ناوەڕاستەوە شریتێکی ڕەنگاوڕەنگ بە ڕەنگەکانی ئاڵای جەزائیر هەڵواسرابوو. ئەو رۆژە بەڵێنی پێیدا کە بایەخی پێ بدات، کە ئەم قسانەش بەلای ئێمەوە سەیر نەبوو ((حکوومەت چاوی لێت دەبێت، چونکە محیەدین بوستانچی ڕەمزێکە لە ڕەمزەکانی قوسەنتینە، لە بەرامبەر کامیرەکاندا وایدەربڕی کە ئەو ژنەیە لە پشتی پیاوێکی مەزنەوە وەستابوو)).

دوای ئەوە بە چەند مانگێك والییەكە سەردانی ((مەحبوبە))ی كرد لە ماڵەكەیدا و داوای لێكرد پەیوەندی لەگەڵدا دروست بكات لە بەرامبەر ئەوەی ژیانێكی باش و بەختەوەری بۆ دابین بكات و لە چنگی بێ بەزەیی كۆمەڵ بیپارێزێت.

بۆ رۆژی دوایی ئەمەم زانی و ((مەحبوبە)) گوتی كە یەك تفێكی كردۆتە ناوچەوانی.

بە دوو چاوی كز داگیرساوەوە ((تۆفیق)) گوتی:

- هەست بە بەرپرسیارەتی دەكەم لەوەی رووی داوە.

پێم وت:

- دەزانم، چونكە تۆ تاكە كەسی لقەكەی دیكەی خێزانەكەمان بوویت كە لە مامە ((محیەدین)) تێدەگەیشتیت نا، بەڵكوو تۆ تاكە كەس بوویت بە هەردوو بەشی خێزانەكەمانەوە و تەنیا هەر تۆش خۆشەویستیت بۆ هونەر بە میرات لەوەوە بۆ ماوەتەوە.

بە سادەییەوە گوتی:

- من و تۆ.

لەو رستەیەی كە پێكهاتبوو لە من و تۆ، وەستا لەم گەمەی وەهمەدا، كە هەردەم بە رستەی هاوشێوە دەستی پێدەكەم، یان لەكاتی ئەو رێككەوتەی لەگەڵ هەست و نەستمدا یەك دەگرن، یان لەكاتی ماچێك وەكوو ماچەكەی ((ئەیس...)) (من و تۆ).

- تۆفیق، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

- بەڵام جەژنە و كات موڵكی من و تۆیە.

(من و تۆ).

گەمەی وەهم تۆڕی دەهاویشتە سەر بیركردنەوەم و هەرچەندە لە ماڵەوە نزیك دەبووینەوە زۆر توندتر دەبوو، تۆزێك دوو دڵ بوو، پاشان هاتە ژوورەوە. بەدوای پلاكی رووناكیەكەدا گەڕام و ئەویش دەستی هێنا و بەدوای پلاكەكەدا بگەڕێت. پەنجەكانمان لە یەك گیربوون و حیكایەتەكە لێرەوە و لە تاریكیدا دەستی پێكرد،

پەنجەكانمان دەیبزواند و لە پاشان هەناسەمان، دوای ئەوە بێدەنگییەك تێكەڵ بە گوناح...

- ئەو پلاكە نەفرەتییە لە كوێیە؟

لە ناخی خۆمدا ئەمەم دەوتەوە و پلاكەكەش لە دیوارێكدا ون بووبوو كە بووە پەرستگای خۆشەویستی. پلاكەكە ون بوو... تاریكییەكە گەورەتر بوو... دەرگاكە لە دوای خۆمانەوە داخرا... كار لە كار ترازا، كە خۆم بینییەوە بە لێوەكانییەوە بەستراومەتەوە. بوومە موڵكی ئەو و بە هیچ جۆرێك نەمدەتوانی لە چنگی دەرباز بم... ماچێكی دوور و درێژ.

چیرۆكێكی كورتی دووجەستە كە غوربەت زیاتر لە تاوانێكی بۆ هەڵبەستوون.

بە دەنگێكی پچڕ پچڕ وتم:

- پلاكە نەفرەتییەكە لە كوێیە؟

زیاتر خۆی پێمەوە نووساند و زۆر بە پەلە زنجیری پانتۆڵەكەمی كردەوە و پەنجەكانی لەشمی داگیركرد. بە هەناسەبڕكێ وتی:

- گڵۆپەكە دامەگیرسێنە.

لە ناخی تێدەگەیشتم، وەك ئەوەی پێم بڵێت: شەرمەزاریمان رووناك مەكەرەوە.

رەنگە رووناكی لە گوناحەكەمان رزگاری بكردینایە، بەڵام تاریكییەكە و ئارەزووی خۆشەویستی و هەوەس و حەزەكانم و رق و كینەم لە ((مود...)) و پاكیزەییم كە بە خۆڕایی لە دەستم دا و جەستە داگیركراوەكەم و دڵم كە خرایە ژێر پێوە و مێژوویەكی تاڵی پڕ لە نیفاق و درۆ و دووڕوویی كە دونیای پۆشیوە و منیش لە نێوان دوو كەوانەی خۆپاراستن و شەرمەزاریدا بەبێ قیبلەنامە و رێ پێشاندەرم و لە ژێر ئاسمانێكم لە پشتی هەورەكانەوە.

تێرەكان خەوتوون، نابینم و نابیستم و هۆشم نەماوە، تەنیا هەست بە لێشاوێك لە خۆشی و لەزەت دەكەم كە لە جەستەیەوە دەبارێت بەسەر جەستەمدا. لێوەكانی و سووچی ئەو ئەفسوونەی لە ژووری دانیشتنەكە و لەسەر فەرشەكە و لەسەر زەوییە

ڕەقەکە کردمی بە دوو بەشەوە و وەکوو باران بارییە ناخمەوە و هەموو کانی ئاوەکان تەقینەوە و لە پاشان هەوایەکی فێنك و ئارامبەخش هەڵیکرد و دارستانەکانی ڕۆحمی هەژاند و پۆلە چۆلەکەکان بەجریوە جریو فڕین.

بەیانی لە چاوەکانیدا هەڵهات و منیش خۆم بینییەوە، گردەلۆکەیەکم بارانی شەو شەکەت و ماندووی کردووم. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و هەوڵم دا لەسەر جەستەم بیهێڵمەوە و هەست بە قورساییەکەی و خشاندنی جەستەی لە جەستەم بکەم، چێژی ئەو خۆشییە وەربگرم کە ئەو پیاوە و منیش ئافرەت.

تەسلیمی پەنجەکانم بووبوو کە ماوەیەك بوو بە قژی یاری دەکرد، پاشان ماچێکی کردم و روخسەتی ڕۆیشتنی خواست.

کە دەرچوو بیرم لە هەموو لایەکی ڕووداوەکە کردەوە لە دڵی خۆمدا بەختەوەر بووم و دەترسام.

* * *

بەیانی...

پاریس جوان و ڕازاوە بوو، برژانگەکانی شەهوەتیان دەدرکاند و لێوەکانی پڕ زەردەخەنە بوون و هەتاوەکەش لە جاران ڕووناکتر بوو.

بەڵام دەنگیّ، فڕاندمی بۆ ئاسمان، کە لە تاوێرەکە بەرزتر و لە شاخەکانی ((ئەلبیرنیە)) بەرزتر و لە هەورەکانیش بەرزتر و لە هەموو ئاسۆکانیش بەرزتر و لەسەر هەسارەی زوهرە داینام.

- بانی.

دەنگم خیانەتی لێکردم و وڵامم نەدایەوە، بەڵام سەماعەی تەلەفۆنەکەم گرت و گوێم لە پاك و بێگەردیی دەنگی گرت.

- بڕوا دەکەیت؟ لە دوێنێیەوە تاوەکوو ئێستا دەلەرزم.

ولاٌمم نەدایەوە. پاڵکەوتم و هەناسەیەکم هەڵکێشا و چاوەکانم نوقاند، خەون ببینم.
- دوێنی بەختیار نەبووی؟ بۆچی وڵامم نادەیتەوە؟
وتم:
- زۆرجار لە گوێگرتن خۆشییەکی زیاتر وەردەگرین.
- وتم تا ئێستا دەلەرزم.
- بەڵام من هەموو شوێنەوارەکانتم لەسەر جەستەم پاراستووە. ناتوانم ئەمڕۆ خۆم بشۆم.
- پێشنیازێکی دیکەم هەیە.
- چییە؟
- با پێکەوە خۆمان بشۆین.

هەموو شەیتانەکانی دونیا لە جەستەم ئالاٌن و بە پەلە جل و بەرگەکانم لەبەر کرد و بەڕاکردن رۆیشتم بۆ ماڵەکەی تاوەکوو سەرلەنوێ دایبکەمەوە.

لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە نەفرەتمان لە ئالۆشی کرد و ئەمجارەیان هەژینی لەزەتمان چێشت. کێ گوتی... کە خۆشەویستی یەك هەنگاو لێمەوە دوور بوو؟ منیش لە گێژاوی ئەو تاریکستانەمدا، لە نێوان ((ئەیس....)) و ((شەرەف)) و هەندێك پیاوی دیکە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە خۆشەویستییەوە نەبوو، دەخولامەوە.

رەنگە هەردەم هەستم بەوە کردبێت کە خەریکە ((تۆفیق))م خۆش بوێت، بەڵام ئەو پیاوێکی لەسەرخۆ بوو، فرسەتی دەدا بە رووداوەکان جێگیر بن، منیش لەمەی تێنەگەیشتم. یان رەنگە تێی گەیشتبێتم، بەڵام زۆر درەنگ، دوای ئەوەی بەرامبەری بەرگی رێزم لەخۆم داماڵاند و باسی وردەکارییەکانی پەیوەندیم بە ((ئەیس...))ەوە گێڕایەوە.

ئەو پاکیزەیە نەبووم کە پاکیزەیی خۆی پێشکەش بە پیاوی خوازراوی تەمەنی بکات. هەر ئەمەش وای لێکردم کە هەست بکەم کات تێپەڕیوە بۆ خۆشەویستییەکی نوێ و دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ.

بەلای خۆمەوە و هەروەها بەلای ملیۆنەها کەسەوە بەو ئەزموونە پچڕپچڕانەوەوە بووبوومە نیمچە لەشفرۆشێك. زۆرگران بوو بەدوای سەرەتایەکی نوێدا بگەڕێم کە رووبەڕووی گوناحێکی زیاتر نەبمەوە. کە لە ناکاو رووبەڕووی ((تۆفیق)) بوومەوە، راستی دەستەواژەکەی ((پادلۆکیلۆ))م بۆ روون بۆوە، کە دەڵێت: ((جناس بەبێ سۆز و خۆشەویستی توند و تیژییە لە دژی خۆمان ئەنجامی دەدەین)).

چەند گرانە بەناوی بەڵگەنامەی شووکردنەوە لەشی خۆمان تەسلیم بە کەسانێك بکەین کارگەی ئیشکردنی لەسەر دابمەزرێنن، یان بەدوای لەزەت و خۆشی خۆیاندا بگەڕێن... ئەمە وەك ئەوە وایە بلیتی یانەسیبێك بکڕین، کە زۆر دەگمەنە بۆمان دەربچێت. چەند گرانە جەستەمان بەهانە بێت بۆ ئامانجێکی ناڕەوا.

لە باوەشی ((تۆفیق))دا زانیم خەراپەکاریەکم دەرهەق بەخۆم کردووە و لەوەش تێگەیشتم کە ئەو ئافرەتانە بەدەست چییەوە دەناڵێنن کە بەبێ سۆز و خۆشەویستی مومارەسەی جنس دەکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی شوویان کردووە بە پیاوانێك جێگای بەزەیین و لەلای ((لیلی)) بەدوای خۆشی خۆیاندا دەگەڕێن کە لە هەژاری و بێدەرامەتیدا ژیان ئەو کارەی پێدەکات.

هەموو گەلان توندوتیژی دەرهەق بەخۆیان ئەنجام دەدەن بەبێ ئەوەی پێی بزانن.

لە حەمامەکەی ((تۆفیق))دا خۆم شۆرد، هەروەك یەکێك لە گوناحەکانی خۆی پاك بکاتەوە، تاوەکوو گۆڕام بۆ ژنێکی دیکە، پاشان فینجانێك ((کابۆچینۆ))م لەگەڵدا خواردەوە و دابەزیمە شوقەکەی خۆم تاوەکوو کاروبارم ڕێك بخەم.

ئەو ساتە دڵنیا بووم کە ڕێگای راستم دۆزیوەتەوە و تەنیا پێویستم بە هەندێك ڕێکخستن هەیە و هیچی تر نا.

* * *

یەك هەفتەی تەواو لە بەهەشتدا.

دوای ئەوەی بڕیاری خۆم دا کە بۆ ((قوسەنتینە)) بگەڕێمەوە و رووبەڕووی خێزانەکەم ببمەوە سەبارەت بە تەلاقدانم لە ((مود...)).

گەڕامەوە و دڵنیا بووم کە ((ئەو دەرگایەی بای لێ دێتە ژوورەوە داناخرێت تاوەکوو ئیسراحەت بکەم)) باشتر وایە بیشکێنم بۆ ئەوەی بایەکە لێم بدا و ئارام ببمەوە.

ئێمە هەر لە منداڵییەوە فێری سیاسەتی داخستنی بووینە، بۆیە هەرگیز لە مانای با تێناگەین و نازانین مانای هەڵکردنی چییە و مانای ڕاماڵینی پیساییەکان و مەبدەئە درۆکان و داب و نەریتە هەڵواسراوەکان، وەك نووشتە و جادوو عورفە کارتۆنییەکان چین.

گەڕامەوە و یاخی بوونم لە ناخمدا هەڵگرتبوو، سوپایەکی تەواوم لە سینەمدا حەشار دابوو، تەنیا بیرم لە ئەنجامەکان دەکردەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ترسێکم لەو شەڕ و ئاژاوەیە هەبێت کە لە ماڵەوە بەرپا دەبێت، یان ئەو نەخۆشیانەی تووشی دایکم دەبن لە ئەنجامی تەلاقدانەکەمدا، یان ترسم لە گلەیی و شەرمەزاری بەردەوام هەبێت کە خەڵکی گەڕەك دوام دەخەن.

ئەوکاتەی پێشوازیکاری فڕۆکەکە رایگەیاند کە گەیشتووینەتە قوسەنتینە، زیاتر سوور بووم لەسەر هەڵوێستی خۆم و کە گەیشتمە ماڵەوە وەکوو پشکۆیەکی ئاگر دادەگیرسام. ئەوکاتە کاتژمێر پێنجی ئێوارە بوو.

((ئەلیاس))ی برام درەنگوەخت نانی نیوەڕۆی دەخوارد و دایکم وەکوو کەنیزەی کۆشك پرتەقاڵی بۆ پاك دەکرد و باوکم جگەرەی دەکێشا کە وەکوو تلیاك وابوو، دیمەنەکەم زۆر بەلاوە ئاشنابوو، بەڵام دیمەنی خۆم بەلایانەوە ئاشنا نەبوو، بە قژێکی کراوەی بەرەڵاو ماکیاجێکی تەنك و سیمایەك هەر لە ئاماژەی پرسیار دەچوو کە سڵاوم لێیان کرد. دەرگاکە بەسەر گەڕەکەکەدا کرابووەوە. ((ئەلیاس)) هەستا و سەیرێکی دەرەوەی کرد، بەبێ ئەوەی وڵامی پرسیارەکەم بدەنەوە، پرسی:

- ئەی کوا ((مود...))؟
جانتاکەم لەلایەکەوە دانا و لە چاوەکانیاندا بەدوای شەڕدا دەگەڕام، کە بینیم وڵامم دایەوە:
- تەڵاقی دام.
هەواڵێکی دڵتەزێنی چاوەڕواننەکراو پاڵەوانیش بێهێز دەکات.
وەك ئەوەی من شتێکم گوتبێت لە دڕەندەیی باوکم و ملکەچیی دایکم و ستەمکاریی ((ئەلیاس))یش گەورەتر بێت. هەموویان بەردەوام تێیان دەڕوانیم بەبێ ئەوەی هیچ جووڵەیەك بکەن. چوومە ژووری میوانەکەوە کە بە شەو ژووری من و شاهی بوو، بەڕۆژیش ژووری پێشوازیی میوان بوو. بەهێمنی دانیشتم و لەناکاو ((ئەلیاس)) بەدوامدا هاتە ژوورەوە و بە لووت بەرزییە بەتاڵەکەیەوە گوتی:
- بەیانی مەسەلەکە چارەسەر دەکەم و هەموو شتێك وەکوو خۆی دەگەڕێتەوە.
سەیرێکیم کرد، هیچ لە خۆبایی بوونەکەی نەگۆڕاوە، چاوەکانی بەردەوام وەکوو ئیشارەتی هاتوچۆ جارێك سەوز و جارێکی تر سوور و جارێکیش بە هەڕەشە و جەهەنم دادەگیرسان.
دوای ئەوەی قسەکەی خۆی کرد خەریك بوو دەرچێت، بەڵام من بە هەمان هێمنی پێی مگوت:
- ژیان لە نێوانماندا مەحاڵە، هیچ هەوڵێك مەدە!
گوێی بە قسەکەم نەدا و گوتی:
- من بڕیار دەدەم نەك تۆ.
دەرچووە دەرەوە.
ئەو شەوە خامۆشییەکی پێش زریان باڵی بە سەر ماڵەکەماندا کێشابوو.
درەنگ بیرم کەوتەوە کە من سەفەرم کرد و ماڵئاواییم لە ((ماری)) و ((ئەمەل)) و باپیرە ((مۆریس)) نەکرد، هیچ بەهانەیەکیشم بۆ ئەو کردەوەیەم نەدۆزییەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە کاتێك ئێمە یەکێکمان خۆش بوویت هەموو جیهان لەو کەسەدا چڕ

دەکەینەوە، کە تووشی وشك و برینگیی سۆزەکانیشمان دەبین، لە جیهانێکی قەرەباڵخیشدا هەست بە تەنیایی و بێکەسی راستی دەکەین. هەر ئەو شەوە بیرم لە نەنکم کردەوە و هەستم کرد نەمانی نەنکم چەندە ئازارم دەدات. تاکە کەس بوو خۆشی ویستووم لەبەر ئەوەی وەکوو خۆم ژوورە بچکۆڵەکەی بووبوو بە ژووری باوکم و دایکم، پاش ئەوەی ژوورەکەی خۆیان بە هەموو کەلوپەلە کۆن و جوانەکانیانەوە بە ((ئەلیاس)) بەخشی لە پاش ژنهێنانی.

ژنەکەی ((ئەلیاس)) دەرنەچوو بەخێرهاتنەوەم بکات، بێگومان هۆیەك هەبوو رێگر بوو لە دەرچوونی، منیش بەلامەوە نەهۆیەکەی و نەخۆی هیچ گرنگ نەبوون. زۆر حەزم کرد بە تەنیا بمێنمەوە و حەزم بە دەنگ و بۆن و بەرامی شەقامەکە بوو، بەڵام مزگەوتەکە بە بیری دەهێنامەوە کە من لەشفرۆشێکم و ئێوارە چی ویست گوتی و پاشان بێدەنگ بوو، لەو بێدەنگییەدا لە هەموو کاتێك ئارامتر دیار بوو.

لە سەفەرەکەم ماندوو نەبووم، بەڵکوو لە بیرکردنەوەکانم ماندوو بووبووم و کەسیش نەبوو بزوێنەرەکانی مێشکم لە سووڕانەوە رابگرێت و دەربازم بکات. تەلەفۆنەکەی ماڵەوەش گواسترابووەوە بۆ ژوورەکەی ((ئەلیاس)) و هیچ نەمابوو خۆمی پێوە خەریك بکەم تەنیا تەسلیمبوون نەبێت بە هاڕە هاڕی مەکینەی مێشکم.

* * *

هەفتەیەك تێپەڕی، پاشان هەفتەیەکیتر، خەریك بوو هەفتەی سێیەمیش تێپەڕێت و من بەردەوام بیرم دەکردەوە و دایکم بیری دەکردەوە و باوکم بیری دەکردەوە و ((ئەلیاس))یش بیری دەکردەوە.

لە راستیدا من دەمزانی چیم دەوێت، بەڵام ئەوان بیریان لە زۆر شت دەکردەوە کە پەیوەندیی بە چارەنووسی منەوە هەبوو، بۆ ئەوەی پاساو بۆ تەڵاقەکەی من بهێننەوە.

تەڵاقدراو، لە هەموو شتێك زیاتر ئەوە دەگەیەنێت کە ژنێکە و دیواری پاکیزەیی خۆی لە دەست داوە کە نەیدەهێشت گوناح بکات. ژنێك بەبێ ئەو دیوارە ژنێکی بەرەڵایە و کراوەیە بۆ هەموو کەسێك، یان لەشفرۆشێکە بە تۆزێك پارێزگاریکردنەوە.

ئەگەر ئەو کونە نەفرەتییە دیوارەکەی روخابێت، بەلای خەڵکییەوە پێی دەگوترێ ژنی تەڵاقدراو یان بێوەژن.

((مود...)) قایل نەبوو قسە لەگەڵ ((ئەلیاس))دا بکات دەربارەی کێشەکە و بە وشەیەك پێی گوتبوو: ((خوشکەکەت منی ناوێت، بۆیە منیش بۆتانم گەڕاندۆتەوە)).

دوای ئەوە ((ئەلیاس)) شێتگیر بوو، دەیویست بمکوژێت و تەرمەکەم لەگەڕەکدا پارچە پارچە بکات.

- ((مەولوود)) پیاوێکە هەموو ژنێك ئاواتەخوازە شووی پێ بکات (دایکم گوتی)):

((مەولوود)) ناوی راستەقینەی ((مود...)) بوو، برادەرەکانی دەرەوەی بەو شێوەیە بانگیان دەکرد، تاوەکوو ناوەکەی لەگەڵ سپێتی پێستی و قژە زەردەکەی و سیی رۆژاواییەکەیدا بگونجێت.

- ((مەولوود)) هیچ زەرەرێکی نەکردووە، تۆ هەموو شتێکت دۆڕاند (دیسانەوە دایکم گوتی)

- ئێوە بۆچی هەراسان دەبن کە بیبەمەوە یان بیدۆڕێنم، ئەمە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە...

بەڵام ((ئەلیاس)) نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و بە زللە تێم بەربوو تا کەوتمە سەر ئەرزەکە و پاشان قژی گرتم و بەدەنگێکی بەرز دەینەڕاند:

- دەبێت بەزووترین کات بگەڕێیتەوە بۆ لای و وەکوو سەگ کڕنۆشی بۆ بەریت و تا مردن لەگەڵ بمێنیتەوە.

تا مردن؟

باوکم هەر وای لە گەڵ دایکم دەکرد. ئەوکاتە ئێمە منداڵ بووین، بەقژ رایدەکێشا و بە زۆر کڕنۆشی پیَ دەبرد و دەیگوت: ((تا دەمریت... تادەمریت...))

لە نهێنی ناکۆکییەکانیان تێنەدەگەیشتین، تەنیا دەمانزانی کە ملی پیَ دەدات بۆ شتێك و دەبێت تا مردن بیکات.

وشەی مردن دەیترساندین، بەڵام ئەمڕۆ هیچ مانایەکی نییە بەلامەوە. هەستم بە لێدانەکەشی نەکرد، بەڵام گوێم لە دایکم بوو هانی دەدا زیاتر لیّم بدات:

- باشتر لێی بدە.

چی لە دەستهات کردی، تاوەکوو دایکم و چەپەڵیی خۆی رازی بکات، پاشان چووە دەرەوە و وایدەزانی کارەکەی خۆی ئەنجام داوە. دایکم مەبەستی بوو بە قسەکانی ئازارم بدات و ئەویش وایدەزانی ئەرکی خۆی جێبەجیَ کرد. باوکم هێشتا دوورەپەرێز وەستابوو، وابزانم ئەو دوا کاغەزیانە بۆ تەواوکردنی کارەکەیان.

*　　*　　*

دوای ئەو هەموو دواکەوتنە، بەیانییەك لەکاتی دەرچوونی باوکم و ((ئەلیاس))دا ((شاهی)) بۆ ماوەیەکی کەم هات بۆ لام. سکی بە منداڵی چوارەم پڕبوو. داوای لێبووردنی کرد کەوا زۆر دواکەوتووە.

- خۆت دەزانیت سکم گەورە بووە و شەرم دەکەم، باوکم و ((ئەلیاس)) بەم شێوەیە ببینن.

بە زەردەخەنەوە گوتم:

- بێگومان تاوانێك دەشاریتەوە.

((شاهی)) تێبینییەکەی پێخۆش نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا گوتی:

- هێشتا هەر وەکوو خۆتی، ناگۆڕێیت.

لای پەنجەرەکەوە وەستا و پەردەکانی داخست و بەردەوام بووەوە:

- چۆن بە تەڵاقدراوی لەناو ئەم مێگەلەدا ژیان دەبەیتە سەر. بەیانی دەبینیت پیاوان چۆن شەرت پێ دەفرۆشن و چۆن درۆ و دەلەسەی سەیر دەهۆننەوە و چۆن لەبەر چاوی هەموو کەسێك دەتکەنە لەشفرۆش بەبێ ئەوەی کەسێك بەزەیی پیاتا بێتەوە.

جارێکی تر زەردەخەنەیەکم کرد:

- کێ دەڵێت من لێرە دەمێنمەوە؟

- ئەی بۆ کوێ دەڕۆیت؟

- دەگەڕێمەوە بۆ فەرەنسا.

- تۆ شێتیت؟ کێت هەیە لە فەرەنسا بۆ لای بگەڕێیتەوە؟

- پێویستیم بە کەس نییە ((شاهی))، بە تەنیا دەژیم.

- وەکوو لەشفرۆشان.

- بەخوا فەقیری ((شاهی)) (ئەمەم گوت و پێکەنیم)، تۆ سکت لە باوکم و ((ئەلیاس)) دەشارێتەوە و دەتەوێت خەڵکەکەش قەناعەت پێ بێنیت کە ئەو منداڵانەت لە هیچەوە هاتوون و بەرهەمی مومارەسەی جنس نین، وەکو بڵێیت جنس تەنیا پیشەی لەشفرۆشانە و هیچی تر و ئەو کەسەشی بە تەنیا بژێت لەشفرۆشە و ئەو کەسەشی داوای تەڵاق لە مێردەکەی بکات لەشفرۆشە. ((شاهی)) گیان وەکوو ئەوانت لێهاتووە، ئێمە هەنگاو بەرەو پێشەوە نانێین، بەڵکوو لە هەمان خاڵدا بە دەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە...

((شاهی)) هیچی نەگوت، هەربێدەنگ مایەوە و هەستم کرد قەناعەتی بە قسەکانم هەیە، بۆیە بەردەوام بوومەوە:

- دەزانیت، کە شووم کرد وامزانی هەموو کێشەکانم تەواوبوون، بەڵام بۆم دەرکەوت کە چوومەتە زیندانێکەوە هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی تیایە، من ((بانی بوستانچی)) لە هەموو ژیانمدا قەدەغە بووە تەنیا بیر لە نێرینەیەك بکەمەوە، لەنێوان شەو و رۆژێکدا پێویست بوو قەحپەی سەر جێگابم. وەکوو ئەو مومارەسەی جنس بکەم، هەرچی چەپەڵی و قسەی ناشیرین هەیە بیدەم بە گوێیدا، دواوەمی پێشکەش

بکەم... ببم بە ئافرەتێك لە ناخی خۆی داماڵرابێت و نوسخەیەکی کۆپیکراو لە خۆی و لە بیروبۆچوونەکانی بم... کێشەکە لە من زۆر گەورەتر بوو ((شاهی)) بۆیە تەڵاقم وەرگرت.

((شاهی)) نەیتوانی بەردەوام گوێ بگرێت، بەڵکوو دەستی بە گریان کرد، ئەمەش سەرسام و بێدەنگی کردم پاشان دەستی بە قسەکردن کرد:

- وامدەزانی ئەم هەموو هۆیانە، هۆیەکی راست و دروست نین بۆ تەڵاق وەرگرتن.

وەك ئەوەی لە نهێنی فرمێسکەکانی تێگەیشتبێتم، پرسیم:

- ((شاهی)) لەگەڵ مێردەکەتدا بەختەوەر نیت.

بە دەنگێکی کز وڵامی دایەوە:

- رەنگە، ئەو نان و پۆشاکمان بۆ دابین دەکات و ناهێڵێت پێویستیمان بە هیچ هەبێت، بەڵام ناهێڵێت بچم بۆ حەمامی تورکی و زۆر شتیتریشی لێ قەدەغە کردووم، بەڵام لەناو جێگادا...

جارێکی دیکە بێدەنگ بوو، منیش گوتم:

- بەردەوام بە... بەردەوام بە...

بەردەوام بووەوە:

- هەندێکجار من ئارەزووم لێیەتی، بەڵام ئەو ناهێڵێت و رەتم دەکاتەوە و بەوە بەهانە دێنێتەوە کە ماندووە. هەندێکجار من ماندووم، بەڵام ئەو چی بوێت بە پەلە دەیکات و پاشان پشتم تێدەکات و دەخەوێت، بەلای ئەوەوە من تەنیا چاڵێکم بۆ بەتاڵکردنەوەی خۆی....

قسەکانم پێی بڕی:

- بەڵام خۆ مێردەکەت زانکۆی تەواو کردووە؟

- باوابێت، چەندیجار تەنیا دەربارەی بۆنی دەمی قسەم لە گەڵدا کردووە، ویستم ئەگەر رۆژی جارێکیش بێت فڵچەی دانشۆرین بەکاربێنێت تاوەکوو پاشماوەی خواردن و بۆنی جگەرەکەی لابەرێت، بەڵام ئەو زۆر لێم تووڕە دەبوو، وابزانم نەیدەویست دانەکانی

پاك بکاتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی پێشنیازی من بووە و هیچی تر، بیر لە ماچ هەر ناکاتەوە، هەندێکجار ماچەکەی وایلێدەکردم خەریك بوو بڕشێمەوە، تا لە فەرهەنگی جنسی خۆم ماچم هەر دەرهێنا، بەڵام ئەمە کێشەی بەردەوامم بووە، بۆنی هەناسەی نەخۆشی دەخستم و هەندێکجار دەیگوت کە گوایە بیری چووە دەمی بشوات و هەندێکجاریش بە تووڕەبوون لە مەسەلەکە رایدەکرد تاوەکوو من هەست بە تاوان بکەم. دوای ئەوە هەرکاتێك بەدوای جەستەمدا بگەڕایە بەلایەوە گرنگ نەبوو کە جەستەم کیانێکە و هەروەکوو جەستەی خۆی وایە و منیش وەکوو ئەو غەریزە و حەز و ئارەزووم هەیە، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ بوو، پێش ئەوەی حەز و ئارەزووی من بجوڵێنێت، یەکسەر هەناوم ببڕێت و کاری خۆی تەواو بکات، منیش هێشتا هەر وشك و برنگ بووم و ئەمەش زۆر ئازاری دەدام و هەستم بە هیچ خۆشییەك نەکرد و پاش ئەوەی تەواو دەبوو وەکوو لاشەیەکی بریندار بەجێی دەهێشتم.

- ئەی دەربارەی ئەم کێشەیە قسەتان نەکردووە؟

- جارێك ویستم قسەی لە گەڵدا بکەم، بەڵام ئەو تووڕە بوو، گومانی پەیدا کرد و پێی گوتم، کێ فێری کردوویت ژن هەست بە خۆشی و لەزەتی هەیە، کێ ئەم خەرافاتانەی فێرکردوویت. هەروەها گوتی، ئەو بەپێی شەریعەتی خودا مومارەسەی جنس دەکات، تەنیا ئەمەش ئەرکی ئەوە و هیچی تر.

- تۆش بەم شێوەیە وازت لە مافی خۆت هێنا؟

- کەس پێی نەگوتووین ئێمەی ژنان مافی خۆشی و لەزەتمان هەیە، لە حەمامەکەدا گوێم لێی بوو ژنانی گەڕەك چییان دەگوت و منیش لەگەڵیاندا گفتوگۆم دەکرد، خۆت دەزانیت ژنانی گەڕەك جوان و ناشرینیان تیا بوو، هەندێکیان سوێندیان دەخوارد کە بە پەنجە گەیشتوونەتە لەزەتی جنسی و ئەو لەزەتەیان هیچ پەیوەندییەکی بە پیاوەوە نییە، ئەو ژنانە خۆت دەزانێت کێم مەبەستە، وەکوو رەبیعەی ژنی ((گەواش)) و ((عوکری)) و ((سافیە میسی)) و ئەوانەی دیکەی خۆت دەیانناسیت، بۆیە سەرسام بووم کە چۆن داوای تەڵاقت لە مێردەکەت کردووە، هەموو ژنانی

کۆمەڵەکەمان وەکو تۆ وان، پیاوەکان لە سەر پووش و پەڵاش مومارەسەی جنس لەگەڵ ژنەکانیاندا دەکەن و هەمووشیان لە دەرەوە خۆشی و لەزەت لە لەشفرۆشان وەردەگرن.

- بەڵام نەوەی ئێمە لە گەڵ نەوەی رەبیعەی ژنی گەواشدا جیاوازە، ئێمە نەوەی زانکۆکان و سەتەلایت و ئەنتەرنێتین.

- بەڵام هەر شەرمە کۆنەکە لە ناخماندا جێگیر بووە، ئەگەر خوا بیویستایە وەکوو رۆژئاوا بژین لە ئەورووپا دروستی دەکردین، یان لە سەر هەر پارچەیەکی دیکەی سەر ئەم گۆی زەوییە و جیاواز بوایە لەم پارچە پڕ خەم و مەینەتە، هەر کەسە و بەشی خۆی لەم دونیایە وەردەگرێت ((بانی))، ئەمەش بەش و نەسیبی ئێمەیە.

((شاهی)) تەسلیم بووە و گۆڕاوە، چەکی گاڵتەجارییەکەیان لێی داماڵاندووە کە هەموو جارێك پێی رووبەڕووی خەڵکی دەبووەوە. لەو خۆشی و جۆش و خرۆشییەی خۆیان دوور خستووەتەوە، بیرمە ئەو کاتانەی گەنج بوو مۆمەکانی هەڵدەگرت و لە گەڵ ژناندا بەرەو حەمامی ((دڤوج)) دەڕۆیشت و لەگەڵیاندا گۆرانی دەگوت و پاشان لەشی خۆی بە ((پاککەرەوە)) دادەپۆشی و پاك و لووس دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بەختەوەر بوو بەوەی حیکایەتی کۆمەڵێك لەو ژنانەی بیستووە و دەیچرپاند بە گوێمدا و دەیگوت ((خۆزگە ئەم شەو شووم بکردایە، پیاوێکم دەوێت... پیاو...)) ئەو رۆژانە من گاڵتەم بە قسەکانی دەهات و قێزم لێی دەهاتەوە، تاوەکوو ئامێزی ((تۆفیق)) و جەستە و زمانی خۆشەویستی فێر بووم. هەرچەندە ئەمڕۆ پیاوێکی هەیە و خواردن و پۆشاکی بۆ دابین دەکات، بەڵام زۆر کلۆڵ و نائومێدە، چونکە پیاوێکە هەست بە ئامادەبوونی ناکات، پیاوێکە تەنیا سێبەرەکەی و شوێنەوارەکانی و منداڵەکانی و جل و بەرگەکەی و پێڵاوەکەی و حەز و ئارەزووەکانی دەبینرێت، دەڵێیت تارماییەکە و تێدەپەڕیت و تەنیا پاشماوەکانی بەجێ دێڵێت.

((شاهی)) کلۆڵ.

به سێ منداڵ و چوارەمیش لە رێیە، بە ماڵ، بە لیستێك قەدەغەكراو، بە كۆمەڵێك شەرم لە ناخیدا، بە هەموو ئەوانەی بەو بەردە دەشوبهێنن كە گۆمی مەنگ لیخن دەكەن.

((شاهی)) كە زەردەخەنەی بیرچۆتەوە، چووە دەرەوە و چاوەكانی پڕ لە فرمێسك بوون، سك پڕییەكەی بە كەوا شۆڕەكەی شاردەوە، تاوانەكەی بە پارچەیەك وەهم و خەیاڵ داپۆشی كە لە ناخیدا حەشاری دابوو، كە شەقامەكەی دەبڕی وایدەزانی كەس تاوانەكەی نابینێت و ئەوانیش وابزانن سك پڕییەكەی موعجیزەی رووحی پیرۆزە، رەنگە هەر ئەمەش بێت كە زۆربەی خەڵكی لە لای ئێمە بەژنی سك پڕ بڵێن ((ژنی دووگیان)). ئەو لە خەیاڵی خۆیدا وادەزانێت كە ئەو هەموو كوڕی ((شەیتانانە))ی شەقامەكانیان پڕ كردووە پاك و بێ تاوانن و بەدزییەوە ناچن بۆ ((مەیخانەی رەحبە))، یان ((مەیخانەی قەسبە)) تاوەكوو مومارەسەی جنس بكەن و زمان و ئەندامانی لەشیان لە خەفەكردنی رۆژانەیان بەرەڵا بكەن.

لەبەردەم پەنجەرەكە وەستام، سەیری ((شاهی))م دەكرد كە وەك قاز قورس دەرۆیشت. پشیلەكەمان لەسەر بانەكەی بەرامبەر خۆی دابووە بەر خۆرەكە، تۆزێك لە خوار سەربانەكەوە پەنجەرەیەك هەبوو، جلوبەرگی لەسەر هەڵخرابوو هەروەكوو هەموو پەنجەرەكانی شار، كە بەیانیان قەرەباڵغی و هەوەس و ئارەزووە خەفەكراوەكان و تاوانە جنسییەكانیانی دەخوێندەوە. لێرەدا ژنەكان ناتوانن رۆژێكی نوێ دەست پێبكەن بەبێ ئەوەی بۆنی خەو و پاشكۆكانی وەكوو راخەر و بەتانی هەڵنەخەن، هەموو شتێك لەسەر لێواری پەنجەرە هەڵدەخرێت، زۆر گران بوو لە نێوان ئەو هەموو شتانەی هەڵدەخران سوتیان و ژێركراسی ژنانە ببینین هەڵخراوە، چونكە شەرمەزاری بوو ئافرەت ئاماژەكانی مێینەیی خۆی هەڵبواسێت، زۆربەی جار شەڕە ژنەكان لە پەنجەرەوە بۆ پەنجەرەكەی دیكە دەستی پێدەكرد و هەركەسەو هەموو نهێنییەكانی ئەوی دیكەی ئاشكرا دەكرد، بەبێ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری بكات.

لێرەدا زۆر گران بوو بزانین مێینە کەسێکی بە حەیا و حورمەتە، یان وەکوو پیاوەکان کەسێکی دووفاق و دووڕووە.

لە حەمامی ((دڤوج))دا راهاتبووین هەموو پێنج شەممەیەك خۆمان بشۆین، تەنیا ئەو ماوەیە نەبێ کە شەرمم لە دەرکەوتی مەمکەکانم دەکرد و لە ماڵەوە خۆم دەشۆرد، ئەوکاتانە لەزەت و خۆشیم لە بینینی لەشی ئافرەتەکان بە رووتی دەبینی، نەك لەبەر ئەوەی جوانتر بوون، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئازاد و سەربەستتر دیار بوون و لێرەدا دەبینین ئەو ژنانەی خەفەکردنی ئارەزووەکانیان ماندوویانی کردووە چانسێکی باش دەدۆزنەوە تا هەر چ نهێنییەك لە هەگبە قورسەکەیاندا هەیە بەتاڵی بکەن، بەباشی لە بیرمە و ئەوکاتە تێنەگەیشتم، چۆن ((عوکری)) بەساڵاچوو بە ((نەجمە))ی دراوسێمانی دەگوت و ئاماژەی بۆ پەڵە شینەوەبووەکانی سەر مەمکی دەکرد:

- دوێنی مافی خۆت وەرگرت؟

((نەجمە)) بە پێکەنینەوە وڵامی دەدایەوە:

- دوێنی وا لە سەرم خەوت جیق و فلیقی دەرکردم.

دەنگی پێکەنینیان بەرزدە بووەوە. ئەوکاتە وامدەزانی ((نەجمە))بەدەستی مێردەکەی لێدانی خواردووە، بە تەواوەتی شارەزایم لە جنس نەبوو، بۆیە لە ((شاهی))م دەپرسی:

- ئەم قسەیە چ پێویست بە پێکەنین دەکات؟

وا وڵامی دەدایەوە کە ((عوکری)) خەرف بووە و بە هەموو شتێك پێدەکەنێ. دوای ئەوە هیچ شتێك بە شاراوەیی نەمایەوە. هێواش هێواش تێگەیشتم بۆچی ژنەکان چاو لە یەکتر دادەگرن، هەر کاتێك یەکێکیان دەبینی، لاملی یان سەر شانی، یان سەر مەمکی شین هەڵگەڕاوە. منیش تێبینیی ئەوانەم دەکرد و لە ((شاهی))م دەپرسی:

- ئازاری هەیە؟

- چی ئازاری هەیە؟

- پیاوەکان نقورج دەگرن، یان گاز لە ژنەکانیان دەگرن؟

- عەیبە واز لەم پرسیارانە بێنە.
- کامیان عەیبە، پرسیارکردن، یان نقورچ و گاز؟
- بۆچی پرسیارێك دەکەیت کە خۆت لە دواییدا وڵامەکەی بزانیت؟
- مەبەستت کەیە؟
- ئەوکاتەی شووت کرد.
- تا پیاوەکە نقورچ و گازم لێ بگرێت؟ نا من شوو ناکەم، تۆ خۆت شوو بکە.
- مادام خۆت هەموو شتێك دەزانیت، واز لەم پرسیارانە بهێنە.
- دەمەوێت بزانم بۆچی ژنان حەز دەکەن پیاوان گازیان لێبگرن؟
- نازانم، من هێشتا شووم نەکردووە تاوەکوو بزانم.
- ژنیش گاز دەگرێت؟
- گوتم نازانم، لەبەر چاوم ون بە، یان بێدەنگ بە.

ماچەکەی ((ئەیس...)) جوانترین ماچ بوو لە ژیانمدا چێژتبێتم، ئەو ماچە دوو لەتی کردم. ماچێك بوو پێویستە لە کتێبێکدا تۆمار بکرێت و بە دوور و درێژی باسی تەڕ و لینجی و ئارامبەخشییەکەی ئەو هەوەس و ئارەزووەی لە خۆی گرتبوو، لەسەرخۆکەی، شیرینییەکەی، رادەی ئەو ئەفسوونی تیایدا بوو، باس بکرێت، ماچێك لە دواییدا گازێکی نەرمی سەرلێوەکان، کە خانەکانی لێوی لە لەزەت و خۆشیدا نوقم دەکرد، بەبێ ئەوەی لە دوای خۆیەوە شین هەڵگەڕانێك، یان سەوزبوونەوەیەك، یان رەش هەڵگەڕانێك بەجێ بهێڵێت، تەنیا تا چاو بڕبکات پانتاییەکی پان و بەرین لە لەزەت و خۆشی بەجێ هێشت.

لەبەردەم پەنجەرەیەکەوە کە دەڕوانێتە سەر شەقامی ((شوفالییە))، تەنیا بیرکردنەوە لە ((ئەیس...)) خیانەتێکی گەورەبوو، بەڵام ماچەکەی...!

تۆ بڵێیت لەو ماچە سارێژ بم، کە بووەتە هۆی ئەوەی هەوەس و شەهوەت بدۆزمەوە و رێگای ئەزموون هەڵبژێرم.

ماچەکەی ((ئەیس...))

لێوەکانی ((ئەیس...))

دارستانەکەی ((ئەیس...))

((شوفالییە))ی تەسك مانای ماچی لەسەرخۆ نازانێت، تەنیا ماچی شپرزە و کوێرانە دەزانێت کە وەکوو مردن لێوەکان دەخنکێنێت.

چۆن دەتوانم لەو تایە سارێژبم کە پلەی گەرمی هەتاوی تێپەڕاندووە و بۆ چەند ساتێك هاویشتمیە ناو بەهەشتەوە و لە پاشان جوانترین نەفرەتی لێکردم، تاوەکوو لە نێوان لێوەکاندا بەدوایدا بگەڕێم.

ئالێرەدا، لەسەر گۆی ئەم زەوییەی ئادەم و حەوای لەسەر ون بوون بە تاوانێك بە تەواوەتی نازانین چییە، منیش ون بووم، لە نێوان دوو پیاودا کە ئارەزووم لە یەکێکیانە و ئەوی دیکەیانم خۆش دەوێت و ئەوانەی دیکەش کە نازانم جێگایان لە رستەدا چییە و لە کوێیە.

پەرۆشم بۆ ((ئەیس...))

یان پەرۆشم بۆ ((تۆفیق)).

((شوفالیە)) وڵامی خۆشەویستی ناداتەوە، دەم و چاوەکان تۆز و خۆڵیان لێ نیشتووە، دەنگەکان هەموو شتێکت پێ دەفرشن، ئەو سەربەرەو خوارییەی بەرەو ((شەقامی فەرەنسا)) شۆڕ دەبووەوە، نێرینەیی شەقامەکەی و مێینەیی بەکاربردنی ((ژێرکراس))ی ژنانی بە یادماندا دەهێنا، کە شۆستەکەی داگیر کردبوو.

شەقامەکە هەردەم پڕە لە هاتوچۆکەران، کە ئەمەش تایبەتمەندی ((قوسەنتینە))یە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لە زمانی ئەم شارە تێناگەیت.

نازانیت کەی پڕە لە خۆشەویستی و کەی ڕق و کینەی هەڵگرتووە، کەی دڵخۆشە و کەی دەتپارێزێت و کەی خیانەتت لێ دەکات و کەی لە گەڵتایە و کەی دژتە، لە گەڵ ئەمانەشدا پێشوەخت دەزانیت ئەوکاتەی کێشەکە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەبێت، بەزەیی پیاتا نایەتەوە و دەتکوژێت، هەروەکوو ئەوەی ((ئەلیاس)) یەکێك لە جەلادەکانی بێت. سەیر نییە کە جەلادەکانی وەکوو ((ئەلیاس)) سیمایەکی جوان و قژ

زەرد و دەم و چاو نورانییان هەبێت کە بەلای ژنەکەیەوە جوانترین پیاوی ئەم گەردوونەیە و بەلای دایکییەوە پێغەمبەرێکە بۆ خۆی.

هەر زوو زانیم ژنەکەی ((ئەلیسا)) کێیە. تۆزێك بۆ دڵنەوایی لام دانیشت.

گوتی کە ئەو ((ئەلیسا))ی لە خەستەخانە ناسیووە، کاتێ ((ئەلیسا)) سەردانی ((پوورە وەردییە))ی دەکرد و ئەویش سەردانی دایکی دەکرد. کە بینی یەکسەر بڕیاری دا بیهێنێت. گوتی: کە ویستم دەرچم بە دوام کەوت و پێی گوتم: ((گوێ بگرە کچی باش، من پیاوێکی خراپ نیم، حەزم لێتە و دێین بۆ داواکاریت))، مەرامی پاك بوو بۆیە خۆشمویست و شووم پێی کرد.

پرسیم:

- هێشتا خۆشت دەوێت؟

کێشای بە سنگی خۆیدا و گوتی:

- حەیام چوو... شوورەییە.

دەزانم پرسیارەکەم زۆر قورس بوو بەلایەوە، لە کۆمەڵگای ئێمە زۆر شوورەییە بە ژنێکی بەمێرد بڵێیت مێردەکەت خۆش دەوێت یان نا، چونکە تاوەکوو ئەو کاتانەی لە دەستی دەگریەت و سکاڵای لێدەکات، هەرگیز ناکرێت و ناشبێت بڵێیت قینی لێیەتی، یان رازی بێت بەوەی بڵێین مێردەکەی پیاوێکی خەراپە. لە هەمانکاتدا هەروەکوو ژنەکەی ((ئەلیاس)) ناکرێت ژن دان بەوە دابنێت کە مێردەکەی خۆش دەوێت. دانهێنان بە خۆشەویستی جێگای گومانە، گومانیشی لەڕێلادانە، لەڕێلادانیش-خوا بمانپارێزێت- بەرەو ئاگر دەمانبات. کەواتە دانهێنان بە خۆشەویستی چەند ترسناکە، هەروەکوو زینا وایە، یان وەکوو گوناحێکی گەورە و کوشتن وایە. جارێکی دیکە لێیم پرسییەوە:

- ((ئەلیاس)) لەگەڵتدا چۆنە؟ بەباشی مامەڵەت لەگەڵ دەکات؟ قسەی خۆشت بۆ دەکات؟ بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکی کردم، وەك ئەوەی گومانی لە تەواوی عەقڵم هەبێت و گوتی:

- ئێوەی فەڕەنساوی چیتان دەوێت؟

هەستاو رووخسەتی خواست.

داوای لێبووردنم لێی کرد و بۆم روونکردەوە کە تەنیا بۆ دڵنیایی ئەو پرسیارەم کرد.

لەڕاستیدا وانەبوو، بەڵکوو دەمویست ئەودیوی ((ئەلیاس)) بناسم ئەودیوەی هیچ شارەزاییم لێی نەبوو.

تەنیایی لە ماڵماندا کوشندەیە و رۆیشتنی ((شاهی)) ئەوەندەی دیکە ماڵەکەی کردووە بە ماڵی مردووەکان. دایکم بەردەوام لە ژووری زەخیرەکەدا کاری دەکرد و باوکم تەنیا ئێواران دەگەڕایەوە و ((ئەلیاس))یش هەروەها، بەڵام براژنەکەم تاکە تارمی بوو لە ماڵەکەدا. گوێم لە خشپەی دەبوو لە ژوورەکەی دەهاتە دەرەوە و دەچووە ژوورەوە، گوێم لە هاتووچۆی بوو کە سەردانی چێشتخانەکەی دەکرد، بەڵام رووخساریم نەدەبینی. ئێوارانیش لە ژوورەکەی خۆی گۆشەگیر دادەنیشت. ئێوارەیەك بینیم و داوام لێی کرد بەیەکەوە دابنیشین و تۆزێك گفتوگۆ بکەین، گوتی: ((ئەلیاس)) حەز ناکات.

پرسیم: ئەی تۆ، حەز دەکەیت!

بەژێر لێوەوە پێکەنی و گوتی:

- خوشکم... ئەمە رای ئەوە...

لە سەرەتای شووکردنەکەم بە ((مود...)) منیش هەروەکوو ئەو وابووم، بە تەواوەتی لەو رۆڵە شارەزام و دڵنیام رۆژێك ((ئەلیاس)) لێی بێزار دەبێت و بەدوای ((لیلی))یەکی دیکەدا دەگەڕێت چێژ و خۆشی پیێ ببەخشێت، چ لە ((مەیخانەی رەحبە)) بێت، یان لە ((مەیخانەی قەسبە))، یان لە نێوان ژنە لەشفرۆشەکانی ((بولسەواف)) و ناوچە پیشەسازییەکە.

((قوسەنتینە)) بە تەواوەتی گونجاوە لە نێوان هاوکێشەکانی ژیاندا. بەدەستێك مافەکانت لیێ زەوت دەکات و بەدەستەکەی دیکەی بە ژەهراوی دەیگێڕێتەوە.

شەوانە بێدارم و ناخەوم، کاغەزەکانم بڵاو دەکەمەوەو دەست بە نووسین دەکەم، کە ناویم ناوە چیرۆك. بێگومان نازانم چ جۆرە چیرۆکێك دەنووسم، ئایە خۆم دەنووسمەوە،

یان دەوروبەرەکەم، یان بۆ خەڵکی دەنووسم و پاشان بۆ کات بەسەربردن بۆ خۆمی دەگێڕمەوە.

شەوانە ((قوسەنتینە)) شارێکی ترسناکە و هەست بە ئاشنایی ناکەیت، بەڵکوو زۆرجار ترسناکییەکەی زیاد دەکات و هەست دەکەیت تۆ مشکێکیت و کەوتوویتە تەڵەوە، یان هەتیوێکی بێکەسیت، یان کوێرێکیت و هیچ نابینیت.

شەو چۆکی داداوە بەسەر ((قوسەنتینە))دا و هەر دەڵێیت جەنگاوەرێکی ماندووە و چەك قەڵغان و عەرق و پیسی و ترس و شمشێرە لە خوێن هەڵکێشراوەکەی فڕێ داوەتە سەر گرد و بەرزاییەکانی دەوروبەری و گۆڕیوێتی بۆ بوونەوەرێکی جیاواز.

هەموو شتێك لەم شارە دەبێتە پرسیار، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئەی خۆی کێیە؟ بۆچی هەموو شێوە و رووخسارەکان وەردەگرێت و لە هەموو خولەکانیش بەردەوامە.

کێ لەم شارە تێدەگات؟

کێ لە بێدەنگییە ترسناکەکەی تێدەگات؟

کێ هەیە لە جەلادەکەی تێبگات؟

کێ لە کەنیزە ستەمکار و ستەملێکراوەکانی تێدەگات؟

کێ لە ئێستا و رابردووی تێدەگات؟

کێ برسییەتی ئەو بۆ لەناوبردنی مرۆڤەکانی تێدەگات.

یەکەمین جارە، شەو سەیری شەقامی ((شوفالییە)) بکەم و هەست بکەم رق و کینە سەبارەت بەم شارە جوانە دامبگرێت، چونکە هەموو شتە جوانەکانی تیام دابووە و لە دەوروبەرم دابووە و لە دەوروبەری ئەوانەی دەوروبەرم دابووە، هەمووی کوشتووە و لەناوی بردووە.

رق و کینە و تووڕەبوون و ئارەزووی بەجێهێشتنی بۆ هەتاهەتای خولیام دەدات.

پێش یەك ساڵ، کەمتر ترسناك بوو، ئەمڕۆ دەبینم بەبێ هیچ هۆیەك بەڕوومدا دەقیژێنێت.

بەبێ ئەوەی لە دەرگاکە بدات ((ئەلیاس)) یەکسەر خۆی کرد بە ژووردا و بە چاوێك سەیری کردم کە زریانی سارد و سڕی لێ دەباری. هەروەکوو هەموو جارێك بیری چوو سڵاو بکات، بەڵام پرسی:

- بۆچی تا ئەم درەنگە نەخەوتویت؟
راستەوخۆ سەیری چاوەکانیم کرد و گوتم:
- دەنووسم.
وادیاربوو بەدڵی نەبوو، بە گاڵتەجارییەوە گوتی:
- بۆ شتێك ناکەیت سوودی بۆت هەبێت؟
وڵامم نەدایەوە.

دەرچووە دەرەوەو دەرگاکەی داخست، دەتگوت بەردێکی قورسی هاویشتە ناو ناخمەوە. هەموو ئارەزووی تێکدام و ئەو ئارامییەی هەستم پێی دەکرد بوو بە گڕکانێکی تووڕە و تەلی بیروبۆچوونەکانی بڕیم، لەو کاتانەی هەستم بەخۆشی بەردەوامی نووسین دەکرد و چیرۆکەکەی ئەندێشەم ڕێبازی خۆی وەرگرتبوو، هەمووی تێکدا و پچڕاندی.

کاغەزەکانم فڕێ دا و لە سەر جێگاکەم پاڵ کەوتم.

* * *

کە چاوم کردەوە، هەموو لایەك بە ڕەنگی سپی داپۆشرابوو، دیوارەکانیش جیاوازبوون لە دیوارەکانی ماڵەکەمان لە ((شوفالییە)). بۆنێك تەواو ئاشنای بووم... هەوڵم دا هەستم، بەڵام نەمتوانی، پێیەکانم توانای جوڵانەوەیان نەبوو، سەرم قورس بوو... قورس... زۆر قورس بوو.

ئەو پیاوەی بەرامبەرم راوەستابوو، نەمدەناسی، پیاوێکی باڵابەرز و دوو چاوی سەوز، لەژێر چاویلکەکەیەوە کەمتر سەوز دەیڕوانی، ڕەنگ ئەسمەرێکی کاڵ بوو، بێگومان یەکەمین جارە ئەو زەردەخەنەیەی دەبینم... سەدرییەکی سپی لەبەردا بوو. پیاوەکە گوتی:
- بەیانیت باش ((بانی)).
- بەیانیت باش.
- ئەمڕۆ هەست بە باشی دەکەیت؟
- باشی لە چی؟

بەڵام وەڵامی نەدامەوە و دەستی بە گرتنی ترپەی دڵم کرد و گوتی:

- تەندروستیت زۆر باشە.

باسی شتێکی دەکرد تێی نەگەیشتم:

- دوێنێ هیچم لێ بەسەرهاتووە؟

- نا.. دوێنێ نا.

- دوێنێ لە ماڵەوە بووم و درەنگ خەوتم و هیچم نەبوو.

- بەردەوام گوێم لەم قسەیەت دەبێت، ((بانی)) پێویستە من و تۆ رێك بکەوین، تۆ هەرگیز ئەم شوێنەت بەجێ نەهێشتووە، مادام تۆ سووریت لەسەر گێڕانەوەی یەك جیکایەت و هەرجارەی بەشێوەیەکی جیاوازیش دەیگێڕیتەوە.

لە شوێنی خۆم راچەنیم و هاوارم کرد:

- ئەم شوێنە کوێیە؟ من لە کوێم؟ ئەی تۆ کێیت؟

- ((بانی)) ئارام بگرە، من سەلیمی هاوڕێتم.

- بەڵام من تۆ ناناسم، تۆ هاوڕێم نیت.

بێگومان هاوڕێم نەبوو، نەمناسی و ناوەکەشی بەلامەوە ئاشنا نەبوو.

- بەڵام زیاتر لە یەك ساڵە من دکتۆری تۆم.

- یەك ساڵە؟ دەتەوێت شێتم بکەیت. من نزیکەی یەك مانگە لە فەرەنسا گەڕاومەتەوە، بە دڵنیاییەوە دوێنێ لە ماڵی خۆمان بووم و تا درەنگ خەریکی نووسین بووم و لە پاشان خەوتم.

بەهێمنی لێم نزیك بووەوە چاوەکانی تێم بڕی و گوتی:

- گریمان تۆ راست دەکەیت، کەواتە پێویستە کێشەکەی من چارەسەر بکەین. ماوەی یەك ساڵە من چاودێری تۆ دەکەم، رۆژانە سەرت لێدەدەم و رۆژانەش گفتوگۆ دەکەین و وابزانم هەموو شتێکت دەربارە دەزانم.

هێمن بوو... زۆر هێمن بوو. چاوە سەوزەکانی و زەردەخەنەکەی زۆر سەرنجیان رادەکێشا. تاوەکوو ئەو تاڵە سپییانەی بەرێکی قژی داپۆشیبوو، هەیبەتێکی جوانیان پێی دەبەخشی و باڵابەرزەکەشی زیاتر سەرنجڕاکێش بوو.

- خەریکە منیش دەتناسم (ئەمەم گوت و تۆزێك هیمن بوومەوە) تۆ لە خالیدی پورە زەهرەم دەچیت، هەرچەندە چەند ساڵێکە نەمبینیوە، بەڕاستی تۆ لەو دەچیت.

- رێککەوتێکی زۆر سەیرە، منیش بە بەڵگەنامە ناوم خالید سەلیمە.

- دوێنێ لە کوێ بوویت؟ مەبەستم لێرەبوویت؟ ئەی من لێرە بووم؟

- بەڵێ، تا کاتژمێر شەشی ئێوارە بەیەکەوە بووین، کە جێم هێشتی باری تەندروستیت باش بوو.

- ئەمە مانای وایە لە خەستەخانەم.

- بەڵێ، تۆ لە خەستەخانەی زانکۆیی قوسەنتینەیت و لە بەشی نەخۆشییە دەروونییەکانیت.

یەك بە دوای یەکدا تووشی شۆکی دەکردم، بەڵام زۆر هێمنی و لەسەرخۆ، دەتگوت بەدەستی ئەنقەست ئەمە دەکات و هەوڵ دەدات کاریگەری لەسەرم کەم کاتەوە،

- من و تۆ زۆر هاوڕێین، چونکە تۆ نەخۆشێکی ئاسایی نیت.

سەرم چەخماخەی کرد و دانیشتم بەدوای تۆزێك ئارامیدا بگەڕێم و سەرم خستە نێوان هەردوو دەستمەوە.

- ئەی خوایە، ئەمە چییە بەسەرم دادێت؟

- هیچ نییە، هەموومان بە بارودۆخی ناخۆشدا تێدەپەڕین، بەڵام دەڕوات.

لە پاشان سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و بەردەوام بووەوە:

- دەڕۆم سەر لە نەخۆشەکانم دەدەم، زۆر بیر مەکەرەوە، دوای یەك کاتژمێری دیکە دەگەڕێمەوە و گتوگۆ دەکەینەوە.

* * *

که گەڕایەوە رۆژنامەیەك و دەستەیەك کاغەزی بەدەستەوە بوو، لەبەردەمم داینا، سەیرێکم کرد و توانام نەبوو ئەو پرسیارانەی لێ بکەم کە خولیای مێشکمیان دابوو. رۆژنامەکەم هەڵگرت و پەڕەی یەکەمم کردەوە و هیچ تێنەگەیشتم، ناونیشانێکی گەورە سەبارەت بە عێراق، کە ئەمەش لەم بارەی مندا هیچ سەرنجڕاکێش نەبوو.

گوتی:

- ئەمە رۆژنامەی ئەمڕۆیە.

سەیرێکی رۆژەکەیم کرد، لە شوێنی خۆم سڕبووم، ئەمڕۆ ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٣یە!

- چۆن بڕوا بکەم، بەباشی دوێنێم لە یادە، شەوێك بوو لە شەوە هێمنەکانی بەهاری ساڵی ٢٠٠٠.

سەیرێکی سەلیمم کرد و پرسیم:

- بە تەواوەتی مەسەلەکە چییە؟ من یەوك ساڵە لێرەم، بەڵام بەپێی ئەم رۆژنامەیە بێت سێ ساڵ لە تەمەنم دزراوە، ئایە من یادەوەریم لە دەست داوە، یان باری تەندروستیم لەمە ئاڵۆزترە، ئایە تووشی لە دەستدانی یاردەوەریی پێشوەختە هاتووم، یان نەخۆشییەکی دیکەیە؟

بەرامبەرم دانیشت و دەستی بە قسەکردن کرد:

- سێ ساڵ پێشتر لە بێهۆشییەکی تەواودا دەژیایت حاڵەتەکەت حاڵەتێکی زۆر دەگمەن بوو، دوو ساڵ بەو شێوەیە مایتەوە، پاشان یەك ساڵ بە نیمچە بێهۆشی مایتەوە، کەواتە تۆ بەخەبەر بوویت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئاگات لە دەوروبەرت نەبوو. تووشی خەمۆکییەکی زۆر توند بووبوویت، بۆیە داوایان کردم کە چاودێری حاڵەتەکەت بکەم. ئەم نووسینانەت لە ماوەی پچڕ پچڕدا نووسیوە و هەرچەندە هەستت بە نزیك بوونەوەی بێهۆشییەکەت بکردایە کاغەزەکانت لەلای من دەشاردەوە.

پرسیم:

- تووشی هیچ کارەساتێك هاتووم؟

- بەداخەوە پێتڕادەگەیێنم کە پێش سێ ساڵ بەهۆی بارانێکی زۆرەوە لە قوسەنتینە، کە ئەو بارانە هەموو وڵاتی گرتبووەوە، ماڵەکەتان لە ((شوفالییە)) رووخا، ئەو شەوە تۆیان رزگارکرد و هێنایانی بۆ نەخۆشخانە.

لەرز دایگرتم و پرسیم:

- ئەی خێزانەکەم!

- شەوی پێنج شەممە بوو، هەموویان لە ئاهەنگی ژنهێنانی یەکێك لە خزمەکنتان بوون.

- کەواتە کەسیان نەمردون.

- ئەلحمدوللە، کەسیان.

- منیش نەمردم.

ماوەیەك هەردووکمان بێدەنگ بووین، پاشان پرسی:

- پێویستە یادەوەرییەکانت چالاك بکەینەوە، تاوەکوو وەکوو جارانی لێبێتەوە.

- من پێش یەك ساڵ و چەند مانگێك شووم بە ((مود...)) کرد، ئایە بەڕاستی وابووە؟

- ئەم ناوەت پێداوم، ئەمە ناوی پیاوێکی گەنجی جەزائیرییە، ناوە راستییەکەی ((مەولود بولعەرەبییە))یە، لە ساڵی ١٩٩٩ لە پاریس کوژراوە، بەهۆی ئەوەی لەلایەن چەند گەنجێکی فەرەنسی رەگەزپەرستەوە لە مۆنبارناس تووشی لێدانێکی قورس بوو، بەهۆیەوە گیانی لە دەست دا، ئەو هێشتا ژنی نەهێنابوو، لە تەمەنی چل ساڵێدا بووە.

- ((مود...)) مردووە؟

- سەیرە تۆ لیستێك ناوت داوە پێم هەموویان مردون، تەنیا هونەرمەند ((تۆفیق بوستانچی)) نەبێت کە چەند ساڵێکە لە فەرەنسا دەژێت.

- چۆن؟ هەموویان مردوون؟ ئەی ((ئەیس...)) ئەوم بەلاوە گرنگە.

- شاعیرێکی لوبنانییە و لە بنەڕەتدا فەلەستینییە، لە شەقامەکانی بەیروت بەدەستی نەناسراوێك کوژرا، پاشان دەرکەوت بە هەڵە کوژراوە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی سیاسی دیاریکراوی نەبووە، یەکێك بوو لەو شاعیرانەی شیعری بە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی دادەنا.

- نابێت... ئەوەی دەیڵێیت هەرگیز نابێت؟ ((مۆد...)) مردووە... ((ئەیس)) مردووە؟

- ((ماری عەون))یش پیانۆژەنێکی لوبنانی بووە و لە شوقەکەی خۆی لە پاریس بەهۆی خواردنی حەبێکی زۆری خەوەوە، خۆی کوشتووە.

- تۆ دەمترسێنیت، چۆن دەربارەی ((ماری)) زانیاریت پەیدا کرد؟

- ناوەکان بەدەست و خەتی خۆت لەم پەڕانە تۆمارکراون. خۆت داوات کرد کە پەیوەندی بە هەندێکیانەوە بکەم تا بزانین ئەم ڕووداوانە ڕاستن کە لە گەڵیاندا ژیاویت. هەر ئەوەندەی بۆم دەرکەوت ((مود...)) کەسێکی مردووە، حەزم کرد ئەوانی دیکەش بدۆزمەوە، بەلامەوە سەیر بوو کە زانیم هەموویان مردوون، تەنیا ((تۆفیق)) نەبێت.

- ئەی ((شەرەف))؟

- ((شەرەف عەبدولستار)) ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانی بوو، پێش سێ ساڵ لە کارەساتی ئۆتۆمبیلدا لە گەڵ برادەرێکی جەائیری و لە ڕێگا پێچاوپێچەکانی ((جیجل)) گیانی لە دەست داوە.

- ئەویش؟

- سەیر ئەوەیە هەموویان بۆ ماوەیەك لە پاریسدا ژیاون، بەڵام تۆ تەنیا بۆ جارێکیش نەچوویتە پاریس.

- کەواتە من هێشتا شووم نەکردووە!

- بەڵێ، تۆ ژنی ((مەهدی عەجانی)) بوویتە و پێش ماوەیەکی کورت لە کارەساتەکە بێوەژن بوویت. سەیر ئەوەیە بەهیچ شێوەیەك ناوی نەهاتووە لە لیستی ئەو ناوانەی تۆمارت کردووە.

- ((مەهدی عەجانی))؟ ئەمە کێیە؟

- ئەندازیار بوو، پەیوەندی بە پۆلیسی نهێنییەوە کردووە و لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٠دا لە ((ڕەئس قەنتەرە)) بەدەستی تیرۆرستان کوژراوە، ئەوکاتە تۆشی لە گەڵدا بوویت، بەڵان تۆ بەرنەکەوتیت.

- بەڵام چۆن ئەم هەموو ڕووداوە لە یادەوەریمدا سڕاوەتەوە و ڕووداوی دیکە و لە گەڵ کەسانی مردوو جێگایانی گرتووەتەوە؟!

- هەندێك شت هەیە لە توانای دکتۆرێکی ئاسایی نییە تێی بگات.

- بەڵام تۆ دکتۆرێکی ئاسایی نیت تۆ دکتۆرێکی پسپۆڕیت.

- شتێك لە مەسەلەکەی تۆدا هەیە لە سەرووی سروشتەوەیە و من هێشتا پێی نەگەیشتووم. سەفەرکردنت لەکاتی بێهۆشیدا، پەیوەندیت بە مردووەکانەوە، ئەو ژیانەی دیکەی تیایدا ژیاویت، ئەمانە هەمووی بڕوات پێدەکەم، بەڵام هیچ لێکدانەوەیەکم بۆ ئەو ڕوودانە نییە.

* * *

سێی پاش نیوەڕۆ بوو، لە دەرگا درا، ((ئەلیاس)) خۆی کرد بە ژووردا و بەدوایدا دایکم و ((شاهی)) هاتنە ژوورەوە.

زۆر گریام، نازانم بۆچی بەیەکجار پەرۆشی دایگرتم و ویستم هەموویان لە ئامێز بگرم. دایکم گریا، ((شاهی))یش گریا، ((ئەلیاس)) بە بێدەنگی مایەوە و دڵۆپە فرمێسکێك لە چاوەکانی دەبریسکایەوە.

سەرنجم دا تۆزێك دەشەلێت، لە پەنجەرەکە نزیکەوە بوو، سەیری ئاسمانی دەکرد. هەواڵی هەموویانم پرسی، لە پاشان لە ((ئەلیاس))م پرسی:

- ئەی ژنەکەت چۆنە؟

بە چاوێك کەمتر دڵڕەقی لەخۆگرتبێت، بەدوو چاوی کز داگیرساو، وەکوو کێڵگەی گەنم سەوزی دەکردەوە، ئاوڕێکی دایەوە.

بە پرسیارەوە سەیرێکی کردم، پاشان لەگەڵ دایکم و ((شاهی)) سەیرێکی یەکتریان کردو گوتی:

- خۆت دەزانیت چەندساڵێکە مردووە.

- چەند ساڵێکە؟

- چی ئەوی کردەوە یادت، خۆ بەیەکەوە نەگونجان؟

- بەڵام چۆن مرد؟

- سووتا!

ئەمەی گوت و لە پەنجەرەکەوە سەیری ئاسمانی دەکرد. پێویست بوو هەندێك لە پرسیارەکانم بۆ رۆژێکی دیکە بهێڵمەوە و بە دوو دڵی و نەسرەوتی خۆم سەری داپۆشم و بەیەکەوە شەوێکی کراوە بخەوین بەسەر دوو ئەگەردا، ئەویش ئەگەری وەهم و راستییە.

سێ ساڵ بە فیڕۆ لە تەمەنم رۆیشت. یەك ساڵ دەردەسەریم لەگەڵ ((مۆد...))دا تەنیا خەیاڵ و واهیمە بوو. چیرۆکی خۆشەویستیم لەگەڵ ((تۆفیق)) لە سەرەتاوە هەر واهیمە بووە. ((ئەیس...)) و گەیشتنم بە ناوبانگی هەر واهیمە بووە، ئەی ((مەهدی عەجانی))، ئەوەی هیچی دەربارەی نازانم، چۆن شووم پێی کرد و چۆن مرد. ئەی بۆچی لە دەرەوەی یاردەوەرییەکانمدا گرمۆڵە بووە؟ ئەی ئەوانەی ساڵانی یادەوەرییەکانمیان داگیرکردووە، لە کوێوە هاتوون و خۆیان هاویشتۆتە ناو بێهۆشییەکەوە و ئارامی نەخۆشییەکەمیان گۆڕیوە بە رۆژانێکی پڕ کارەسات.

ژوورەکەم پاك و خاوێنە و سپیەتییەکەی جیهانێکی رۆحانی دەبەخشێت بە جێگاکە. ((خالید سەلیم)) رۆیشت... ئێوارە بە ئاسپایی هات و لە دەرەوەی ژوورەکەم مۆڵگەی بەست و گومەزێك لە ترسی لەخۆ ئالاند.

لە ژوورەکەمەوە دەمڕوانییە دارستانی ((جەبەل وەحش)) کە شینییەکی تۆخ داپۆشیبوو. پەڕەسێلکە و باڵندەکانی دیکە بەیەك دادەهاتن و حیکایەتی نهێنییان بۆ یەك دەچرپاند. هەردەم ئێوارەی ((قوسەنتینە)) بەم شێوەیە بووە، تێکەڵییەکە لە نێوان ئەو شتانەی خۆشمان دەوێت و ئەو شتانەی وەکوو نیازێ لە ناکاو بەسەریا دەکەن. رەنگە سەدەها جار تێبینی ئەمەم کردبێت، بەڵام ئەمڕۆ نەهاتنی بوون ((خالید سەلیم)) تاڵییەکی لە دڵمدا بەجێ هێشت.

ئەو کۆمەڵە کاغەزەم هەڵگرت کە بەجێی هێشتبوو، تا شەو درەنگ خەریکی خوێندنەوەی بووم، هەرچەندە زۆر خەوم دەهات، بەڵام بەرگریم لە خەوەکەم کرد لە ترسی ئەوەی نەوەك بەیانی بەسەر راستییەکی نوێدا، یان وەهمێکی نوێی تردا خەبەرم بێتەوە.

هەموو ئەو وردەکاریانەم خوێندەوە کە بەدەست و خەتی خۆم نووسیبووم، هەندێکی لیستێکی ناوی ئەو دۆست و برادەرانە بوون کە لە ساڵانی خەیاڵ و واهیمەکەمدا لە پاریس لەگەڵیاندا ژیابووم و هەندێکیشیتریان گەڕاندنەوەك بوو بۆ یادەوەرییەکانی ساڵانی زانکۆ. هەندێکیشی دەربارەی ((خالید سەلیم)) و پەیوەندیم لەگەڵیدا بووە. سەرسام بووم کە زانیم هاوڕێیەکی زۆر نزیکە و دوای هەموو ناکۆکییەکمان پۆزش هێنانەوە و داوای لێبووردنی هەبووە و زیاتر لە یەك نامەی پۆزش هێنانەوەم بەرچاوکەوت کە لە مێژووی جیاجیا و هەندێك دوور لە یەکەوە نووسرابوون، بەڵام هەمووی لە ماوەی یەك ساڵدا نووسرابوون.

هەمووی بەدەست و خەتی خۆم بوون، بەڵام هەندێك لە رووداوەکان بۆ یەکەمین جارە دەیبیستم، ((خالید سەلیم)) لە نێوان دێڕەکانمدا شوێنێکی زۆر تایبەتی هەبوو، لە هەمانکاتدا من ((تۆفیق))م خۆش دەویست.

چۆن بە چ شێوەیەك لە واقیعی خۆم دەردەچووم و بەڕاڕەوەکانی چارەنووسی بێهۆشیمدا خۆم دەخزاندە جیهانێکی دیکە و شارێکی دیکەو کەسانێك کە لە ژیانی پێشوومدا نەمناسیوون.

چ هێزێکی سەیر بوو کە رۆحمی هەڵدەگرت تاوەکوو لەگەڵ رۆحەکانی دیکەدا بەیەك بگەن و بەو هەموو گونجان و ئولفەتەوە لە ژیانێکی دیکەدا بەیەکەوە بژین؟

بۆچی لە ساتەکانی بە ئاگابوومدا وەکوو ئەمڕۆ نەژیاوم و هەستم نەکردووە چیم بەسەردا هاتووە، بۆچی ئەمانە لە نووسینەکانمدا تۆمار دەکەم، بەڵام یادەوەرییەکانم بە تەواوەتی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ساتەکانی بە ئاگابوونم و بێهۆشیم بەیەکەوە کۆ بکاتەوە و رۆحم لەو هەموو ونبوون و پەرتەوازییە رزگار بکات. پێویستم بە شەوێکی ساف و بێگەردە تاوەکوو کیسەی سەرم لەوانەی تیایەتی لەسەر مێزێکی گەورە بەتاڵ

بکەمەوە و ئەوانە هەڵبژێرم کە پێویستە بمێننەوە و ئەوەشی ولابخرێت. شەوێکی ساف و بێگەرد، سەیر ئەوەیە ئەم شەو ئەو شەوە نییە سەرم قورس و جەستەم قورس و شتێك دەوری دابووم لە شەوەزەنگ دەچوو، بینینی لێ شاردبوومەوە.

هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر دەکرد، بەڵام لەگەڵ هەستکردنێکی بەهێز بە هۆشمەندیم، ئەمەش لووتکەی ئازارەکانم بوون، چونکە هەموو هەستەکانم لە کاردا بوون.

کێشەمان لە تەك هەستەکانماندا زۆر قووڵە، نازانم چۆن کۆمەڵگایەکی شارەزا لە بڕینەوە و قرتاندن تاوەکوو ئێستاکە ئامێرێکیان دانەهێناوە بۆ بڕینەوە و قرتاندنی هەموو هەستەکانمان... ژنێکی شەونخوون، لە ڕێگای ئەندێشەیەکی چالاکەوە سەفەر دەکات بەرەو قەت پاڵی ناوبانگی و قەڵاکانی رەق و کینە و چاوگەکانی ناحەزی و ڕێگاکانی هەڵبژاردن.

لە خەستەخانەیەك بەرامبەر ((جەبل وەحش))، دڕندەی شەهوەت و هەوەس لە ژوورێکی تەسك، سپی و پاك و خاوێن بەندکراوە کە ئەوەش منم... منێك کە باوەڕم بە کارەساتی رووخانی ماڵەکەمان و کارەساتی مردووەکان و رووحەکان نییە.

قووڵیی پرسیارەکە پەیوەندی بە سالانی وەهم و خەیاڵەکەمەوە هەیە و ئەو ناوەڕۆکەی لە خۆی گرتووە.

پەیوەندیی ماڵەکە چییە بەو ڕووداوانەی بەسەرمدا هاتوون؟

پەیوەندیی باران چییە؟

پەیوەندیی ((ئەیس...)) چییە بەو هەموو ڕووداوەوە؟

پەیوەندیی ((مود...))، پەیوەندیی ((تۆفیق)).. پەیوەندیی ((شەرەف))، پەیوەندیی ((خالید سەلیم)) بەم هەموو ڕووداوانەوە چییە؟ ئەم هەموو پیاوانە ڕاستە بە ژیانمدا تێپەڕیون.

لە ڕاستیدا، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی تۆ هەستەکانت بە ئاگابهێنێتەوە و تۆ مردوویت و ئەوەی هەستەکانت بکوژێنێتەوە و کپی بکەیت و تۆ زیندوویت.

تاوەکو ئەم ئاستە بیرم کردەوە، لە پاشان خەو بردمییەوە و بەیانی هەتاوەکە بەخەبەری کردمەوە.

*　　　　*　　　　*

- ئایە خۆشم ویستویت؟

ئەم پرسیارەم لە ((خالید سەلیم)) کرد پێش ئەوەی وڵامی بەیانی باشەکەی بدەمەوە، ئەویش بە زەردەخەنەوە و لە پاشان لە پێکەنینەوە وڵامی دایەوە.

- بەردەوام ئەم پرسیارەم لێدەکەیت.

- دەتەوێت چۆن بانگت بکەم، ((خالید،، یان ((سەلیم)).

- کێشە نییە، من بە هەردووکیان وڵام دەدەمەوە.

- وڵامت نەدامەوە، ئایە خۆشم ویستویت، لاپەڕەکانم ئەوەم بۆ ئاشکرا دەکەن کە کەوتبێتمە داوتەوە.

- نا، من چوار ساڵ لە تۆ بچووکترم، ئەویش ئەو ساڵە کەمانەی تەمەنتە کە قایل نەبوویت بەدوای سۆزەکانتدا بکەویت. تۆ پێویستت بە پیاوێکە لە من بچێت، بەڵام ئەو کەسە من نیم. دەتەوێت چوار ساڵ لە خۆت گەورەتر بێت هەروەکوو ((ئەیس...)) یان ((تۆفیق)).

- ((تۆفیق)) دەناسیت؟ ئەو لە خێزانەکەی خۆمانە؟

- نا، ناینا سم، بەڵام دەزانم لە بەشە دەوڵەمەندەکەی خێزانەکەتانە، ئایە زوو زوو سەردانی ((قوسەنتینە)) دەکات؟

- بیرم نایەت کەی بۆ دواجار بینیومە، پێش چەند ڕۆژێك بەیەکەوە خەوتین.

دوای ئەم درکاندنە ترسناکەم بێدەنگی دایگرتین و پاشان بەردەوام بوومەوە؟

- خۆزگە بۆ ئەو رۆژانە دەخوازم کە بەیەکەوە دەژیاین، تۆ بڵێیت ئەندێشە بەم جۆرە گاڵتە بە جەستە بکات.

بە پێچەوانەوە، ئەندێشە ئەو بەشەمانە کە هێشتا نەمانتوانیوە دەستەمۆی بکەین، بەڵام جەستە و ئەقڵ و سۆز و خەونەکانمان، ئەمانە هەمووی لە زیندانی دەستەمۆ بەندمان کردوون.

- من سەربەست و بەختەوەر بووم ((سەلیم))، چونکە دەمزانی بەکام رێگادا دەڕۆم و لە قاوغی خێزان و پڕ و پاتاڵی کۆمەڵگە دەرباز بووبووم.

فێر بووم چۆن هەڵسوکەوت بکەم و چۆن هەڵبژاردن بکەم و چۆن خۆم تاقی بکەمەوە و بەرامبەرکەشم تاقی بکەمەوە و لەو ئەزموونەدا بە بڕیارێکی راست و دروست دەربچم، کە بە پەیوەندییەکی دۆڕاوەوە شکست نەخۆم، یان بە هەڵسوکەوتێکەوە پەشیمانی لە دواوە بێت خۆم تووش نەکەم، بەڵام فەرموو، ئەوەتانێ بەسەر راستییەکی ترسناکدا خەبەرم دەبێتەوە کە پێم دەڵێت ئەوەی رووی داوە لە یارییەکی ئەندێشە و نەستەکان زیاتر هیچی دیکە نییە، ئەمە ئەقڵ دەیبڕێت؟

- ئێمە کۆمەڵگایەکین پێویستمان بە یەکێکە ئەندێشە و نەستەکانی بەخەبەر کاتەوە.

- چۆن ئەندێشەی کۆمەڵگایەك دەجوڵێت کە ژنەکانیان بێدەنگ و مات بن. دەنگیان لە شەڕ و گفتوگۆی بێبایەخی ناو خێزانەکەیاندا ون بێت، یان لە زەماوەندێکی بێمانای شووکردنێکی دۆڕا و تا ئەوپەڕی دۆڕاندن کپ بکرێت.

- با شتێکت بۆ روون بکەمەوە، ئێمە میللەتێکین فێری داپڵۆسین و کپ کردن بووینە، بۆیە هەرگیز ناتوانین بە یەکجار سەربەستی بەدەست بێنین، پێویستیمان بە شۆڕشێکە نەوەکان یەك لەدوای یەك بەردەوامیی پێبدەن، تاوەکوو لە سیستەمی زیندان و بەندیخانە رزگارمان بێت کە بۆتە شەقڵ و شێوەی ژیانمان.

- تۆ جارێکی دیکە دەمترسێنێت، ئەمە مانای وایە ژیانم بەرەو دۆزەخ دەڕوات، کەواتە ناتوانم بەو سەربەستییە بژیم کە دەمەوێت، ئەگەر بەقەدەر بارستایی ئەندێشەم نەبێت.

- بەڵام ((بانی)) تۆ ئەندێشەت زۆر فراوانە و سنووری نییە و خاڵی بۆ دانەنراوە.

- که دەخەوم ئەندێشەم زۆر ترسناکە، چونکە رۆژگارەکانمی شێواندووە و جارێك فڕێم دەداتە ناو بەهەشتەوە و جارێکی دیکەش بۆ ناو ئاگر، بەترسەوە دەخەوم و لەسەر هەمان ریتمی ترس دەنووسم.

هەردووکمان بێدەنگ بووین، لە پاشان زەردەخەنە، ئەو شانی لەقاند، چونکە هیچی نەدۆزییەوە بیلێت و سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و بابەتەکەی گۆڕی:

- هەموو نەخۆشەکانم بێزارم دەکەن، تەنیا تۆ نەبێت.
- ئەمە مانای وایە دەتەوێت بڕۆی.
- ئەمە مانای وایە نامەوێت بڕۆم، بەڵام کاتی سەردانی نەخۆشەکانم هاتووە.

*　　　*　　　*

دوای یەك هەفتە ((خالید سەلیم)) بڕیاری دا لە خەستەخانە دەرچم و بەپێی کاتی دیاریکراو، لەلای خۆی بەردەوام بم لە چارەسەکردنی نەخۆشییەکەم.

کە دەرچووم، نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆین. نەمدەویست لە ((ئەلیاس)) بپرسم، کە زیاتر رەنگ زەرد و کەمتر دڵڕەق دیار بوو.

لە رۆیشتندا دەشەلی و لەسەرخۆ ((پردی حەبلەکان))مان بڕی و لێم نەپرسی چییەتی و بۆچی کەمتر دڵڕەقە؟ ((قوسەنتینە)) هێمن و ئارام بوو، پردەکە وەکوو گۆرانی پێشخەوتنی منداڵێك تۆزێك دەلەرزی و ((دۆڵی لمم)) بە بێدەنگی، وەك ئەوەی نوێژ بکات و رۆحی منیش بە سەریا دەفڕی.

کە گەیشتینە نزیکترین ئاوایی تاکسییەکی راگرت و پێی گوت کە بمانگەیەنێتە ((ئوتێلی زەیت)).

یەکسەر زانیم بەرە و ماڵەکەی مامە محیەدینی خوالێخۆش بوو دەڕۆین، ماڵەکە پێکهاتبوو لە ژوورێك و چێشتخانەیەك و مێژوویەکی دوور و درێژ لە قوربانیدان لە پێناوی هونەردا. نهۆمی یەکەمی ئوتێلەکە هەمووی دوکانی قەرەباڵغ بوون و بە

تەواوەتی ئەو بیرۆکەیەی دوورخستەوە کە لە کۆندا جێگای سازدانی ئاهەنگی سەیر و سەمەرە بوون.

کە حەوشەی ئوتێلەکەم بڕی، ئەوانەم کەوتەوە یاد کە ((مامە محیەدین)) بۆی دەگێڕامەوە و دەنگی لە گوێمدا زرنگایەوە و چیرۆکە سەیر و سەمەرەکانی دەربارەی ((ئوتێل زەیت)) و جیهانی هونەرمەندان هەموو هاتەوە یادم.

((تۆفیق)) ئەو هەموو حیکایەتانەی دەزانی و هەندێکی بۆ گێڕابوومەوە، بەڵام نەمدەزانی پێش هێڵی خەیاڵ و واهیمەکانم بوو، یان دوای ئەوە بوو.

لە راستیدا ((تۆفیق)) تاکە کەس بوو لە لیستی مردووەکانمدا نەبوو، بێگومان ئەم کارە نهێنییەکی تێدایە.

دایکم دەرگاکەی کردەوە، بۆنی نانی گەرم و تازە لە ژوورەوە دەهات، کە چوومە ژوورەوە رێك بەرامبەرم وێنەی ((مامە محیەدین)) بە گەنجی و ((مەحبوبە)) هەڵواسرا بوو. بەڕاستی هەروەکوو ((تۆفیق)) دەیگوت، لە ژنەکانی ((رینوار))ی هونەرمەند دەچێت. لە حزور و هەیبەتی ((مامە محیەدین)) و ((مەحبوبە)) تووشی دڵتەنگی بووم، منێك کە زۆر حەز بە تەنیایی دەکەم، لەم ماڵە کە هیچ چانسێکی بەدیهێنانی ئەو خۆشییەم نییە.

ژوورەکە زۆر گەورە و رێکوپێك بوو، لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەدا وێنەکانی ((جەنگی عێراق))ی پێشان دەدا.

هەندێك پرسیار...

هەندێك وڵام...

لە پاشان لە سەر یەکێك لە لاتەختەکان پاڵ کەوتم و ((ئەلیاس))یش لەسەر لاتەختەکەی بەرامبەرم دانیشت و گوێی لە هەواڵەکان دەگرت.

ئێوارە هەموو خێزانەکەم کۆبوونەوە، من و ((شاهی)) و ((ئەلیاس)) و دایکم و باوکم. هەموو لە دەوری سینی ((رشتە)) کۆبووینەوە و هەوەکوو جاران بە یەکسانی گۆشتەکەمان لە نێوان خۆماندا دابەش کرد.

سەرنجم دا باوکم پیرتر بووە و کەمتر قسە دەکات. دایکم زۆر قسەی دەکرد و پێیڕاگەیاندم کە بەم زووانە لە ((دیدوس)) یان لە ((خەروب)) خانوومان دەدەنێ و هەواڵی دابەشکردنی خانوو بەسەر لێقەوماوانی لافاوەکە لە پشتی پەردەی شارەوانییەوە بڵاوبووەتەوە. بەختەوەری خۆم نیشان دا، تاوەکوو ئارەزووی خۆشی گێڕانەوەکەی دایکم لە قسە و باس و حیکایەتی گەرەك تێك نەدەم.

بێگومان ئەوەی دایکمی لە ئوتێل ناڕەحەت کردبوو، سەربەستی لە هاتوچۆ و حیکایەتی دراوسێکان و قسە و باسی حەمامی ((دڤوج)) و جیهانی دەلاڵەکان و بازاڕی عەسری و شەقامی فەڕەنسا و هەواڵەکانی هەموو گەڕەك بوو، کە ئەمانە ژیان و جوڵەی تێدا بووە، بەڵام لە ئوتێلدا جیهانی پیاوان باڵادەستە و پێویستە پەنجەرەکان دابخرێن، چونکە شوورەییە ژنان لە پەنجەرەوە سەیری حەوشەیەك بکەن پیاوانی تیا کۆبووەتەوە.

((شاهی)) بەردەوام بێدەنگ بوو، بێگومان ناشێت لەبەردەم باوکم و ((ئەلیاس)) هەواڵی خێزانەکەی و ژیانی لە گەڵ مێردەکەیدا بپرسم.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فرسەتێکم دۆزییەوە و چەند چرکەیك لە چێشتخانەکە لەگەڵی وەستام و بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی باری ژیانی پرسیارم لێی کرد و وڵامی دامەوە: ((من، شوکری بۆ خوا)). دەربارەی شەلینییەکەی ((ئەلیاس)) پرسیم و وڵامی دامەوە کە ئەو کاتەی بۆ دووەمینجار بۆ خزمەتی سەربازی، لە گەڵ ئەو هەموو گەنجانەی بانگهێشت کرابوون بۆ پاڵپشتی سوپا لە پێناو نەهێشتنی ((ئیرهاب))، لەو خزمەتەدا فیشەکێك بەر قاچی کەوتووەو پێی گوتم کە چۆن پزیشکی سەربازی کەمتەرخەم بوونە و زۆر بێ بەزەیین و پاش دەرکردنی فیشەکەکە بە چاکی چارەسەریان نەکردووە و چاودێریی باشیان نەکردووە، بۆیە برینەکەی بۆگەنی کردووە و خەریك بووە قاچی ببڕنەوە، بەڵام باری تەندروستی زۆر خەراپ بوو، بۆیە ناردویانەتەوە بۆ ماڵەوە و یەکێك لە هاوڕێکانی باوکم لە لای پزیشکێکی ناسیاو چارەسەری کردووە.

نزیکەی شەش مانگ لە خەستەخانەی سەربازی بە ئازارەوە تلاوەتەوە و لە پاشان لە سەربازی عەفوو کرا و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لە سەربازگە فێری زەلیلی بووە و کە گەڕایەوە هەروەکوو دەیبینیت ((نیمچە کۆێلەیە)).

- ئەی ژنەکەی چۆن مرد؟

- لە ماڵە کۆنەکەمان سووتا. ئەوکاتەی نانی دەکرد ئاگری تێبەربوو، سێ ڕۆژ لە خەستەخانە مایەوە و پاشان مرد، سووتانەکەی قووڵ بوو. لەنێوان سەربازگە و خەستەخانەدا ((ئەلیاس)) گۆڕا و لووت بەرزییەکەی نەما و ڕەفتاری زۆر نەرم و نیان بووە، بەڕاستی جێگای بەزەییە.

- ئەی ((مەهدی عەجانی)) کێیە؟

لەو کاتەدا دایکم هاتە ژوورەوە و پەلەی لە ((شاهی)) کرد، لەبەر ئەوەی مێردەکەی هاتووە بە دوایدا و بیباتەوە بۆ ماڵی خۆیان.

ئەو شەوە نەمزانی ئەو پیاوەی شووم پێی کردبوو، کێیە، بەڵام پێش خەوتنم جڵەوی ئەندێشەم بەرەڵاکرد و بە باڵی خەیاڵ بەرەو ((تۆفیق)) فڕیم. ئارەزووم دەکرد لە ئامێزم بگرێت و ماچم بکات، ئارامی بە بەش بەشی ئەم لەشە گڕگرتووەم بدات و نەفرەت لە تەنیایی و نامۆیی بکات کە بەرۆکم بەرنادات.

چاوەکانم نووقاند و ئاواتەخواز بووم لە شوقەکەی پاریسدا بە خەبەر ببمەوە و لە نێوان جەستەی و چەرچەفەکاندا لەسەر پێخەفەکەی پەرش و بڵاو ببمەوە، ئەو شەوە زۆر گران بوو بە ئارەزووی خۆم خەون ببینم، چونکە پرخەی باوکم زۆر بەرز بوو.

* * *

هەندێك جار لە نووسینگەی خەستەخانەکە لەگەڵ ((خالید سەلیم)) بەیەك دەگەیشتین و هەندێکجاریش لە ریستۆرانتی ((خانەی سوڵتان)) کە لە کۆڵانێکی شەقامی فەڕەنسا بوو. ئەو ریستۆراتنە وەکوو جێگای خۆحەشاردانی نهێنیمان بووە و هەموو شتە قەدەغەکراوەکانمان لەوێ باس دەکرد و لەسەر ئاوازی مۆسیقای هێمنی

((زەمفیر)) نانمان دەخوارد و ئەو مۆسیقایە هەرگیز نەگۆڕا و هێمنییەکەشی هیچ کەس نەیشێواند بێ لە خۆمان، وەك ئەوەی ئێمە تاکە مامیلی ئەو ریستۆرانتە بین. لە رێگای ئەو چاوپێکەوتنە بەردەوامەمان زۆرم دەربارەی ((مەهدی عەجانی)) و باوکم و ((ئەلیاس)) و گەڕەك و ((قوسەنتینە)) و جەزائیر و ((بۆتفلیقە)) و ئاشتی مەدەغا و زەمەنی کرانەوە زانی.

گفتوگۆمان دەکرد و پێدەکەنین، هەموو ترسێکم ئەوە بوو ئالوودەی بم و ببێتە ئەو پوشەی خنکا و خۆی پێوەی هەڵدەواسێت، بەڵام ئەو رێز و سەنگی خۆی دەپاراست و هەر جارەی بەیەك دەگەیشتین شکۆمەندیی و رێزی زیاتر دەردەکەوت. رەنگە منیش لە رێگای ئەزموونە خەیاڵی و وەهمییەکانمەوە لەگەڵ پیاواندا دەرسێکی باشم وەرگرتبێت و ئەوە بزانم کە لەسەر ئەم گۆی زەویەدا جێگای خۆشەویستی شێتانە نابێتەوە و هەرکەسێك یە شێتانەیی خۆشەویستی بکات ئەو کەسە کەم ئەزموون و نەشارەزایە.

لە پاش ئەزموونەکەم لەگەڵ ((ئەیس...)) و ((شەرەف)) و ((تۆفیق)) و ئەو کەمە پیاوانەی ناسیومن، بەس بووە بۆ ئەوەی مانای قانیعبوون بزانم و بۆم دەرکەوت کە پیاو شایەنی شەونخونی و بیرکردنەوە و قوربانیدان و گریان نین، بە مانایەکی کورتتر بڵێین، بۆمان دەرکەوت کە ژیانمان بەند نییە بە پیاوەوە.

ئەو کاتەی یەکەمین پیاو لەدەست دەدەین و بۆی دەگرین، لە پاشان بۆ دووەمین پیاو و سێیەمین بەردەوام دەبین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمە کارێکی زۆر گران و ناپەسەندە و ماندوومان دەکات، ئەو ساتە هەست دەکەین ژیان لە سنووری پیاو تەواو نابێت.

کە برینەکانمان پشتگوێ دەخەین، مانای وایە قۆناغی بیرکردنەوە بە سۆز و عاتیفەمان تێپەڕاندووە و عەقڵمان دەستی بەکارکردن کردووە.

گفتوگۆ لەگەڵ ((خالید سەلیم))دا بە بەرهەمە و جۆش و خرۆشی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەم شارە کلۆڵە هەردەم بەندی میلی کاتژمێرە و کاتەکان تەواو دەبن و دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و دایکم دەبینم ((کەسکەسی)) دروست دەکات و سەرەڕای ئەو

بارەگرانەی وەکوو جاران دەستی لەو بازرگانییەی هەڵنەگرتووە و هەر ئەو گۆرانیانە دەچڕێت کە گریان دێنن، لەبەر ئەوەی بەستراون بە خەمەکانی دڵەوە. لە ناکاو لە گۆرانی دەوەستێت و لێم دەپرسێت:

- کەی دانیشتنەکانت لەگەڵ دکتۆرەکەت تەواو دەبێت، شوورەییە تۆیەکی بێوەژن بەبێ هۆ زۆر دەرچیتە دەرەوە.

- بەڵام ئەو دانیشتنانە بۆ من زۆر پێویستە، تاوەکوو ئێستا من نازانم کێم و سوودم لەم ژیانەدا چییە.

وادیار بوو بە تەواوەتی تێنەگەیشت چی دەڵێم، بۆیە پێشنیازی ڕێگاچارەیەکی کرد:

- تەشتەکە بێنە و هاوکاریم بکە، تا ڕەزامەندیی من وەربگریت.

تەشتەکە بە تەنیشتیوە دادەنێم و یارمەتی دەدەم لە دروستکردنی ((کەسکەسە))، نەوەك لەبەر ئەوەی ڕەزامەندی ئەو وەربگرم هەروەکوو خۆی دەڵێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی گفتوگۆکەمان نەبێتە شەڕ و ئاژاوە.

ئەم ژیانە بێزارییەم لە بەیانی زووەوە و هەر تۆزێك دوای نوێژی بەیانی دەست پێدەکات، بەهۆی دەنگە دەنگی ناو ئێلەکەوە، لەسەر جێگاکەی خۆم بەخەبەر دێم و گوێم لە دەنگی باوکم و دایکم دەبێت کە لە کاتی قاوەخواردنەوەدا باسی خەونە درەنگوەختەکانیان دەگێڕنەوە و دەڵێن، لەکاتی زیارەتی سەرۆك بۆ ((قوسەنتینە)) خانووەکان دابەش دەکرێت.

- ئەی ئەو زیارەتەکەی دەکات؟

- لە نۆڤەمبەر، تشرینی دووەمدا.

- هەی گیان، مانای وایە لە زستان دێت، بۆچی حەز دەکەن ئەم خەڵکە تووشی ناخۆشی و نشوستی بکەن، ئەی بۆچی نابێت ئێستاکە دابەشی بکەن، کەش و هەوا خۆشە و بۆ پاککردنەوە و بۆیاغکردن و تەواوکردنی پێویستییەکانی دیکەی ناو ماڵ لەبارە...

باوکم لە نەزانینی سەرزەنشتی کرد و گوتی:

- ژنەکە بۆ وادەزانی سەرۆك ئیش و کاری نییە و بەبێ ئیش دانیشتووە..

- ئەی ئەگەر ئیشی دابەشکردنی خانووەکان نەبێت ئیشی تری چییە.

لە فەرهەنگی دایکمدا سەرۆك نابێتە سەرۆك ئەگەر خانوو بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش نەکات و ئەگەر ئەم کارە نەکات ئەوە لە خۆڕایی کورسی سەرۆکایەتی داگیرکردووە.

لە بەرامبەر نەزانینی دایکم بە کاروباری وڵات، باوکم فرسەتی خۆی دەهێنا تاوەکوو غروری خۆی رازی بکات، لە هەموو قسەکانیدا دایکم هەڵەبوو باوکیشم قسەکانی بۆ راست دەکردەوە، تاوەکو تەواو غروری خۆی تێر دەکرد و لە پاشان هەڵدەستا و بەجێی دەهێشت، لەبەر ئەوەی نەزانیێ دایکم ماندووی دەکرد.

دایکم هیچ نەچووبووە قوتابخانە و هیچی نەخوێندووە و بەبێ ئێمەی منداڵەکانی هیچ نرخێکی نەبوو، تاوەکوو ئەوکاتانەی دەیویست بە چاوی خۆی شتەکان ببینێت، سەر بەرەو خوار و بە پێچەوانەوە دەیبینی. کە بێبەش کراوە لە زانست، ئەمە تاوانی دایك و باوکییەتی، بەڵام تاوانی باوکم گەورەترە، چونکە هەردەم ئەو هەستەی لەلا دروست دەکرد کە بوونەوەرێکی نەزان و بێ بایەخە، تا وایلێهات بەرامبەرمان خۆی بەکەم بزانێت، ئەمەش وەك پەرچەکردارێکی سروشتی، بۆ ئەوەی کەس هیچی لێ نەپرسێت.

* * *

ژیان لە ((قوسەنتینە)) کوشندەیە، نازانم چۆن شارێکی وا کوشندەمان خۆش دەوێت. ئەو رۆژەی دوای نیوەڕۆ دەرچووم، نەمدەزانی کە تیپی تۆپی پێی ((C.S.C)) یاری دەکەن، دەرچووم سەردانی خێزانی ((مەهدی)) بکەم و هەندێك لەو شاراوانەی ژیانم بۆ ئاشکرا بێت، لە ناکاو تووشی لایەنگرانی تیپی ((C.S.C)) بووم، کە ناوی خۆیان نابوو ((سەنافر)) و رژابوونە ناو هەموو ئەو رێگاوبانانەی دەچوون بۆ ((دەقسی))، کە من دەمویست بۆی بڕۆم.

هەموو ((قوسەنتینە)) لەسەر ئاوازی هەڵهەڵەی ((سەنافر)) هەڵدەپەڕین و یاریگاکەش تۆزێك لە خوار زانکۆوە بوو، جمەی دەهات. لەبەر ئەوەی دەکەوتە ژێر بەرزاییەکانی شارەکەوە، هەموو جێگایەك لە شارەکە بووبوو بە شوێنی بینینی یارییەکە.

لە نێوان ((سەنافر))ێکی تەمەن شەست ساڵە و تەمەن شەش ساڵە جیاوازی نەبوو، هەموو منداڵان بەرەو یاریگاکە دەڕۆیشتن، یان بەرەو نزیکترین شوێنی بینینی یاریەکە و بە هەزارەها کەس بوون، دەتگوت ڕۆژی حەشرە، بێگومان لەکاتی یارییەکەدا ((سەنافر))ەکان شارەکە دەرازێننەوە و جوانی دەکەن، بەڵام کارەسات دەخولقێت ئەگەر تیپەکەیان بدۆڕێت. ئەوکاتە ((سەنافر))ەکان بە لێشاو لە یاریگاکە دەردەچن و شارەکە خاپوور دەکەن، ئوتۆمبیل، پاس، جامخانەی دووکانەکان هەرچییەکیان دەست کەوێت دەیشکێنن و دیاردەیەکی ناشارستانی سەرهەڵدەدات و هێمای ڕەنگە سەوز و ڕەشەکەیان لە سەوزی ئاشتیخوازانەوە تەنیا بە جیاوازی یەك گۆڵ دەگۆڕێت بۆ ڕەشی مردن. بۆیە پێش کۆتایی یارییەکە زۆربەی شار لە رادیۆوە ئاگاداری کۆتایی یارییەکە دەبوون و دووکان و دەرگاکانیان پێش کۆتایی یارییەکە دادەخست و هاتوچۆ دەوەستا و کارەسات بوو یەکێك بە هەڵە لەو کاتەدا لەناو شار بێت لە دەروازەی ((دەقسی))، تیپی مۆسیقاکەی ((بوسەعدیە)) یارییەکەیان بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵکوو بە ئامێری دەف و زوڕنا، خەریکی ژەنینی مۆسیقای خۆیان بوون و چاوەڕوانی خێرەومەندێك بوون خێریان پێبکات، تاوەکوو ئاهەنگی فۆلکلۆری خۆیان سازبکەن و کەلتووری کۆنی خۆیان زیندوو بکەنەوە. ((بوسەعدیە)) ئێستا و ئایندەی شارەکەی بەلاوە گرنگ نەبوو، بەلای ئەوەوە تەنیا ئەوە گرنگ بوو لە کاتی خۆیدا ئاهەنگەکەی بگێڕێت، دە دینارییەکم دەرهێنا و هاویشتمە بەردەستی و لە پاشان بە ڕێگاکەی خۆمدا ڕۆیشتم. ئاسان نەبوو ناونیشانەکەی بۆی هاتووم بیدۆزمەوە، هەموو باڵەخانەکان لە یەك دەچوون و هیچ شتێك نەبوو جیایان بکاتەوە، بەڵام من هەر بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن و زۆر ماندووبووم و پەشیمان بوومەوە لەوەی لە ڕۆژێکی ئاوهادا دەرچووم.

ژنێکی تەمەن چلساڵە دەرگاکەی کردەوە و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم و لە ژووری میوان دانیشتین، داوای لێبووردنی کرد و گوتی:

- پوورە ((تەیتەمە)) لێرە نییە، چووە سەردانی ((موئمن)) بکات.

لە سەرەتاوە شەرمم کرد لێ بپرسم، ئەی خۆی کێیە، بەڵام هەستم کرد بەربەستێك لە نێوانماندا هەیە و منیش نازانم خۆی کێیە، لە پاشان پرسیم:

- ببوورە، باش تۆم لە یاد نییە.

لە قسەکردن وەستا و بە بەزەییەوە سەیرێکی کردم و گوتی:

- نەتناسیمەوە؟

سەرێکم بۆی لەقاند، کە نا، نایناسمەوە و وڵامی دامەوە:

- من ((خەدیجەم))، ژنەکەی ((عەبدولباقی))، منداڵەکانم لەگەڵ باوکیان چوونە سەیری یارییەکە بکەن. پوورە ((تەیتەمە))ی خەسووم لەلای کوڕی دووەمی ((موئمن))ە لە ((شەمارە)).

- دەزانیت کە من نەخۆش بووم و بەشێك لە یادەوەرییەکانم لەدەست داوە، وێنەی ((مەهدی))م دەوێت.

بە بەزەییەکی زیاترەوە، بە پەلە بەرەو ژوورێك لە ژوورەکان ڕۆیشت و ئەلبوومێکی هێنا و لەبەردەمم کردییەوە و وێنەیەکی لەژێر بەرگە تەنکەکەوە دەرهێنا نزیکی کردەوە:

- ((مەهدی)) گەنجێکی جوان و قۆز بوو لە هەردوو براکەی ((موئمن)) و ((عەبدولباقی)) قۆزتر بوو، خوا ڕەحمی پێبکات، لەم دونیایە خێری لە خۆی نەبینی.

- ئایە لەم ماڵەدا دەژیاین؟

- سەیرە تۆ هەموو شتێکت لەیاد کردووە، بێگومان لێرە لەو ژوورەی بەرامبەر ژیاون، بەڵێنی خانوویان پێدابوو... ((ماوەیەك بێدەنگ دەبێت و لە پاشان بەردەوام دەبێتەوە))، بەڵێنی بەخشینی خانوویان بە هەموو گەنجانی جەزائیر دابوو، بەڵام هەموویان بەرەو گۆڕستان ڕۆیشتن، پێش ئەوەی مانای ژیان بزانن.

لەکاتی قسەکردنیدا، هەستام و بەرەو ژوورەکە هەنگاوم ناو دەرگاکەم کردەوە و ((خەدیجە)) بە بەزەییەکی زیاترەوە دوام کەوت و وەك یەکێك داوای لێبووردن بکات گوتی:

- چەند ساڵێك لەسەر مردنەکەی و نەخۆشییەکەی تۆدا تێپەڕیوە، ئێستا ژووری منداڵەکانە.

- کەواتە هیچ ئاسەوارێکی ((مەهد))ی تیا نەماوە؟

بە چرپەیەك قسەکەی پێ بڕیم:

- بە ڕەحمەت بێت، مردوو ناگەڕێتەوە.

- مەبەستم شت و مەکەکانیەتی.

- بێ لەم ئەلبوومە هیچی نەماوە، هەروەکوو باوە پوورە ((تەیتەمە)) هەموو شتەکانی کرد بەخێر.

- تۆ خۆشت دەویست؟

زەردەخەنەیەك گرتی و گوتی:

- زۆر ڕێزمان لە یەك دەگرت.

- ئەی من خۆشم دەویست؟ مەبەستم ئەوەیە بە خۆشەویستی شووم پێی کرد؟

- تا کەس لێرە نییە هەموو شتێکت پێدەڵێم، زۆر یەکتریتان خۆش دەویست، بەڵام ((شتێك)) لە یەکتر جیای کردنەوە و ناکۆکی کەوتە نێوانتان، تاوەکوو گەیشتە تەڵاقدان.

- کەواتە دایکی قینی لێمە.

- نا، بە پێچەوانەوە، هەموو خۆشمان دەوێیت، ئەو چوو بۆ لای ((مەشایخ)) بۆ ئەوەی هۆی ناکۆکی نێوانتان بزانێت، بۆی دەرکەوت کە ژنێکی خزمی خۆی جادووی لێی کردووە تاوەکوو قینی لێت بێت، بێگومان زانیمان کێیە... بەڵام پێش ئەوەی هیچ بکەین مردن بردییەوە.

سەیری ئەلبوومەکەم کرد و وێنەیەك سەرنجی راکێشام کە من و ئەو بەیەکەوە لەبەردەم کەشتیی ((بەردەڕەش)) وەستاوین، وێنەیەك بە کورتی لە خۆشەویستی دەردەبڕی و رایدەگەیاند، ((خەدیجە)) پێیڕاگەیاندم کە ئەم وێنەیە دوای یەك ساڵ لە شووکردن گیراوە.

پرسیم:

- تۆ دەزانیت بۆچی منداڵمان نییە، یان ئەمە هۆی ناکۆکییەکەمان بووە.

- ئەو نەیدەهێشت منداڵتان ببێت تاوەکوو ئاشتی و خۆشی نەگەڕێتەوە بۆ جەزائیر.

- ئەی بۆچی لە پۆلیسی نهێنی کاری دەکرد؟

- چونکە لە جەزائیر ئەندازیار دوارۆژی نییە.

پۆلیس مەعاشی زۆر باش بوو، هەندێك دەستکەوتیان هەبوو، بەڵام ئەو هیچی بەرنەکەوت. بە دوو فیشەك لەسەر دڵی گیانی لە دەست دا و تۆشی بە بێ یادەوەری بەجێ هێشت.

نەمویست داوای وردەکاری زیاتر بکەم، هەوڵم دا بڕۆم، بەڵام ئەو نەیهێشت لە ترسی ئەوەی تیپەکە بدۆڕێت و لایەنگران ئاشۆب و گێرەشێوێنی دەست پێبکەن.

وێنەکەی من و ((مەهدی))م خستە جانتاکەمەوە و بەیەکەوە چووین بۆ چێشتخانەکە قاوە و شیری ئێوارە ئامادە بکات.

* * *

بۆ سبەی بەرەو گۆڕستانەکە رۆیشتم، تاوەکوو گۆڕەکەی بدۆزمەوە و بەدوای ئەو خۆشەویستییەدا بگەڕێم کە نەك لە من بەڵکوو لە یادەوەرییەکانم زەوت کراوە. ماوەیەك لەنێوان گۆڕەکان وەستام، تاوەکوو گۆڕەکەیم دۆزییەوە. لەوێدا پرسیارێکی زۆرم ئاراستە کرد و بەخوا سوێندم دا بە شێتم نەزانێت، چارەنووس یاردەوەرییەکی دیکەی بۆ هەڵبژاردووم کە ئەندێشەم دروستی کردووە، یادەوەرییەکی درۆ و وەهم کە یاری بە هەستەکانم دەکات و هەموو راستییەکانی خۆشەویستی گۆڕی بوو بە کۆمەڵێك رووداوی پڕوپووچ و دوور لە

راستی. لەبەردەم گۆڕەکەی گۆڕام بۆ ژنێکی تاسەر ئێسک باو و ئاسایی، ژنێك عاشقی پیاوێکە و ئەویش چەندین ساڵە تەرمەکەی رزیوە و بووە بە خۆڵ.

ئایە ئێمەی چاولێکەر وا خەیاڵ ناکەین کە خۆشەویستیمان زیاترە بۆ ئەو کەسەی زووتر لە دەستی دەدەین. لە بەرامبەر کەسێك مردن لێی سەندووین دەبینە عاشقێکی سەر شێت، بەڵام نازانم بۆچی بە تەنیا ((مەهدی))، بەتایبەتی ئەو و ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەوەوە هەبوو، لەبیرم نەماون؟

((خالید سەلیم)) دەڵێت گوایە من توانای بەرگریکردنی مردنی ئەوم نەبووە و بەهۆی ئەو مردنەوە، هانی مێشکم داوە شریتی یادەوەرییەکانی بەتاڵ بکاتەوە و سەرلەنوێ بە رووداوی جیاوازتر تۆمار بکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئەندێشە و مێشك رووداوەکان دروست دەکەن، بۆیە پێویستیان بە سێ ساڵ بوو تاوەکوو رووداوی یەك ساڵ کۆ بکەنەوە. —بەپێی قسە ئەو- رەنگە من لە رووداوی مردنی ((مەهدی))ەوە راستەوخۆ تووشی لە دەستدانی یادەوەرییەکانم بووبێتم، بەڵام مێشك و ئەندێشەم بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕان و رووداوی رووخانی ماڵەکەمان باشترین بەهانە بوو.

بەڵام مێشك و ئەندێشە فیلبازەکەم هەڵیانخەڵەتاندم و لە ئەرشیفی خوێندنەوە و بیستنم چیرۆکێکیان بۆ ئامادەکردم دوور نەبوو لە توندوتیژی و رۆمانسییەت و خیانەتکاری، هەروەکوو ئەوەی لە ئەدەبی رۆژئاواییدا باوە. حیکایەتی خۆشەویستیم لەگەڵ ((مەهدی))دا پڕ بوون لە حەیا و حورمەت و نهێنی قەدەغەکراو، کە ناکرێت ناس بکرێت، چیرۆکێکی خۆشەویستی ئاسایی و پاك و بە شووکردن کۆتایی هاتووە. کۆتایی هات، چونکە خۆشەویستی دەگۆڕێت بۆ هۆگری و ئولفەتگرتن بە یەکترەوە و دەشێت ئەو ئولفەتە بێزاری تێکی بشکێنێت، یان جادوو نووشتەی یەکێك لەو تەڵەکەبازە ((پیرانەی)) لەم وڵاتەدا بڵاوبوونەتەوە کاریگەری بەسەریدا هەبێت و بیشێوێنن. رەنگە زۆر بیرم کردبێتەوە و هەوڵم دابێت زیاتر لە یەك چارەسەر بۆ کێشەکەم بدۆزمەوە، بەڵام شکستم هێناو نەتوانیم پێش بکەوم، توانیم دوا بکەوم، هەموو رۆژێك لە گێژاوی پرسیارەکانمدا دەخولامەوە، بەبێ ئەوەی بگەمە هیچ شتێك.

بەم دواییە ((خالید سەلیم))یشم نابینی، چونکە خەریکی نووسینەوەی چیرۆکێك بووم هەموو ئەوانەی بەسەرمدا هاتوون تۆماری دەکەم و بەم بۆنەیەوە ناوم ناوە ((دۆزینەوەی شەهوەت))، نەك لەبەر ئەوەی خوێنەرێك تووشی خورپە بکەم کەوا راهاتووە شەهوەت لە کۆلانە قەدەغەکراوەکاندا بدۆزێتەوە، بەلکوو لەبەر ئەوەی ژیانێك تۆمار بکەم کە ژیاوم و رەنگە یادەوەرییەکان دەستیان لێی هەلگرتووە و بوارێك هەبێت ئەگەر مێشك و ئەندێشە ویستیان بگەرێنەوە، گەمەی خۆیان بکەنەوە.

شەوانە، تا خۆرهەلات لە چێشتخانەکە خەریکی  نووسین بووم و دوای ئەوە تا نیوەرۆ دەخەوتم. ئەمەش دایکمی پەست کردبوو، لەبەر ئەوەی من ژنم و ئیتر مانای وایە شوورەییە تا نیوەرۆ بخەوم، بەلام من خۆشیم لەم کارەم دەبینی و خەم و خەفەتی ژیانم بە یادەوەرییەکی دابراوەوە لە یاد دەکرد، چونکە هەردەم نووسین باشترین خەلاتە کە لە بری شتە دۆراوەکانمان بەدەستی دێنین.

بە دوو رۆژ پێش ئەوەی چیرۆکەکەم تەواو بکەم پوورە ((تەیتەمە)) هات بۆ بینینم و کاغەزێکی زۆر گرنگی پێ بوو، هەروەکوو خۆی دەیگوت. پێش سەرەتای ناخۆشییەکانمان ((مەهدی)) کاغەزەکەی بەجێ هێشتووە و داوای لێی کردووە ئەگەر شتێکی لێ بەسەرهات، تەسلیمی منی بکات.

- لە دوای مردنی ئەو، تۆ زۆر خەمبار بوویت منیش لە خەم و خەفەتا ئەقلم لەدەست دا و کاغەزەکەم بیرچووەوە کە کاغەزەکە کەوتەوە یادم تۆ لە خەستەخانە بوویت، داوام لە ((موئمن)) کرد کە سەردانت بکات و کاغەزەکەت بۆ بخوێنێتەوە، لەوە دەترسام بمریت و پەیمانەکەم بەجێ نەهێنم، لەکاتی بێهۆشییەکەدا کاغەکەی بۆ خوێندیتەوە و بۆی گەراندمەوە. ئەوا ئەمرۆ مافی خۆتە خۆت بیخوێنیتەوە.

دەستم درێژ کرد و کاغەزەکەم لێی وەرگرت. کردمەوە، نامەیەك و وێنەیەکی تیا بوو. وێنەی ((مەهدی)) و ((تۆفیقی بوستانچی)) بوو، بە یەکەوە لە بەرامبەر دواناوەندی ((خەزنەدار)) وەستابوون، وێنەکە هیچ مێژوویەکی لێ نەنووسرابوو، بەلام دەگەرایەوە بۆ کاتی قۆناغی دواناوەندی هەردووکیان.

بەلامەوە وێنەکە زۆر ناکاو بوو، بەجۆرێك تووشی خورپەی کردم، لە هەموو داهێنانەکانی مێشك و ئەندێشەم و هەموو ئەگەرەکانی بۆی چووبووم بەهێزتر بوو. دوای بینینی وێنەکە نامەکەم کردەوە و خوێندمەوە:

وەکو ئاسك رەهابە

لە سەرووی هەموو پیاوەکانەوە بە

خەفەی قژت سەربەست بکە و

کراسێك لە گوڵ بپۆشە

دەمەوێت لە رەزەکەمدا بوکێك بیت و لە نێوان لمەکاندا دار خورمایەك و لەناو گۆزەکاندا مەی بیت

دەمەوێت هە بۆمن بیت

ئەی ئەو ئەستێرەیەی

رووناکی دڵمی فڕاند

ئەی ئەو مانگەی

کلی چاوی بۆ شەوێك زیاد کرد

دەمەوێت هەر بۆمن بیت

دەنگی شیعر دەتچرێ کەمانی پەرۆشی و هەموو گۆرانییەکانی ((مالوف)) دەتژەنێت.

ئەی بانی...

ئەی قیبلەی خۆشەویستی

بۆ هەموو رەنگەکان

تا ئێستا تێنەگەیشتوویت؟

لە چیرۆکی ئەو چۆلەکانەی بەخەبەرت دەکەنەوە

لە چیرۆکی پەرەسێلکەکان...

لە مزگەوتەکان، کە بەیادت دێننەوە

له مێژووی هەموو شۆڕشەکان...
ئەی ((بانی))، هێشتا ئەو دڵەت نەناسیوە
حەزی لێتە.
بە تەواوەتی، هەڵەکەمان، ماچەکەمان
گوناهەکەمان، تۆبەکەمان
دوو دڵیمان، یاخی بوونمان
ئینکار دەکەیت
ئینکارت کردووە و ئینکاری دەکەیت
لە بیرت کرد...
بێگومان گەمەکەت لاخۆش بوو
بەڵام من دوور ناکەومەوە...
هەر کاتێك منت ویست...))
سەیر ئەوە بوو، لە پاشان واژووی ((تۆفیق بوستانچی)) بخوێنمەوە!

*　　　*　　　*

وون بووم، مەودای پرسیارەکان فراوانتر بوون، بێگومان ((مەهدی)) نەیدەزانی کە من بەشێك لە یادەوەرییەکانم لەدەست دەدەم، بەتایبەتی هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە خۆیەوە هەبووە، ئەگینا لەبەردەم ئەم نهێنییە بەجێیان هێشتم.

وێنەکە هیچی بۆ روون نەکردمەوە، بەڵام نامەکە دەرگای پرسیارەکانی واڵا کرد. لەمەودوا گەڕان بەدوای ((مەهدی))دا بێهودەیە، پێویستە بەدوای ((تۆفیق))دا بگەڕێم.

کە دەڵێم ((تۆفیق)) مانای ((پاریس))ە و کە دەڵێم ((پاریس)) هەموو دەرگاکان سەرلەنوێ بە روومدا دادەخرێن، چونکە مەحاڵ بوو تواناکانم رێگای سەفەرم پێ بدەن.

کە نهێنی نامەکەم لە ((شاهی)) پرسی، وڵامێکی وای نەدامەوە. گوتی کە ئەو نازانێت لە قۆناغی ئامادەییدا پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانتاندا هەبووبێت، لەبەر

ئەوەی تۆ سەبارەت بە هەموو شتەکانت زۆر نهێنگیر بوویتە. ئەو وای دەردەبڕی کە هەموو ئەوانەی لە کاغەزەکەدا هاتوون، تەنیا وێنەی شیعری بووبێتن و هیچ پەیوەندییەکان بە واقیعەوە نەبێت.

پاشان گوتی:

- رەنگە ((تۆفیق)) نووسیبێت و دەست ((مەهدی)) کەوتبێت، ئەمە هەموو کێشەکەیە.

ئەی راستی لە کوێ دایە؟

بۆچی دەردەکەوێت بۆ ئەوەی جارێکی تر ون بێتەوە و ون دەبێت بۆ ئەوەی دەرکەوێتەوە؟

لە ماڵە نوێیە یەك ژوورییەکەماندا، مەحاڵ بوو بتوانم هەناسە هەڵمژم. داوام لە ((شاهی)) کرد دەرچینە دەرەوە، لە ترسی مێردەکەی تۆزێك دوو دڵ بوو، پاشان حیجابەکەی پۆشی و خۆی ئامادەکرد دەرچیین، لەگەڵ دەرگاکردنەوەکەماندا ((بەشیر))ی مێردی وە زەنگ لەبەردەممان وەستا. پرسی:

- بۆ کوێ دەڕۆن؟

((شاهی)) بە پەلە وڵامی دایەوە:

- بۆ ماڵەوە، ((بانی)) دەیەوێت بمگەێنێتەوە. بە توندی تەماشایەکی کردم و گوتی:

- پێویست ناکات، خۆم دەتگەێنمەوە.

دەرگاکەم لە دوایانەوە داخست و تاڵیی هەڵسوکەوتی مێردەکەیم بۆ قووت نەچوو، وامدەزانی سەرزەنشتی کردووم، لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا منی رەت کردەوە... لە خۆمم پرسی ((تۆ بڵێیت لەبەر ئەوە بێت بەشێتم دەزانێت)).

زۆر لە ماڵەوە نەمامەوە، تۆزێك چاوەڕێم کرد تاوەکوو ((شاهی)) و مێردەکەی لە گەڕەك دوورکەوتنەوە، پاشان چوومە دەرەوە:

بەرەو ((سان جان)) ئەو شەقامە قەرەباڵغ و تەنگە رۆیشتم، کەش و هەوا خۆش بوو، هەموو ژنەکان حیجابیان پۆشیبوو، تەنیا من نەبێت.

سەرت سوور دەمێنێت لە شارێکی وەهادا ئەوەی وا پیاوان دەخرۆشێنێت و جارجار گوێت لە توانجی جنسی پیس و بێ ئابڕوانە ببێت کە شەڕ دەفرۆشن بەو ژنانەی خۆیان پێچاوەتەوە هیچ ورووژانێکی جنسییان لێ بەدی ناکرێت، بەو جل و بەرگە دڵتەنگە و گرژ و مۆنییە بەردەوامەیانەوە، هەردەم ئامادەبوون بۆ شەڕ، ژنانێکی توند و تیژ و شەڕانگێز، رەنگە بڵێم هیچیان جوان نەبوون، تاوەکوو ئەوانەی کەشخە و جوان دیار بوون، توند و تیژیی شەڕانگێزییە رووکەشەکەیان وات لێدەکات لێیان دوور بکەویتەوە.

پێویستیمان بە دەزگایەکی پێشکەوتووی دەروونناسی هەیە تاوەکوو ئەم دیاردەیمان بۆ شی بکاتەوە کە رۆژانە لە شەقامەکانماندا دووبارە دەبێتەوە. لەبەردەم کتێبخانەی ((لاسیند))دا کچێکی حیجاب پۆش رایگرتم.

- مامۆستا ((بانی)) یەك چرکە کاتم دەدەیتێ؟

کچێك بە پەچەیەکی رەش و دوو چاوی بریسکەدار و زەردەخەنەیەکی منالآنەوە، وادیار بوو تەمەنی پانزە ساڵە، یان تۆزێك گەورەتره.

- بێگومان ((ئەمەم گوت و نەمدەزانی هۆی چییە، مامۆستا بانگم دەکات)).

- دەمەوێت لەگەڵمدا بێیت بۆ کتێبخانەکە، تاوەکوو کتێبەکەت بکڕم و بۆم واژوو بکەیت... لە راستیدا خوێندوومەتەوە، بەڵام شانازییەکی گەورەیە نوسخەیەکی واژووکراو لای خۆم بپارێزم.

پرسیم:

- کام کتێب؟

- ((دۆزینەوەی شەهوەت))، دوا کتێبت.

زۆر نابەجێ بوو بپرسم چەند کتێبم هەیە، کە ئەو وا دەستنیشانی دوا کتێبی کرد. ئەو کتێبە چۆن بڵاوبووەتەوە، ئەی چۆن لەوانەی دەوروبەرمەوە نەمزانیوە کە من نووسەرم. تەنیا پرسیم:

- چۆن کتێبەکەمت بە دڵە و ئەو باسی ((شەهوەت)) دەکات و تۆش کچێکی حیجاب پۆشی؟

پێکەنی و بە شەرمەوە وڵامی دامەوە:

- لەبەر ئەوەی هەموومان شەهوەت دەدۆزینەوە، بمانەوێت یان نەمانەوێت، حیجاب بپۆشین یان نەیپۆشین، ئەمە هەستێکی غەریزییە و لە نێوان شەو و رۆژێکدا، کە هێشتا باوکمان بە منداڵمان دەزانێت، لەناکاو هەستی پێدەکەین، شوێنەکانی شەهوەت و هۆیەکانی و ئامانجەکانی هەموو دەزانین. زۆر کتێبەکەتم بەدڵ بوو، چونکە روونت کردووەتەوە کە شەهوەت گوناح نییە، بەڵکوو کارێکی خواییە.

- مەبەستت ئەوەیە بابەتێکی وا ناکۆك نییە لەگەڵ حیجاب و بیر و بۆچوونت؟

- بڕوام پێبکە مامۆستا ((بانی)) ئەم لەچکەی لەسەری دەکەم تەنیا هێمایەکە بۆ مرۆڤایەتیم و رەتکردنەوەی ئەوەی من تەنیا بوونەوەرێکی جنسی بم. کچێکی بچووك بوو، پێدەکەنی و زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی بوو، بە بڕوابەخۆبوونێکی وا قسەی دەکرد لە چارەگە چرکەیەکدا، نیوەی ئەو بۆچوونانەی گۆڕی، کە دەربارەی ئەو پۆشاکە هەم بوو.

چووینە کتێبخانەکەوە و وادیار بوو دەیزانی کتێبەکەم لە کوێیە، چونکە یەکسەر بەرەو ئەو دۆڵابە بردمی، کتێبەکەی دایە دەستمەوە و قەڵەمێکی لە جانتاکەی دەرهێنا.

پەڕی یەکەمی کتێبەکەم کردەوە، سادە سپی بوو، پەڕەکەم هەڵدایەوە، پێشکەشکردنێکی ناسك موچوڕکەی بە هەمو جەستەمدا هێنا:

((ئەی ئەو سوارەی بە کەمانچەوە هاتی بۆ لام سوپاس، چونکە بەهایەکی گەورەت بە جەستە و هەستەکانم بەخشی))

((پێشکەش بە تۆ: تۆفیق بوستانچی))

هەستم کرد سەرم دەسووڕێتەوە و ئەرزەکە لەژێر پێم دەجولێت، بەڵام خۆم گرت.

کچەکە هەستی بە تێکچوونەکەم کرد، گرتمی و گوتی:

- چیتە، تەندروستیت باشە؟

- بەڵێ ((پێم گوت)) باشم.

که هاوسەنگیم باش بووەوە، پرسیم:

- پێشکەش بە کێی بکەم؟

جارێکی دیکە پێکەنی و گوتی:

- ببوورە، بیرم چوو خۆمت پێ بناسێنم، من ناوم ((سوهام دالی))یە و خوێندکاری بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبیم.

پێشکەشەکەم بۆ نووسی و واژۆم کرد. پاشان بەرامبەر ڕەفی کتێبەکانم وەستام و لە چوار کتێبەکەم ڕامابووم. لە ناکاو گەنجێك بە ئەدەبەوە پرسی:

- ((بانی)) خانم، ئەم کتێبەم بۆ واژۆ دەکەیت؟

هێشتا ((سوهام دالی)) بە تەنیشتمەوە وەستابوو، گەنجەکە نوسخەیەکی دیکەی کتێبی ((دۆزینەوەی شەهوەت))ی دەرهێنا و قەڵەمەکەی دایە دەستمەوە و خۆی پێ ناساندم:

- ((محەمەد بوقفە))، من ئەندازیارم لە ڕاگەیاندنی ئامێرەکان، بەڵام زۆر حەز بە ئەدەب دەکەم. سەرم سووڕ دەمێنێت لەم شارە، کە نموونەی ڕەوشتی زۆر بەرزی تیایە، وەك ئەوەی دەیەوێت بۆچوونە خەراپەکانم دەربارەی خۆی بگۆڕێت.

پێشکەشەکەم بۆ ((موحەمەد)) نووسی و پرسیم:

- چۆن بابەتی کتێبەکە دەبینێت؟

وڵامی دایەوە:

- خوێندومەتەوە، بەڵام حەزم کرد نوسخەیەکی واژۆ کراوم هەبێت، کتێبێکی باشە، هەرچەندە تۆ بە هەڵە لە پیاو گەیشتوویت. ئایە تۆ وادەزانیت هەموویان دڵڕەق و بێ بەزەیین.

زۆر حەزم دەکرد بپرسم: ئایە بەڕاستی من ئەوەم نووسیوە؟.

بەڵام بەم پرسیارەم زۆر ناماقول دەبووم بەرامبەری، ویستم ڕوونی بکەمەوە، بەڵام بە زەردەخەنەوە قسەکەی پێبڕیم:

- بڕوا بکە ((بانی)) خانم هەموو ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەوساوەوەن و موعاناتیان هەیە، ئێمە توێژێکی تەریك کراوین لەبەر ئەوەی داب و نەریتی توند و

تیژی ناچەسپێنن و بڕوامان پێی نییە، توند و تیژی لە دژی ئارەزووی سەربەستی و سەلماندنی خود و سەربەخۆیی و هەموو ئەو مافە زەوتکراوانەی دیکەش...

- ڕێگام دەدەیت لەسەر کتێبەکە پۆزش بهێنمەوە، پێکەنی و پێشنیازەکەی ڕەت کردەوە:

- بێگومان نا، پێشکەشکردنێکی جوانم دەوێت. دووشەممەی ڕابردوو لە چاوپێکەوتنی خوێندکارانی زانکۆ پۆزشێکی زۆرت هێنایەوە.

ئەم قسەیەی زیاتر کاغەزەکانی بۆ تێکەڵ کردم، بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت، بەڵام ویستم زیاتر دڵنیا بم، پرسیم:

- تۆ خۆت ئامادەبوویت؟

- بەڵێ فرسەتێکی گەورە بوو بۆ ئەوانەی دەیانویست بتبینن، پێش ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ پاریس.

کتێبەکەم بۆی واژۆ کرد. هەندێك لەگەڵ ئەو و سوهام دەربارەی شارەکە گفتوگۆرمان کرد، پاشان لە کتێبخانەکە دەرچووم، نەمدەزانی بۆ کوێ بڕۆم، بۆ ماڵی خۆمان لە شەقامی ((شوفالییە))، یان بۆ ماڵی ((مامە محیەدین)) لە ((ئوتێل زەیت))، یان بۆ ماڵێکی دیکەی نەناسراو.

* * *

لە نیوەڕواندا، ((قوسەنتینە)) دەبێتە چێشتخانەیەك و لە هەموو لایەکەوە بۆن و بەرامی خۆش بەرز دەبێتەوە، شارێکی بەناوبانگە بە چێشتخانە نایابەکەی، بۆیە سەرت سوور نەمێنێت کە ئەم کاتانە دوکانەکانی پیتزا و نانەواخانە و چێشتخانەکان زۆر قەرەباڵغن، چونکە خەڵکی بەرگەی ئەو بۆن و بەرامە خۆشە ناگرن. باشی ئەم شارە لەوەدایە، برسیت بێت یان برسیت نەبێت خواردنت دەداتێ خالێکی بێهاوتای ئەم شارە ئەوەیە کە قەڵە و بیت یان لاواز گلەیی لێت نیین، گرنگ ئەوەیە هەرکاتێك ئارەزووی خواردنت هەبوو خواردن بخۆ، ڕەنگە ئەو پەندەی بە پیرۆزی دەزانن و بەردەوام دەیڵێنەوە ئەوە بێت کە دەڵێت: ((بە حەزی خۆت خواردن بخۆ و بە حەزی خەڵکی جلوبەرگ لەبەر بکە)).

هەموو سەربەستیت لە تێرکردنی یەك ئارەزوو کۆ دەبێتەوە، دوای ئەوە سەربەستیت تەواو دەبێت چونکە ئەوەی ویستت خواردت.
لەگەڵ ئەمانەشدا، واهەست دەکەم ئەمە شارێکە بە کەڵکی هەژاران نایەت.
بەبێهوودە دەڕۆیشتم و قیبلەنامەم پێنەبوو، نەمدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆم.
چی دەبوو ئەگەر ((شاهی))م لەگەڵدا بوایە. بۆچی چارەنووس رێگای دا کە بە تەنیا بم گاڵتەم پێ بکرێت.
پێویست بوو خۆم بگەێنمە ((خالید سەلیم)) بۆ ئەوەی تەنیا یەك پرسیاری لێ بکەم، تاوەکوو لەم گێژاوە دەرچم و بگەڕێمەوە بۆ شوێنی شیاوی خۆم و بێگومان جارێکی دیکە هەرگیز لێی دەرناچم تاوەکوو وێڵ نەبمەوە.

* * *

لەکاتی چاوەڕوانیمدا لە نووسینگەکەی، ئاواتەخواز بووم، پاریس قۆناغێکی راست بێت لە ژیانمدا، چونکە نەمدەویست ئەو ئەزموونە بەتاڵی و شیرینییەوە بدۆڕێنم.
چاوەکانم نووقاند و خۆم دایە دەستی چێژی لێوەکانی ((ئەیس...))ەوە، کە دەروازەیەك بوون بەرەو سەربەستی.
هەردەم پێویستیمان بە جەستەیەك، بە یەکەمین گوناح هەیە، تاوەکوو جەستەمان فڕێ بدەینە دەریای ئەزموونەوە، پاشان فێر دەبین چۆن مەلە بکەین و چۆن لێی دەرچین، زۆر ئاسانە لە دوای ئەوە ئەزموونەکە دووبارە بکەینەوە.
من زیاتر چوومە قووڵایی دەریاکەوە، دەستهێنانە نەرمەکانی ((تۆفیق)) بە جەستەمدا و وەرگرتنی هەموو جەستەم لە باوەشیدا، ئەو باوەش و ئامێزە جوانەی خۆم پێی رازی بووم و ئاواتەخواز بووم دووبارە بێتەوە، چونکە هەڵبژاردن و بڕیاری خۆم بووە، لە پاشان ئەوە پرۆسەی گونجان و تێکەڵاوی بووە، ئەمانەم هەمووی بە یاددا هاتەوە.
- بەیانیت باش.

دەنگێکی پیاوانە خەبەری کردمەوە، بینینم پیاوێکی تەمەنی پەنجا ساڵەی قۆز و شۆخ و شەنگ، سەدریەکی سپی لەبەردایە.

- داوای لێبوودنتان لیٚ دەکەم وا زۆر دواکەوتم.

لە ژوورەکەدا هەر خۆم بووم، بە پرسیارەوە تەماشایەکیم کرد، بەڵام ئەو لەسەر کاغەزێك دەینووسی و گوتی:

- ئەمەش فەرمانی دەروونتە لە خەستەخانە هەر ئەمڕۆ... ئەمەش واژۆکەم و... ئەمەش مۆرەکەم لەسەر بیٚ.

کاغەزەکەی بۆ درێژ کردم، نەمدەزانی، وەریبگرم و بڕۆم، یان ڕەتی بکەمەوە و پرسیار بکەم، ئەمەش ڕەنگە وابکات لەم خەستەخانە نەفرەتییە بمێنمەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەستم درێژ کرد، بەڵام دەستێکی دیکە کاغەزەکەی وەرگرت. بە حاڵ سەرم بەرز کردەوە کەسەکە ببینم، تەماشام کرد: ((تۆفیق بوستانچی)) بوو. خۆم پێوەی گرت و لە ڕۆژێکی خۆش و ئارامدا لە خەستەخانەی نەخۆشییە دەروونییەکانی ((قوسەنتینە)) دەرچووین.

بەیەکەوە سواری سەیارەکە بووین و کە سەیارەکە ڕۆیشت، باوەشم بە قوڵیدا کرد و سەرم خستە سەر شانی و بۆنیم هەڵمژی. هەر ئەو بۆنە بوو کە وای لیٚ مکرد حەزم لێی بێت و خۆم بدەمە دەستییەوە و هەردەم ئاواتەخواز بم بە تەنیشتمەوە بێت.

- زۆر دەترسم، چاوەکانم دابخەم و کە دەیانکەمەوە ڕاستییەکی دیکەی جیاواز لەم ساتە جوانانە ببینم.

- تاوەکوو جەزائیر باش بێت، پێویستت بە ڕاکردنێکی دیکە نابێت.

دەستەکانی گرتم و تۆزێك گوشی.

سەیارەکە بە ئاسمانی ((قوسەنتینە))دا زۆر بەرز فڕی و بە تەنیشتمانەوە پەڕەسێلکە و باڵندەکان تێدەپەڕین. هەورەکان پێکەنینیان دەهات و هەتاوەکەش لە بێگەردیی خۆشەویستییەکەمان شەرم دایگرت، کزەبایەکی سارد لە ڕوومی دا و لووتم لە بۆنی ئەودا نوقم کرد. دەمویست ئەوەی لە ژیانم ماوە بەلای مل و گەردەنییەوە

بیبەمە سەر. ویستم هەموو زەمەنەکان لە ئامێزی ئەودا بژیم، هەموو ئەگەرەکانی عیشق... هەموو ئەگەرەکانی ژیان... هەموو ئەگەرەکانی مردن...

لە پشتمەوە دەنگەکان تێکەڵ بوون:

- تۆ وای بۆ دەچیت ئەم راکردنە نەخۆشیی شیزۆفیرینا بێت؟.

- خەریکە سوور بم کە وایە.

لە پشتی هەورەکانەوە، نەنکم نوێژی دەکرد، ((ئەیس...)) هۆنراوەی دەنووسی، ((شەرەف)) رۆژنامەکەی بەدەستەوە بوو، ((تۆفیق)) مۆسیقای دەژەنی، ((ماری))یش خەریکی مۆسیقاژەنین بوو، ((مەیسەم)) فرمێسکەکانی دەشاردەوە، ((شاهی))، دایکم، باوکم، ئەلیاس... هەموو ئەمانەم تێپەڕاند و بەرەو ئاسۆیەکی نادیار رۆیشتم.

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

- ژنێکی نووسەری جەزائیرییە و لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری ((ئۆراس)) لە ڕۆژهەڵاتی جەزائیر لەدایک بووە.
- لە ساڵی ((١٩٩٥))ەوە و دوای شووکردنی بە لوبنانییەك، لە لوبنان دەژی.

- ئەم کتێبانەی هەیە:
* لحظة اختلاس الحب ((کورتە چیرۆك))، ١٩٩٧.
* مزاج مراهقة (چیرۆك)، ١٩٩٩.
* تاء الخجل (چیرۆك)، ٢٠٠٣.